# هونەری نواندن

ریچارد بۆلسلافسکی

ریچارد بۆلسلافسکی

# هونەری نواندن

## شەش وانەی یەکەم

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: مورسی سەعدەدین
وەرگێڕانی بۆ کوردی: نەجمەدین ئەسعەد ڕەزا

سلێمانی / ٢٠٠٤

زنجيرەی كتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
كتێبی گيرفانی ژمارە ( ٤٥ )

سەرپەرشتياری گشتيی زنجيرە
ئازاد بەرزنجی

# هونەری نواندن

نووسينی: ريچارد بۆلسلافسكی
وەرگێڕانی: نەجمەدين ئەسعەد ڕەزا
بابەت: هونەری شانۆ
بەڕێوەبەری هونەری: شيروان تۆفيق
مۆنتاژی كۆمپيوتەری: سەيران عەبدولرەحمان
هەڵەچن: نيشتمان محەمەد فاضل
تيراژ: ٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن : ١٠٨ ی ٢٠٠٣

مافی لە چاپدانەوەی ئەم كتێبە بۆ
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

www.sardam.net
www.sardam.info

# پێشکەشە:

## بە وانەی کە لە سەرەتاوە دەست بە شانۆ دەکەن

## پێشەکی:

سەبارەت بە نواندن لە سەرانسەری دنیادا لە سەر قوتابخانەی ستانسلافسکی زۆر نووسراوە، سەرجەم نووسینەکانیش جەختیان لەسەر بە زانستی بوونی هونەری نواندن کردۆتەوە لەسەر دەستی ئەم هونەرمەندە بە توانا و بلیمەتە. لە قوتابخانەکەی (ستانسلافسکی) کە ناوی (شانۆی هونەری مۆسکۆ)یە چەندین کەس یان شاگرد دەرچوون و خزمەتی باشیشیان بە شانۆ گەیاندووە. یەکێکیش لەوانە دانەری ئەم کتێبە (ڕیچارد بۆلسلافسکی)یە.

خوێنەری ئازیز..

ئەم کتێبەی لە بەردەستتاندایە بنەماکانی میتۆدی نواندنی ستانسلافسکیمان بۆ ئاسان دەکات و پەردە لە ڕووی ئەم حاڵە تەمومژاوی و گرفت و ئاڵۆزیانە هەڵدەماڵێن کە لە نووسینەکانی ستانسلافسکیدا هەیە سەبارەت بە تێگەیشتن لە بابەتەکانی. ئەم کتێبە کە دابەش کراوە بۆ شەش وانە و هەر بەم ناوەیشە،

وانــــەکانی باشـــترین یاریـــدەدەرن بـــۆ ئەکتـــەری ئارەزوومەند و شارەزا. ئەم بابەتانەی کە ئەم کتێبەش لە خۆی گرتووە بە شێوازی چیرۆکی خاوەن سەرەتا و کۆتایی گێڕدراونەتەوە لە ڕێگەی دایەلۆگ لە نێوان خودی دانەر و کچێکی گەنج کە خولیای نواندنی هەیە.

وە یــەکێك لــەم خاڵانــەی کــە (بۆلسلافســکی) دەیوروژێنێت ئەوەیە کە دەڵێت (نواندن هونەرە بە قەدەر ئەوەی پیشەیین، پیشەیەك کە پێویستی بە چەندین ساڵ هەیە بۆ فێربوون و زانین و تاقیکردنەوە هەستی و نەستییەکان. ئـەم کتێبـە لـە وێنـەی دایەلۆگدایە لە نێوان دانەر و ئەو کچەی دەیەوێت بە تەواوەتی فێری پیشەی نواندن ببێت. دایەلۆگێکە و بە ئاسانی و بە قووڵی نووسراوە یان دەناسرێت و هەوڵ دەدات بە هۆیەوە پەنجە لەسەر ئەو کێشە ڕاستەقینەییانە دابنێت کە ڕووبەڕووی ئەکتەر دەبێتەوە.

دانـەری ئـەم کتێبـە هـەروەکو پێشـتریش کـە (ستانسلافسکی) مامۆستای هەوڵیداوە دەیەوێت فەلسەفەیەکی تایبەت بە نواندن دروست بکات لە جیاتی شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە هونەری نواندن پێکدەهێنن یان تەکنیکێکی تایبەتی بۆ

دابنێت یان دانانی تەکنیکێکی تایبەتی بۆی. ئەم کتێبە لە شێوەی پرسیار و وەڵامدایە. لەوانەش ئایا هەر دەبێ ئەکتەر بە هەستێکدا تێبپەڕێت بۆئەوەی گوزارشت لەو هەستە بکات. ئایا گوزارشت لەو هەستە دەکات بە ڕێگەیەکی باشتر ئەگەر بێت و هەموو جارێك بە دەوری خۆی هەڵسا نوێی بکاتەوە؟ ئایا نواندن وەکو پێویست و بە پێی توانا دوورە لە ژیان یان نزیکە لێی. ئەوە ئەو پرسیارانەیە کە دانەر دەیەوێ وەڵامیان بداتەوە. بەڵام وێڕای ئەوە دانەر وای لەم کتێبە کردووە کە ببێت بە شتێکی دانسقە لە ئاسانییەکەی و تەرکیزەکەی و پرۆسەکەی یان کردەکەی، چونکە ڕەنگ لە سالانی خوێندن و کارکردنی دەداتەوە وەك ئەکتەر و دەرهێنەر. هەروەها باس لە کەرەستەکانی ئەکتەر و چۆنیەتی بەکارهێنانیان دەکات. ئەمەش پێویستیبە سوپاسگوزاری هەموو لایەکمان هەیە. هەروەك چۆن نیگارکێش ڕەنگ بەکاردەهێنێت لە دروستکردنی تابلۆکانیدا. ئەکتەریش جەستە و دەنگ و عەقڵ و ڕۆحی خۆی بەکاردەهێنێت. ئەم نزیکییە لە تاکدا وا دەکات کە بە زەحمەت لێکیان جیابکاتەوە، هەروەکو ئەوەی کە نیگارکێش یان دارتاش دەیکات. تەرکیز و

**تێبینــی، ئەفرانــدن و گوزارشــت کــردن، ئــەزموون و یــادەوەری، جووڵــە و هاوســەنگی ئەمانــە هــەمووی کەرەستەی ئەکتـەرن کـە پێویسـتە بۆ خـۆی بـەکاریان بهێنێت.**

# وانەی یەکەم

## تەرکیزکردن

بەیانی بوو، لە ژوورەکەم بووم، لە دەرگا درا.

مـن: وەرە ژوورەوە (دەرگاکـە بـە شـەرمەوە و بـە هێمنی دەکرێتەوە و کچێکی جوانکیلـەی هـەژدە ساڵە دێتــە ژوورەوە. بــە دووچــاوی کــراوە و بــە تــرس و لەرزەوە سەیرم دەکات).

کـچ: مــن. مــن بیســتوومە تــۆ هونــەری نوانــدن دەڵێیتەوە و فێری کەسانی دی دەکەیت.

مــن: نــەخێر. دەبــووری. هونــەر ناخوێنــدرێت. موڵکایـەتی هونـەریش مانـای وایـە مـوڵکی بـەهرە و مرۆڤیش دەتوانێ ئەو بەهرەیە لە ڕێگەی ماندووبوون و هیلاکییەکی زۆرەوە گەشەی پێبدات، بەڵام مەحاڵە مرۆڤ بەهرە بخوڵقێنێت، ئەوەی کە دەمـەوێ ئـەنجامی بـدەم یارمەتیـدانی ئـەو کەسـانەیە کـە بڕیاریـان داوە لەسەر شانۆ کاربکەن، کە ئامانج لێی پێگەیاندنیان و فێرکردنی کاری جدی و دڵسۆزییە لە شانۆدا.

کچ: بەڵێ. بەڵی تکام وایە یارمەتیم بدەیت. من شانۆم زۆر خۆشدەوێت.

مـن: تـەنها خۆشەویسـتی شـانۆ بـەس نییـە. کـێ هەیە لە ئێمە شانۆی خۆشنەوێت؟ لێرەدا ئەوەی کە

پێویستە لەسەر ئەکتەر بیکات ئەوەیە کە ژیانی خۆی بۆ شانۆ تەرخان بکات و، هەموو بەهرە و عەقڵ و سۆز و قوربانییەکیشی لە پێناو بدات و، دەبێ ئامادەگی ئەوەشی تێدابێت کە خۆی بۆ شانۆ زۆر ماندوو بکات. لەوەش زیاتر و گرنگتر ئەوەیە کە ئامادەگی تێدابێت بە بەخشینی هەموو شتێك بۆ نموونە کەسێتی خۆت بۆ شانۆ بەبێ ئەوەی لە بەرامبەری ئەوەدا چاوەڕوانی هەر شتێکی جوان و سەرنجڕاکێشەر بیت.

کچ: من ئەمەیان دەزانم. لە قوتابخانە زۆر دەورم بینیوە و چاکیش دەزانم کە شانۆ بە زەحمەتە و ئازاری بە دواوەیە و، بەڵام ترسم لێی نییە، لە پێناو نواندن و ئینجا نواندن و ئینجا نواندن ئامادەی هەموو شتێکم.

من: گریمان شانۆ نایەوێت تۆ نواندن و نواندن نواندن بکەیت.

کچ: بۆچی؟

من: ڕەنگە بەهرەی پێویست لە تۆدا نەبینێت.

کچ: بەڵام ئەوکاتەی کە لە قوتابخانە نواندنم کرد.

من: ئەو ڕۆڵەی تۆ بینیت چی بوو؟

کچ: شالیر.

من: ڕۆڵت چی بوو لەو شانۆگەرییەدا؟

کچ: دەوری شالیر خۆی. برادەرەکانم و مامۆستای ئەدەب وماریای پوورم گوتیان ئەم دەورەت بە جوانی نواندوە و تۆ خاوەن بەهرەیەکی چاکی.

من: ببوورە خاتوون، مەبەستی من ئەوە نییە کە ڕەخنە لەو خەڵکە بەڕێزە بگرم کە ئێستا ناوت هێنان، بەڵام تۆ دڵنیای لەوەی کە ئەوانە لە ناسینی بەهرەدا پسپۆڕن؟

کچ: مامۆستاکەمان سەلیقەیەکی باشی هەیە یان خاوەن سەلیقەیەکی باشە و، لە شالیردا بۆ خۆی یارمەتیدام. لە شکسپیردا شارەزایی زۆری هەیە.

من: ئاوا! ئەی پوورە ماریا؟

کچ: من خۆم بە دیداری بالسکۆ شاد بووم.

من: بە ڕاستی ئەمە جوانە. پێم نالێی مامۆستاکەت لە کاتی یارمەتیدانت لە شالیردا چۆن داوای لێکردی، کە بۆ نموونە ئەو چەند ڕستەیە پێشکەش بکەیت ((ڕەشەباکە هەڵکە و کوڵمەکانت تێک و پێک بشکێنە و بوروژێ)).

کچ: دەتەوێ ئێستا پێشکەشی بکەم؟

من: نەخێر. دەمەوێ پێم بڵێی ئەو ڕستانەت چۆن لەبەر کرد و، لە میانەی خوێندنەوەیاندا ویستت بگەیت بەچی؟

کچ: دەورەکە وای دەخواست کە بەم شێوەیە بوەستم و هەردوو پێیەکانم جووت بکەم و، بە جەستەکەم کەمێك بەلای پێشەوە بنوشتێمەوە و، سەرم ئاوا بەرزکەمەوە و دەستم بەرەو ئاسمان درێژ بکەمەوە و دەستەکانم بە توندی بهەژێنم و ئینجا پێویستی بە هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ هەبوو، و لە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕیانەدا بتەقمەوە، ها. ها. ها. (هەروەکو منداڵێك دەیداتە قاقای پێکەنین و، پێکەنینەکەشی هی گەنجێکی هەژدە ساڵییە) ئینجا بە وشە هاتمە گۆ، ئەمەش هەروەکو ئەوەبوو کە بە دەنگێکی بەرز جنێو بە ئاسمان بدەم.

من: سوپاس. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە بەسە بۆ تێگەیشتنی دەرەکیانەی ڕۆڵی شالیر، وا دیارە بەهرەکانیشت پرسیارێکی ترمان لەلا دروست دەکات؟ بە یارمەتیت دەتوانی ئەم چەند دێڕەم بۆ ئەدا بکەی، یەکەم جار لە شێوەی جنێودان بە ئاسمان بێت، دووەم جار بەبێ جنێودان ئەنجامی بدەیت. بە تەنها ڕۆحی ڕستەکە یان بیرۆکەکەی بپارێزە. زۆر بیرناکاتەوە، چونکە ڕاهاتووە لە جنێودان بە ئاسمان.

کچ: کاتێ کە جنێو بە ئاسمان دەدەیت، بەو شێوەیە دێیە گۆ ((ئە..ی..ڕەشە.. با.. کە.. هـ.. ڵ.. کە)) (هەوڵ دەدا جنێو بە ئاسمان بدات، بەلام من

ئاسمان لەو پەنجەرەیەوە دەبینم کە پێی پێ دەکەنێت، منیش هەروەك ئەو پێدەکەنیم). وە بەبێ جنێویش، دەبێ بە ڕێگەیەکی تر یان بە شێوەیەکی تر بیبێژم. لە ڕاستیدا نازانم چۆن ئەی ئەوە پێکەنیناوی نییە؟ بۆ نموونە بەم شێوەیە دەشڵەژێ، ئینجا بە خێرایی وشەکان دەڵێتەوە، زەردەخەنە دەیگرێت ئەی ڕەشابەکە هەڵکە و کوڵمەکانت تێك بشکێنە.. هتد) بە تەواوەتی دەشڵەژێ و دەگاتە ئەوەی جانتاکەی دەستی لەت و پەت بکات. ماوەیەك بێدەنگی).

من: بە ڕاستی ئەمە سەیرە. تۆ گەنجێکی وای تەنها ساتێك چییە دوودڵ نیت لە جنێودان بە ئاسمان، بەڵام ناتوانیت بە ئاسانی ئەو وشانە بڵێیتەوە بۆئەوەی واتا شاراوەکەیمان بۆ شیبکەیتەوە. تۆ دەتەوێ مۆسیقای شۆپان بژەنی بەبێ ئەوەی بزانی پەیژەی مۆسیقا چییە. تۆ وشەکانی شاعیر و سۆزە شاراوەکانی دەنوێنیت، لە هەمان کاتیشدا سیفاتی سەرەتایی کەسێکی خوێنەواریشت نییە کە توانای گواستنەوەی بیرۆکە و سۆز و وشەکانی کەسێکی دی بە ڕێگەیەکی دروست هەبێت بە چ هەقێك باس لەوە دەکەیت کە لە شانۆدا

کارت کردووە. هەرچی پێناسە هەیە بۆ شانۆ وێرانت کردووە. (ماوەیەك بێدەنگی. وە لە دوای ئەمەدا بە چاوی ئەو بێتاوانە تەماشام دەکات کە حوکمی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، جانتا بچووکەکەی کەوتوەتە سەرزەوی).

کچ: کەواتە نابێ هەرگیز نواندن بکەم؟

من: وە ئەگەر گوتت هەرگیز (ماوەیەك بێدەنگی، چاوەکانی ئەو کچە گوزارشتە وێنە کراوەکەی گۆڕانی بە سەردا هات و ئەمجارەیان بە ڕاستی سەیری منی کرد. کاتێ کە بینی گاڵتەی لەگەڵدا ناکەم، فشاری دەخستە سەرددانەکانی بۆ شاردنەوەی ئەوەی کە لە ناخیدا ڕوودەدات. بەڵام هەوڵەکانی بێ سوود بوو، فرمێسکی گەورە لە چاوانی دەهاتنە خوارەوە و لەو ساتەدا هەستم بەوە کرد بەو شێوەیە مەبەستەکانمی نەهێشت و خۆی کۆنترۆڵ کردووە و فشار دەخاتە سەر ددانەکانی و بە دەنگێکی نزم دەڵێت).

کچ: من حەزم لە نواندنە و لە ژیاندا لەو زیاتر شتێکی ترم نییە. (ئەو جۆرە لاوانە لەو تەمەنەدا بەو شێوەیە دێنە گۆ، لەگەڵ ئەوەشدا بەزەییم پێدادێتەوە).

من: باشە. بەس با پێت بڵێم، تۆ ئێستا توانیت خزمەت بە شانۆ بکەیت یان ڕاستتر بڵێین خزمەتی

خۆت بکەیت لە شانۆدا زیاتر لەوەی هەر ڕۆڵێك بنوێنیت بە تایبەتیش لەو ڕۆڵانەی کە ماوەیەك بەر لە ئێستا بینیوتن. ئێستا هەستت بە کڵۆڵی کرد، هەستەکانت زۆر قووڵ بوون، ئەو دوو شتە هەردووکیان زۆر پێویستن بۆ هەموو هونەرێك بە تایبەتیش هونەری شانۆیی، ئەوەیە ئەو نرخەی کە دەبێ بیدەی لە پێناو گەیشتن بە بەختەوەری خولقاندن، بەختەوەرییەك کە لە دایکبووی بەهای هونەری نوێ بێت. با ئەمە هەر ئێستا جێگیر بکەین. با دەست بەکاربین لە پێناو خولقاندنی بەهایەکی هونەری بچووك، بەڵام واقعیانە بێت بە پێی توانای خۆت. ئەمەیان هەنگاوی یەکەمە لە ڕێگەی گۆڕان و بوونت بە ئەکتەر" (فرمێسکەکانی بیردەچێتەوە و زەردەخەنەیەك ڕوخساری دەگرێتەوە). گوێ بگرە و بە دڵسۆزی وەڵامم بدەرەوە، ئایا تۆ لە بوارێکدا پسپۆڕێکت بینیوە کە لە کاتی کارکردن لە کارەکەی خۆیدا بە کێشەیەکی خولقێنەرەوە خەریك بێت کەشتیوانێك سەرکردایەتی یەکێك لەو کەشتییە گەورانە دەکات کە ئۆقیانووسەکان دەبڕێت و بەرپرسیشە لە ڕۆحی هەزاران کەس. یان زانایەکی زیندەوەرزانی بە مایکرۆسکۆب کاردەکات، یان

ئەنـدازیارێکی تەلارسـازی نەخشـەی پردێکـی ئـاڵۆز دەکێشێت، یان ئایا لـە دوای پەردەکانـەوە (کوالیس) یەك لە ئەکتـەرە بەناوبانگـەکانت بینیـوە کە لـە هـەوڵی ئەوەدا بێت ڕۆڵێك لە ڕۆڵە گرنگەکان ڕاڤە بکات؟

کچ: جۆن باریمۆم لە دوای پەردەکانەوە بینیوە کە ڕۆڵی هاملێت دەبینێت.

من: لەوکاتـەی کـە سـەیرت دەکرد چ شـتێك کـاری تێکردی.

کچ: زۆر جوان بوو.

من: ئەوە دەزانم، بەڵام چیتریش.

کچ: بە هیچ شێوەیەك ئاوڕی لە من نەدەدایەوە.

من: ئـەوە شـتێکی زۆر گرنگـە.. کـە ئـەو هـەر تـۆی فـەرامۆش نـەکردووە، بـەڵکو هەرچـی لـە دەوروبـەری هـەبووە فەرامۆشـی کـردووە، ئـەو بـە تـەواوەتی ڕۆڵـی خۆی بینیوە هەروەکو ئەو کەشتیوانەی کەشـتییەکەی لێدەخوڕێت و هەروەکو ئەو پیـاوەی بـواری زانسـتیش کە تەرکیزی خۆی دەخستە سەر یەك شت. بزانە نابێ وشـەی تـەرکیز لـەبیر بچـێت. چـونکە تـەرکیزکردن بـۆ هــەموو هونــەرێك بــە تایبــەتیش هونــەری شــانۆیی، تەرکیز ئەو سیفەتەیە کە وامان لێدەکات هەموو هێزی ڕۆحـــی و زەینمـــان ئاراســـتەی یـــەك مەبەســـت بکەین،هەرچۆنێکیش بمانەوێت لەسەر ئەوە بـەردەوام

بین، جاری وا هەیە ئەو تەرکیزکردنە بۆ ماوەیەکی درێژ دەڕوات لەوەی توانا جەستەییەکانمان بەرگەی دەگرێت.

کچ: بەڵام چۆن؟

من: پێت دەڵێم، بەڵام پەلەی لێ مەکە، گرنگترین شت ئەوەیە کە هونەری شانۆیی پێویستی بە جۆرێکی تایبەتی تەرکیزکردن هەیە، کەشتیوان قیبلەنوما بەکاردەهێنێت و زاناش مایکرۆسکۆب و ئەندازیاریش پەنا دەباتە بەرنەخشەکان، ئەمانە هەر هەمووی شتی دیار و لە بەرچاو و بەڵگە دارن و ئەم حاڵەتە مۆسیقا و پەیکەرتاش و نووسەریش دەگرێتەوە. بەڵام ئەو کارە لەگەڵ ئەکتەردا جیاوازی هەیە. پێم بڵێ بە بیروڕای تۆ مەبەست لە تەرکیزکردن چییە لە نواندندا؟

کچ: ڕۆڵەکەی.

من: بەڵێ. تاوەکو ڕۆڵەکەی لەبەر بکات.. چونکە ئەکتەر دەست بە پرۆسەی خوڵقاندن ناکات تا ڕۆڵەکەی لەبەردەکات و پرۆڤەیەکی بەردەوامیشی لەسەر دەکا. بەڵام پێم بڵێ نواندن چییە؟

کچ: نواندن ئەوەیە کاتێ کە مرۆڤ ئەو نواندنە ئەنجام دەدات. لە ڕاستیدا نازانم.

من: تۆ دەتەوێ هەموو ژیانی خۆت بۆ شتێك تەرخان بکەی کە نازانیت چییە. نواندن خۆی ڕۆحی مرۆڤایەتییە و لە ڕێگەی هونەریشەوە لەدایك دەبێت. مەبەستی تەرکیز لە شانۆی داهێنەردا ئەو ڕۆحی مرۆڤایەتییە. لە قۆناغی یەکەمی لێکۆڵینەوەدا مەبەستی تەرکیزکردن ئەکتەر ڕۆحی خۆی و ڕۆحی ئەو کەسانەیە کە لە دەوروبەریەتی لە پیاو و ژن، وە لە قۆناغی دووەمدا کە ماوەی بنیاتنانە مەبەست تەنها ڕۆحی خۆی دەبێت. ئەوەش ئەو مانایە دەگەیەنێت کە تۆ بۆئەوەی بتوانیت نواندن بکەی دەبێ تەرکیز لەسەر شتێك بکەیت کە نابینرێت، شتێك ناکرێ بیزانیت بە قووڵ بوونەوە نەبێت لەناو خودی خۆتدا، تۆ تەنها بەشێکت زانیوە کە لە ژیانی دەرەکیدا بەدەرناکەوێت مەگەر بە هۆی سۆزە هەڵچووەکان و خەباتی سەختانە بەدەر بکەوێت. بە واتایەکی دی تۆ پێویستت بە تەرکیزکردنی ڕۆحی هەیە لەسەر ئەو سۆزانەی کە بوونیان نییە، بەڵکو هەڵچوونی داهێنراون یان ئامادەکراون.

کچ: ئەگەر بێتو لە خودی مرۆڤدا شتێك بوونی نەبێت، مرۆڤ چۆن دەتوانێ گەشە بەو شتە بدات چۆن دەتوانێت دەست پێ بکات؟

**مـن: لـە سـەرەتاوە دەسـتپێدەکات نـەك لـە پارچـە مۆسیقایەکی شۆپانەوە، بەڵکو لـە پەیـژەی مۆسـیقاوە دەستپێدەکات. پەیژەکانی مۆسیقا پێنج هەستەکانی تـــۆن (ســـەیرکردن، بیـــنین، بیســـتن، بـــۆنکردن، دەستلێدان، تامکردن) ئەوانە کلیلی ئەفراندنی تۆن و، هـەروەکو پەیـژەکانی پارچـە مۆسـیقای شـۆپان وان. فێربــە و بزانــە چــۆن کــۆنترۆڵی هەســتەکانی خــۆت دەکەی و چۆن تەرکیزیان لەسـەر دەکـەی و، لـە هـەمان کاتیشدا وای لێدەکەیت کە لە کاتی پێویستدا ئامادە بیت و چۆن و چەندین کێشـەی جیاوازی بـۆ دروست دەکەیت و چارەسەریشیان بۆ دەدۆزیتەوە.**

**کچ: ئایا تۆ مەبەستت ئەوەیە کە مـن توانـای گـوێ گرتن یان هەستکردنیشم نییە؟**

**من: ئەوە لە ژیاندا دەزانیت. چونکە ژیان کەمێکی فێرکردووی. (وەك ئەوە قسە دەکات تەحەددای هەموو دنیا بکات).**

**کچ: من مەبەستم ئەوەیە کە لەسەر شانۆش هـەروا بێت.**

**من: بە ڕاستیتە، کەواتە با تاقی بکەینـەوە. حاڵی حازر کە تۆ دانیشتوویت تکات لێدەکەم کە بە خـەیاڵ لەو گۆشەیەدا گوێ لە خشەخشی مشکێك ڕابگرە.**

کچ: بینەر لە کوێیە؟

مـن: ئـەوە کـەم تـا زۆر بـەلای تـۆوە گـرنگ نییـە و ئـەوانیش لـە پەلـەی کڕینـی بلیتـدا نـین. لـەبیر خـۆتی بەرەوە. هەروەکو چۆن ئەو مەسەلەیەم بۆ باس کردی ئـاواش چارەسـەری بکـە. لـەو گۆشـەیەدا گـوێ لـە خشەخشی مشك بگرە.

کـچ: باشـە.. (کچـەکە چـەندین جووڵـەی سـەیر و سەمەرە و پێکەنیناوی دەکات و ملی بۆ لای ڕاست و چـەپ درێـژ دەکـات و، ئـەو جوولانـە هیچیـان پەیوەندییان بە گوێگرتن لـە خشەخشی دەنگ بەرزی مشکەکەوە نییە).

مـن: باشـە، ئێسـتا گـوێ لـە پارچـە مۆسـیقایەکی سمفۆنی یـان تیپێکـی ئۆرکێسـترا بگـرە کـە (مارشـی عایدە) لێدەدات. دەزانیت کامەیە؟

کچ: بەڵێ.

من: تکات لێدەکەم (هەمان ئەو جوولانە دەکاتـەوە کە پەیوەنـدی بـە گوێگرتن لـەو مارشـی سـەرکەوتنەوە نییـە بـە دەم و چـاویا دیـارە کـە تێیـدەگات ئـەوەی دەیکـات ڕاسـت نییـە).. لـە دەم وچـاوت ڕا دەخوێنمـەوە کـە تـۆ خەریکە لە مەبەستی من دەگەیت. تۆ هەست بە جیاوازی نێوان (دۆ)ی نزم و (دۆ)ی بەرز ناکەیت.

کــچ: لەبەرئــەوەی تــۆ کێشــەیەکی گــران و پــڕ زەحمەتت داوە بە من.

مــن: لەوانەیــە لای تــۆ جنێــودان بــە ئاسمــان لــە شانۆی شالیردا ئاسانتر بێت؟ نەخێر ئازیزەکەم، بوارم پێبدە با بە ڕاستی پێت بڵێم و تۆ ناتوانی لە ڕۆحی مرۆڤایەتیدا لانی کەمی ژیان چییە بیخولقێنیت، تۆ نــازانی چــۆن تــەرکیزی بایــەخی خــۆت لەســەر ڕۆح دەکــەیت تــۆ نــەك نــاتوانی تــەنها هەســت و ســۆزە ئاڵۆزەکـــان بخـــولقێنی، بـــەڵکو خـــاوەنی پێـــنج هەستەکەش نیت. کە دەبێ ئەوە لە ڕێگەی ڕاهێنانی ڕۆژانە فێری ببیت. لەوێدا بە هەزاران ڕاهێنان هەیە و ئەگەر بیریشـت لێکـردەوە هـەزاران ڕاهێنـانی تـریش دەدۆزیتەوە.

کچ: باشە. فێردەبم. هەرچیت دەوێت دەیکەم.. ئایا دەبم بە ئەکتەر!!

مــن: لــە ڕاســتیدا زۆرم پێخۆشــە ئــەو پرســیارە ئاراستەی من دەکەیت. هەڵبەتە هێشتا ماوتە و هەروا بە ئاسانیش نابیتە ئەکتەر و گوێگرتن و سەیرکردن و هەستی ڕاستەقینەش هەموو شتێك نییە. دەبێ ئەمە بە جۆرەها ڕێگە بکەین گریمان تۆ نواندن دەکەی. پەردە هەڵدەدرێتەوە و، یەکەم کێشەش کە دووچاری

دەبـین گـوێ لـە دەنگـی ئۆتۆمبێلێـك دەگریـت كـە دووردەكەوێتـەوە. دەبێ ئـەم كـارە بـە جۆرێك ئـەنجام بدەی كەوا لە بینەری زۆر و زەبەندەی شانۆ بكات كە هـەر بینـەرە و خـەریكی بیركردنـەوە و تـەركیز لەسـەر كێشـەیەكی تایبـەت دەكـات.. یـەكێك بـیر لـە بۆرسـە دەكاتەوە، ئەوی دی بیر لە كێشـەكانی خانەوادەكەی دەكاتـەوە، سـێیەم لـە سیاسـەت، چـوارەم بـیر لـە نـان خـواردنی ئێـوارە یـان كچـێكی جـوانی سـەر كورسییەكەی تەنیشتی دەكاتەوە..

دەبـێ وا لـە بینـەر بكـەین كـەوا هەسـت بكـات كێشەكانی ئەو وەك كێشەكەی تۆ گرنگ نین، كە تۆ گوێ لـە ئۆتۆمبێـل دەگریـت دووردەكەوێتـەوە. دەبێ هەسـت بەوەش بكەن كە لە ئامادەبوونی ئۆتۆمبێلی خەیاڵی تۆدا مـافی ئـەوەی نییـە بیر لـە بۆرسـە بكاتـەوە. دەبێ هەست بـەوە بكـەن كـە تـۆ لـەوان بـەهێزتری و لـەو ساتەشـدا تـۆ گـرنگترین كەسـیت لـە جیهانـدا و ئـەوان نـاتوانن یـان نـاوێرن نیگـەرانت بكـەن. كـەس نـاوێرێ نیگـاركێش لـە كاتی ئیشكردندا نیگەران بكات. هەڵەیە بۆ ئەكتـەر ئەگـەر بێتـو لـە بینـەری بگەیـەنێت كـە ئـەو دەسـت بـە پرۆسـەی خوڵقاندن دەكات. ئەگەر بێتو ئەكتـەرەكان خاوەن بـەهرە و ئەو تەركیز و زانینە بوونایە كە باسی لێوە دەكـەم، ئـەو شتە هەرگیز ڕووی نەدەدا.

کچ: بەڵام ئێستا بۆئەوە پێویستت بە چییە؟

من: بەهرە و هونەر. فێرکردنی ئەکتەر لە سێ بەش پێکدێت: فێرکردن و ڕاهێنانی جەستەکەی، کۆئەندامی لەش بە گشتی و هەموو ماسوولکەیەك تیایدا، وەك دەرهێنەرێك لە توانامدایە ئەکتەرێك فێربکەم کە خاوەنی جەستەیەکی تەواو گەشەکردوو بێت.

کچ: ئەکتەری تازە پێگەیشتوو بۆ ئەم مەبەستە چەند کاتی پێویستە؟

من: ڕۆژانە سەعات و نیوێك بە مەشقی وەرزشی بەسەر بەرێت، هەر لەم ماوەیەدا مەشقەکانی هەناسەدان و ڕاهێنانی دەنگ بکات و چیرۆك و گوتار بخوێنێتەوە و گۆرانی بچڕێ و نواندنی بێدەنگ و ماکیاژ بکات، هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێك و دوو ساڵ لەسەر یەك ئەم کارە ئەنجام بدات و ڕاهێنانی بەردەوامیشی بەدواوە بێت لەوەی کە فێربووە و وا لە ئەکتەر بکات کە ببێت بە کەسێکی وا مرۆۋ حەز بە تەماشای بکات.

بەشی دووەمیش فێرکردنی هزری و ڕۆشنبیرییە، بە شێوەیەك کە بتوانێ گفتوگۆ لە بارەی شکسپیر و مۆلێر و گۆتەوە بکات و، شوێنیان لە جیهانی شانۆدا بزانین، ئەکتەرێکم دەوێت ئەدەبەکانی جیهان بناسێ و

جیـاوازی لــه نێــوان بزاڤــی ڕۆمانســی ئــەڵمانی و فەرەنســی بزانێــت، ئەکتــەرێکم گەرەکــە مێــژووی هونـەرەکان و پەیکەرسـازی و مۆسـیقا بزانێـت ئـەوەی دەیتوانێـت شـێوازی هـەر سـەردەمێك لـەو سـەردەمانە بخوڵقێنێت. ئەکتەرێکم دەوێ شتێك لە بارەی زانستی سـایکۆلۆژیای جوڵــە و شــیکردنەوەی دەروونــی و دەربڕینی سۆز و شوێنی هەست بزانێت، ئەکتـەرێکم دەوێت کە شتێك لـە ئـەناتۆم کردنی لەشی مرۆڤ و لـە شـاکارەکانی پەیکەرسـازی بزانێـت، ئـەو هـەموو زانیاریانــە بنــەمان، چــونکە ئەکتــەر پەیوەنــدی هەمیشـەیی بـەو شـتانەوە هەیـە، پێویسـتە لەسـەری لەگەڵیدا لەسەر شانۆ کاربکات، ئەو ڕاهێنانە هزرییە لـە توانایدایـە ئەکتـەرێك دروسـت بکـات، کـە بتوانـێ چەندین ڕۆڵ ببینێت، جۆری سێیەمی فێرکردنیش کە ئــەمڕۆ ســەرەتاکانیم بــۆ شــیکردیتەوە فێرکــردن و ڕاهێنـانی ڕۆحـە، کـە ئـەویش گـرنگترین فاکتـەرە لـە شــانۆدا، چــونکە ئەکتــەر ناتوانــێ بــەبێ ڕۆحێکــی گەشەکردوو بگـات بـە پلەیـەك کـە وای لێبکـات هـەموو جووڵـە و گوزارشـتێك بکـات. بـە واتایـەکی دی دەبێ ڕۆحــی ئەکتــەر توانــای بوژانــەوەی هــەبێت لەهــەر هەڵوێستێك لەو هەڵوێستانەی نووسەر داوای دەکات. ئەکتــەری گــەورە بــەبێ ئــەو ڕۆحیەتــە بــوونی نییــە

ئـــەویش گەشـــەش ناکـــات ئەگـــەر بێتـــو ڕێگایـــەکی سـەخت و پـڕ هەڵـدێر و دوور و درێـژی نـەبڕیبێت و تیایـدا هـەموو هـەوڵ و کۆششـی خـۆی بـۆ سـەرف کردبێت، ئا لەو کاتـەدا پێویسـتی بە کۆنترۆڵ کردنـی هـــەر پێـــنج هەســـتەکە هەیـــە لـــە هەڵوێســـتە فـــرە جیاوازەکـــانی و، پێویســـتی بـــە گەشـــەکردنی یادەوەرییـەکی بـەهێز هەیـە بـۆ هەسـتەکان و چـوونە ناوی ئەندێشە کردن و یادەوەرییەکی وێنەدار.

کچ: بـەڵام مـن هـەرگیز گـوێ بیسـتی ئـەو شـتانە نەبووم.

مـــن: بـــەڵام ئـــەو شـــتانە زۆر ئاســـانن. ئـــەوە گەشـــەپێدانی بـاوەڕە لـە ئەندێشـەدا و گەشـەپێدانی ئەندێشـــە خۆیـــەتی و، گەشـــەپێدانی ســـادەیی و تێبینییە و، گەشەپێدانی هێزی ئیرادە و گەشەپێدانی توانـای بەخشـینی کۆمەڵـەیەکی جیـاوازی سـۆزەکان، گەشـــەپێدانی هەریـــەك لـــە ڕۆحـــی گاڵتەوگـــەپ و هەسـتکردن بـە مەرگەسـات، ئەمانـەش هـەموو شـتێك نین.

کچ: ئایا ئەمە دەبێت؟

مـن: یـەك شـت هەیـە گەشـەی پێنـادەین. ئـەویش بەهرەیـە. (کچـەکە هەناسـەیەکی قـووڵ هەڵدەکێشـێ و

ئینجا نغرۆی بیرکردنەوەیەکی قووڵ دەبێت. منیش بێدەنگ دانیشتووم).

کچ: تۆ وا لە شانۆ دەکەیت کە شتێکی زۆر گەورەو گرنگ بێت.

من: بەڵی لای من شانۆ شتێکی زۆر گەورەیە نهێنییەکی گەورەشە و تیایدا دوو دیاردە یەکتری دەگرن کە ئەویش خەونی کامڵ بوون و خەونی نەمرییە. لە جۆری ئەو شانۆیە مافی خۆیەتی مرۆڤ هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات.

(لێرەدا من دەوەستم و ئەویش بە دووچاوی غەمگینەوە سەیرم دەکات.. منیش لەوە دەگەم کە ئەم دووچاوە گوزارشت لە چی دەکەن).

# وانەی دووەم

## سۆزە یادەوەری

بێگومان ئێوە ئەو کچە جوان و قەشەنگەتان لە بیرە کە ساڵێك لەمەوبەر هاتە لام و شانۆیشی بەلاوە زۆر خۆشەویست بوو، گەڕایەوە بۆ نێو ئەو ماندووبوونە و، لەسەرەخۆ و بە هێمنی و ڕێك و پێکی و بە دەم و چاوی بەخەندە و بە ڕوویەکی گەشەوە هاتە ژوورەوە.

کچ: سڵاو (لە کاتی تەوقە کردنا دەستەکانی زۆر بەهێزبوون و بە چاوەکانی ڕاستەوخۆ سەیری منی دەکرد. هاوسەنگی و کۆنترۆڵ بوون بە جەستەیەوە دیاربوو. ئای لەو جیاوازییە(.

من: چۆنی، چاکی، بە ڕاستی خۆشحاڵ بووم بە بینینت. هەرچەندە نەگەڕاشەوە بۆ لای خۆم، بەڵام سۆراغی چالاکییەکانی تۆم کردووە. لە فیکری ئەوەدا نەبووم کە دەگەڕێتەوە پێم وابوو لە ڕابردوودا بە زۆر ئەو کارەم پێکردی.

کچ: نا. نا. هەرگیز وا نییە، بەڵام ئەرکێکی زۆرت پێ ڕاسپاردم، کارێکی زۆرت دامێ. بە ڕاستی لەوانەو کردەوەی تەرکیز کردنا زۆر ماندوو و هیلاك بووم. هەر هەموویان پێکەنینیان بە من دەهات. جارێکیان

خەریك بوو بکەومە ژێر شەمەندەفەرەوە، چونکە بیرم لەوە دەکردەوە کە بە سەرکەوتوویی تەرکیز لەسەر "بەختەوەربوونی خۆم بکەمەوە". دەزانی چیم دەکرد؟ چەند ئەرکێکم لە جۆری ڕاهێنان بە خۆم دەسپارد، لەو کاتەدا کە تۆ ئەم کارەت بە من سپاردبوو من لە کارەکەم دەرکرابووم، ویستم وای نیشان بدەم کە بابەتەکە بە یەکجاری تایبەت نییە بە من. لەوەیاندا سەرکەوتنم بەدەست هێنا. ئاه، هەستم بە هێزێکی سەیر کرد. لە ڕێگادا بووم بۆماڵەوە کە هەستم بەوە کرد کە من ڕاسپێردراوم دەورێکی باش بنوێنم. من زۆر بەهێز بووم بەڵام تێبینی شەمەندەفەرم نەکرد، بەڵام باش بوو لە کاتی گونجاودا بازم دا بۆ دواوە. لەوکاتەدا زۆر ترسام و دڵم بە خێرایی لێیٚ دەدا، بەڵام هەر لەسەر یادی بەختەوەربوونی خۆم بەردەوام بوومو بە زەردەخەنەیەکەوە بە شۆفێری شەمەندەفەرەکەم گوت مەوەستە و لە ڕێ ڕۆیشتنی خۆتدا بەردەوامبە. قسەیەکی ئاراستەی من کرد، ئەگەرچی تێی نەگەیشتم و نەمزانی ئەڵێ چی. چونکە لەودیو جامی شەمەندەفەرەکەوە قسەی دەکرد.

من: هەر باش بوو گوێت لە وشەکانی نەبوو. ڕەنگە لە خۆشبەختیت بووبێت کە گوێت لێنەبووە.

کچ: ئاه. تێگەیشتم و پێت وایە ئەو لەسەر هەق بووە کە قسەی خراپم ئاراستە بکات.

من: لەو مەسەلەیەدا ئەو (عذر)ی خۆی هەیە. تۆ تەرکیزی ئەوت بە تەواوەتی تێك شکاندووە، هەروەك ئەوەی کە ئەویش تەرکیزی تۆی تێك شکاندووە، کەواتە هەردووکتان تەرکیزی یەکترتان تێکشکاندووە، ئەوی ڕاستی بێت هەڵوێستە درامایییە کە ئا لێرەوە دەستپێدەکات. ئەنجامەکەشی ئەو جووڵەیە بوو کە لەو وشانە ڕەنگی دایەوە کە لە دوای جامەکە گوتراو تۆش پێتگوت بەردەوام بێت.

کچ: تۆ وا دەکەیت پێکەنینمان بە هەموو شتێك بێت.

من: بە یەکجاری. نا. ئەوەی کە تۆ کردووتە بە ڕاستی درامایە بە ڕێگەیەکی چڕ (مرکز) درامایە.

کچ: دەتەوێ بڵێی، ئەو کارە یارمەتی داوم بۆ بەهێزکردنی توانا و نواندنم و هەست کردنم بە دراما.

من: بەڵێ: ئەوە مەبەستی منە.

کچ: چۆن؟

من: سەبارەت بە شوکردنەوە ئەمەیان پێویستی بە هەندێ کات هەیە. تۆ جارێ دانیشە و پێم بڵێ کە ئەمڕۆ بۆچی ئامادەبووی؟ ئایا (شایی)ێکی دییە؟

کچ: تکات لێدەکەم. (دەم و چاوی سوور هەڵگەڕاو پاودەری لێدەدات.، شەپقەکەی لەسەری دەکاتەوە و وا دیارە قژی پەخشان هاتۆتە خوارەوە. دادەنیشێ و پاودەری زیاتر دەخاتە سەر دەم و چاوی).

من:" بە سۆزێکەوە و بە قەد ئەوەی کە جگەرەکەم بوارم پێدەدات پێویست بە شەرم کردن ناکات. بە تایبەتیش لە نواندنی دەوری شالیردا. تۆ ئەوکاتە دڵسۆز بوویت، ئەوە ساڵێکی تەواو لەمەوبەر بوو. تۆ دەتویست زیاد لە خۆت وەك پێویست شت بکەی و هەوڵیشت دا بە ڕێگەیەکی ڕاست و دروست بە تەواوی ئەو کارەت ئەنجام دا.

خۆت دەستت بە کردەوەکە کرد و چاوەڕوانی کەسێکت نەکرد بۆئەوەی هانت بدات بۆ ئەم دەورە. بێگومان تۆ چیرۆکی ئەم خوێندکارە قژ زەردە دەزانیت کە ڕێگەیەکی دوور و درێژی بۆ قوتابخانە دەبڕی. هەموو ڕۆژێك ئەم چەند ڕستەیەی لەگەڵ خۆی دووبارە دەکردەوە و دەیگوت تۆ دەزانی چی بەسەرهات؟

کچ: نەخێر.

من: خۆی بە تەنیا لەنیویۆرکەوە فڕی بۆ پاریس، ناویشی "ليندبرگ" بوو، ئێستا کۆڵۆنیلە.

کچ: بەڵێ (ماوەیەك بێدەنگی) ئایا دەتوانم بە جدی قسەت بۆ بکەم؟ (هەر ئێستا دەست بە خەون بینین دەکات). فێربووم کە ئەو چۆن سوود لەم هەموو شتە وەردەگرێت کە بۆی دێت. جا چ ناوەکی یان دەرەکی بێت ئەو هیچ دەرفەتێك ناهێڵێتەوە کە ڕەنگدانەوەی هەستێك بێت. ئەو هەروەك ئەو کەمانچەیەیە کە ژێیەکانی وەڵامی هەموو لەرینەوەکانی بداتەوە و، ئەویش لەلای خۆیەوە ئەو هەموو لەرینەوانەی لە یادە. من دڵنیام لەوەی کە هەرچییەك ژیان پێشکەش بە ئێمەی مرۆڤ دەکات ئەو وەریدەگرێت هەروەکو ئەوەی کە کەسێکی بەهێزی ئاسایی وەریدەگرێت. ئەوانەی دەیەوێت لەلای بمێنێتەوە ئەو هەڵیان دەبژێرێت و ئەوەی خراپیشە فڕێیان دەدا. ئەو دەبێ بە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو).

من: بێگومان و بەڵام بەبێ لە خۆبایی بوون.

کچ: من باسی خۆم و هونەرەکەمت بۆ دەکەم. (بە زەردەخەنەیەکەوە پێدەکەنێت).

من: دژ بەو شێوە دەربڕینەم کە تۆ دەڵێی هونەرەکەم. ئەگەر بەم شێوەیە قسە بکەیت تۆ جدی نابیت. چونکە بۆ خۆت پێدەکەنی. تەنها چەند خولەکێك لەمەوبەر دەتگوت تاکە گریمانی ژیان

"بوونی بەختەوەری"یە، خەڵك جدی نابن ئەگەر بە تەنها باس لە شتە بێ مەبەستەکان بکەن، مەگەر ئەوە نەبێت کە خۆشی و بەختەوەری بخەنە دڵی خەڵکانی ترەوە.

کچ: من ناتوانم لە جیاتی ئەوانی تر وەڵام بدەمەوە. بەڵام من بۆ خۆم جدیم و هونەریش بۆ هەموو شتێکە. بۆیە بەو جۆرە قسەت لەگەڵ دەکەم، چونکە دەمەوێ سەرکەوتوو بم. لەم ماوەیەدا دەورێکیان پێدام و چوار ڕۆژیشە پرۆژەی لەسەر دەکەم دڵنیا نیم لەوەی کە بەردەوام دەبم لەسەری یان لێم دەسەننەوە. لەوانەیە سێ ڕۆژی پێنەچێت و دەورەکەم لێبسەننەوە. ئەوان شتی جوانم پێدەڵێن، بەڵام دەزانم هێشتا نەگەیشتوومەتە مەبەست و کەسیش دیار نییە کە بزانێت چۆن یارمەتیم دەدات. ئەوان دەڵێن "بە دەنگێکی بەرز قسە بکە" یان "هەست بە شتێك بکە" یان "لە شوێنی تەواوی خۆت بە" پێبکەنە دەگریم و شتی تریش و بەڵام دەزانم ئەمانە هەموو شتێك نین. بێگومان ئەم شتانە کەموکوڕی تیایە. ئەم شتە چییەو، لە کوێیە؟ لە کوێ دەیدۆزمەوە؟

هەرچی گوتت ئەنجامم دا. پێم وایە کۆنترۆڵی خۆمم کردووە –مەبەستم ئەوەیە کە بە تەواوەتی

بەسەر لەشی خۆمدا زاڵبووم. ساڵێکی تەواو پرۆڤەم کرد و ئەو هەڵوێستە جەستەییانەش کە بە نیسبەت منەوە دەورەکە پێویستی پێبوو زۆر زەحمەت نەبوو. لە کاتی وەستاندنیدا هەست بە ئاسودەیی دەکەم بە ژیرانە و بە سانایی هەر پێنج هەستەکەم بەکاردەهێنم. لە کاتی نواندندا هەست بە بەختەوەری دەکەم و ئەگەر چیش لە دواییدا نازانم نواندن چۆن دەکەم. جا چی بکەم؟ ئەگەر دەریانکردم، من ئەمە بە کۆتایی خۆم دەزانم. لەوەش خراپتر لە کارەکە ئەوەیە کە من زۆر چاك دەزانم ئەوان لە داهاتوودا دەڵێن چی. ئەوان دەڵێن "تۆ باشی، بەڵام کەم ئەزموونی، بە ڕای من ئەمەش هەموو شتێکە لەو ئەزموونەدا. شتێکی تر لەم دەورەدا نییە کە پێم بڵێن، من هەموو شتێك لەو دەورەدا دەزانم و من بە دەورەکە دەچم و هەموو وردەکارییەك هەست پێدەکەم و بە کەمترین گۆڕانیش. من ئەوە دەزانم کە دەتوانم بەو دەورە هەڵبستم. ئینجا دەڵێن "ئەزموون" ئەگەر بتوانم حەز دەکەم هەندێك لەو وشانە بەکاربهێنم کە ئەو شۆفێرە خەریك بوو بمکوژێ بەکاری ئەهێنا. خۆ من گوێم لەو وشانە نەبوو، بەڵام ئەگەر بێتو بە ڕوخسارەکانی دەم و چاوی ئەوکاتەی لێك بدەینەوە و حوکمی لەسەر

بدەین. دەزانین کە ڕاستە و، بەڵکو لە توانامدایە مەزەندەی ئەوەش کە بزانم ئەو وشانە چین. ئێستا چەند حەزدەکەم بەکاری بهێنم.

من: تۆ، نا؟ فەرموو بەکاری بهێنە و وابزانە من لێرە نیم (وشەکان بەکاردەهێنێت) ئا ئێستا هەست بە بەختەوەری دەکەیت؟

کچ: بەڵێ (زەردەخەنە دەیگرێ و ئینجا پێدەکەنێت).

من: باشە. ئێستا ئامادەین. با قسە و باسی دەورەکەت بۆ بکەم. تۆ خۆت بنەماکانی بۆ دادەنێیت و لەوەش زیاتر تیایدا سەرکەوتوو دەبیت. ئەو کارەی کە تۆ باسی لێوە دەکەیت، ئەگەر بێتو پێی هەڵسایت و دەورەکەش لە سنووری توانای خۆت بوو ئەوا فەشەل ناهێنێ. هەرگیز نیگەران مەبە و کارکردنو ئارامگرتنیش سەرکەوتوو دەبن.

کچ: ئاە.. مامۆستای بەڕێزم (دەستپێدەکات).

من: من دەزانم چی دەڵێم ئەوەیە کە تۆ ساڵێك خەریکی بە نواندن و وەك کەرەستەیەکی مرۆڤایەتیش گەشە بە خۆت دەدەیت و ماددەی پێویست کۆدەکەیتەوە. چاودێری ژیانت کرد و ئەزبەرت کرد. ئەو هەموو شتانەی کە لە کۆگاکانی عەقڵدا هەیە بینیت و خوێندتەوە و گوێ بیستی بووی و هەستت

پێکــرد. بــە ڕێگەیــەکی ئاگــایی و نائاگــایی پێــی هەڵســایت یــان ئــەنجامت دا. تــەرکیز کــردن بــوو بــە دووەمین سروشتی تۆ.

کـچ: نـەخێر، پـێم وایـە مـن شـتێکی بـێ ئاگایانـەم کردووە، من زۆر عەمەلیم.

مـن: دەزانم. دەبێـت ئەکتـەر وابێـت و ئـەگینا چۆن دەتوانــێ خــەون ببینێــت؟ تــەنیا کــەس کــە بتوانێــت خەون ببینێت ئەو کەسـەیە کە دەتوانێت بە هێـزەوە لەسەر زەوی بوەستێت.

لەبەرئەوەیە کە پیاوی ئایرلەندی باشترین پۆلیسن لـە جیهانـدا لـە کـاتی ئێشـکگرتن و کارەکـانی خۆیـدا نانوێــت. بــە تــەواوی وریایــە و خــەونیش دەبینێــت. لەبەرئەوەیە کە دز ناتوانێ لەبەر دەستی ڕابکات.

کـچ: تکـات لێدەکـەم، مـن دەورێکـم لـە پێشــە و دەمــەوێ بینــوێنم، کەچــی تــۆش باســی پۆلیســی ئایرلەندیم بۆ دەکەیت.

من: نەخێر من باسی پرۆسەی خـەونت بـۆ دەکـەم. مـن بـاس لـە سسـتم و لـە جـۆر دەکـەم. مـن بـاس لـە زاڵبوون دەکەم بەسەر خەوندا –خەونی هەست ئامێزو خــەونی نەســت ئــامێز– هــەر هــەمووی بــە ســوودە و پێویســـت و خۆبەخشـــییەو تـــەنها بـــە داواکردنـــی

هەمووی بۆت دێت. واتە هەر بەشێك لە بەشە سروشتیەکانی خۆت کە ناوت ناوە (ئەزموون).

کچ: ئەوە جوانە، بەڵام کوا دەوری من؟

من: دەبێت تۆ نێوان دەروونی ناوەوەی خۆت و ڕۆڵەکەت ڕێك بخەیت ئەوکاتە هەموو شتێك جوان و ڕێك دەبێت.

کچ: کەواتە لێمگەڕی با دەست پێبکەین.

من: یەکەم من سوورم —وە دەبێت باوەڕیشم پێبکەیت— لەسەر ئەوەی کە تۆ بە ڕاستی و بە ڕێگەی نائاگایانە کارێکی زۆرت کردووە. ئێستا با دەست پێبکەین. گرنگترین دیمەن لە دەوری تۆدا چییە؟

کچ: ئەو دیمەنەی کە بە دایکم گوتماڵەکەی خۆمان جێدەهێڵم، ماڵە هەژارەکەی لەبەر هۆیەکی سەیر و سەمەرە بەجێدەهێڵم. ئافرەتێکی دەوڵەمەند گرنگییەکی زۆرم پێدەدات و دەمبات بۆ ماڵەکەی خۆیان بۆئەوەی هەرچی جوانە لە ژیان و دنیادا پێم ببەخشێ —فێربوون و سەفەرکردن، هاوڕێ و جلوبەرگ، زێڕ و خشڵ پلەو پایە— هەموو شتێك، ئەمە شتێکی زۆر جوانە و خۆم ڕاناگرم بەرامبەر بە فریودان. دەبێ بڕۆم و بەڵام دایکیشم خۆش دەوێ و لە پێناویدا هەست بە ناخۆشی دەکەم. من خەبات دەکەم لە نێوان بروسکەی بەختەوەری و

خۆشەویستیم بۆ دایکم. لە ڕاستیدا هێشتا بڕیاری خۆمم نەداوە، بەڵام ئارەزووم بۆ بەختەوەری زۆر زۆر بەهێزە.

من: باشە، ئێستا چۆن ئەم کردارە ئەنجام دەدەیت و دەرهێنەر دەڵێت چی؟

کچ: دەڵێ یان خۆشحاڵی بە ڕۆشتن یان دایکم تا ئەو ڕادەیە خۆش دەوێت کە لە ڕۆیشتنمدا هەست بە هیچ خۆشییەك ناکەم. وە من ناتوانم ئەو دوو شتە تێکەڵ بە یەك بکەم.

من: دەبێ لە هەمان کاتدا بەختەوەر بێ و پەشیمانیش بیت. گەشاوە و بە سۆزیش بیت.

کچ: بە تەواوەتی. بەڵام لە یەك کاتدا ناتوانم پەی بەو دوو هەستە ببەم.

من: کەس ناتوانێ ئەوە بکات، بەڵام لە تواناتدایە ئەوە بکەیت.

کچ: ببم بەوە بەبێ ئەوەی هەستیش بەو بکەم؟ ئەمە چۆن دەبێت؟

من: بە یارمەتی یادەوەری بێ ئاگایی سۆزەیادەوەری.

کـچ: یـادەوەری بـێ ئاگاییانـە بـۆ هەسـتەکان. مەبەسـت ئەوەیـە کـە هـەر دەبـێ هەسـتەکانم بـە ڕێگەیەکی نائاگاییانە بە بیر بهێنمەوە.

مـن: نـەخێر. هـەرگیز یادەوەرییـەکی تایبـەت بـە هەست کردنەکانمان هەیە و بە ڕێگەیـەکی نائاگاییانـە خۆی بۆ خۆی کاردەکات. ئەو لێرەیـە. لـەنێو خـودی هـەموو هونەرمەندێکـدا هەیـە. ئـەوە وا لـە ئـەزموون دەکـات کـە ببێـت بـە بەشـێکی زینـدووی ژیـان و کارەکانمان. ئەو هەموو شتـەی کە دەیکـەین بۆئەوەیـە کە بزانین چۆن بەکاری دەهێنین.

کـچ: بـەڵام ئـەوە لـە کوێیـە؟ چـۆن دەیدۆزینـەوە، کەسێك هەیە شتێکی لە بارەوە بزانێت.

من: بەڵێ. خەڵکێکی زۆر هەیە کە هـەموو شـتێکی لـە بـارەوە بـزانن. دەروونناسـی فەرەنسـایی (تیـۆدۆل ربیوت) یەکەم کەسـە کـە بیسـت ساڵ لەمەوبەر باسـی ئـەم بابەتـەی کردبێـت. ئـەو پێـی دەڵێـت "یـادەوەری کاریگەر یان یادەوەری کارتێکەرەکان".

کچ: ئەو یادەوەرییە چۆن کاردەکات؟

مـــن: بـــە هـــۆی گشـــت دیاردەکـــانی ژیـــان و فرەهەستیمان بەرامبەریان.

کچ: نموونەیەکم بۆ بهێنەرەوە.

**من: بۆ نموونە، لە شارێکدا ژن و پیاوێك پێکەوە دەژین و تەمەنی هاوسەرێتییان بیست و پێنج ساڵ دەبێت. تەمەنیان بچووك بوو کە بوون بە هاوسەری یەکتری. لە ئێوارەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی ئێوارەکانی هاویندا لە نزیك مەزرایەکی خەیاردا پیاسەیان پێکەوە دەکرد، لەم پیاسەکردنەدا پیاوەکە داوای لە ژنەکە کرد کە شوی پێ بکات. ئەوانیش هەروەکو گەنجەکانی تر لەم بار و زروفەدا تووڕە دەبوون و تاو نا تاوێ دەوەستان و خەیارێکیان هەڵدەگرتەوە و دەیانخوارد و تام و چێژیان لە خواردنی و بۆنی و گەرمایی خۆر لە سەری وەردەگرت. لە نێوان لێدانی دوو قەپاڵ خەیاردا باشترین و خۆشترین بڕیاریان دا بۆئەوەی ببن بە هاوسەری یەکتری، ئەم هاوسەرێتییە دوای مانگێك بە ئەنجام گەیشت. لە ئاهەنگی بووك گواستنەوەیاندا سینییەك خەیاری تازە پێشکەش کرا کاتێ کە خەیاریان بینی دایانە قاقای پێکەنین و هیچ یەکێك لە ئامادەبووان هۆی پێکەنینەکەیانی نەزانی. سالآن هات و چوو ناکۆکی و منداڵ بوون دەستی پێکرد، هەندێك جار دەبوو بە دەماقاڵێ و شەڕیان و تووڕەش دەبوون، بگرە لە هەندێك جاردا قسەشیان لەگەڵ**

یەکتردا نەدەکرد. بەڵام کچە بچووکەکەیان تێبینی ئەوەی کردبوو کە باشترین ڕێگە بۆ ئاشتبوونەوەیان پێشکەشکردنی یەك سینییە خەیارە لەسەر خوانی نانخواردن. هەروەك ئەوەی کە سیحریان لێکرابێت ئەم دوو هاوسەرە شەڕەکەیان لە بیر دەچۆوە و یەکسەر دەگۆڕان بۆ خۆشەویستی و نەرم و نیانی و لەیەکتر گەیشتن. کچەکە پێی وابوو ئەو گۆڕانە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی هەردووکیان بۆ خەیار، بەڵام ڕۆژێکیان دایکەکە خوازبێنی خۆی بۆ گێڕایەوە لەوکاتەیدا کە بیری لێکردەوە گەیشتە ئەنجامێکی تر. ئایا دەتوانی ئەو ئەنجامە بزانیت؟

کچ: (بە خۆشییەوە) بەڵێ. بارودۆخی دەرەکیانە، بووەتە هۆی گەڕاندنەوەی هەستە ناوەکییەکان.

من: ناڵێم هەستەکان، بەڵام پێم وایە ئەو خەیارەیە کە وای کردووە ئەو دوو کەسە بە ڕێگەیەکی نەستی بگەن بە یەکتری.

کچ: نەخێر، نەستی نییە، چونکە هەردووکیان دەزانن کە لای ئەوان خەیارەکە مانای چی دەگەیەنێت.

من: لە دوای بیست و پێنج ساڵ، من بە گومانم لەوە. لە سەرەتادا هەردووکیان زۆر سادە بوون و ئەو توانایەیان نەبووە بنەمای ئەو هەستانە شی بکەنەوە،

هــەردووکیان خۆیــان بــە ڕێگەیــەکی سروشــتیانە هێشتۆتەوە هەرچەند جارێ دووچاری ئەو هەستانە بووینــەوە. تــەواو هــەروەك مەســەلەی ژمــاردن وایــە. "یــەك. دوو. ســێ. چــوار" هــەر دەبــێ لــە ژمــاردن بەردەوام بێت تا "پێنج. شەش.. هتد" گرنگ دەست پێکردنە.

کچ: ئایا وا دەبینی کە من

من: بێگومان.

کچ: ویستم پرسیاری ئەوەت لێبکەم کە ئایا بە ڕای تۆ یادەوەری لەو شێوەیە لە ناخی منیشدا هەیە؟

من: بەڵی زۆر چاوەڕێم بێدار بێتەوە. چاوەڕوانی بانگەواز دەکات. لەوەش زیاتر لەوکاتەی کە بێداری دەکەیتــەوە دەتــوانی بەســەریدا زاڵ بــی و سوودیشــی لێوەربگرێ و پراکتیزە بکرێ لە کارەکەتدا. مـن ئـەو وشــەیە بــە چــاکتر دەبیــنم لــە وشــەی "هونــەر" کــە ئارەزووت لێیەتی. دەتوانی نهێنی ئەو ئەزموونە فێر ببیت.

کچ: ئەزموونی شانۆ نا.

مــن: ئــەزموونی شــانۆین، بــەڵام ناڕاســتەوخۆ. ئەوکاتەی شتێکت هەیە دەتەوێ بیڵێی، ئەزموونەکە بە ڕێگەیەکی خێرا دێت، سەد جار خێراتر لەوەی کە

تـۆ دەتـەویٚ بیلّیٚیـت. ئـەوە بـە ڕیٚگەیـەك دیٚـت زیـاتر لەوەش ئەگەر بیٚتو هەولّتدا هەمان ئەزموونت دووبارە کردەوە و "بە دەنگیٚکی بەرز قسە بکەیت" یان هەست بـە شـتیٚك دەکـەیت یـان دەزانـی لـە کویٚـوە دەسـت پیٚدەکەیت و، پاریٚزگاری لە تەمبۆیەکەت بکەیت. ئەوە کیٚشە و گرفتی مندالآنە نەك خاوەن پیشەکان.

کچ: بـەلاّم ئـەوە چـۆن دەسـت پیٚـدەکات؟ چـۆن بـە سەریدا زالّ دەبیت؟

من: ئـەوە زۆر باشـە، بـە تـەواوەتی لـە حالّەتەکـەی خۆتـدا بـە سـەریدا زالّ دەبیـت، ئیٚسـتا هەسـت بـەو ئیحساسـە دوولایەنـە دەکـەین کـە لـە یـەك کاتـدا هـەم غەمبار و هەم بەختەوەر بیت.

کچ: بـەلّیٚ. بـەلّیٚ. زۆر جـاریش، بـەلاّم نـازانم ئـەو هەسـتە چـۆن دووبـارە بکەمـەوە. کاتـیٚ کـە بـەم جـۆرە هەسـتم دەکـرد لـە یـادم نییـە لـە کـویٚ بـووم و چـیم دەکرد.

مـن: گـرنگ نییــە لــە کویٚیــە و چــۆنە. خالّەکــە لەوەدایـە کـە تـۆ پیٚشـتر چـۆن بوویـت بگەڕیٚیتـەوە بـۆ ئەوە. فەرمان بە خۆت بدە و بڕۆ بۆ ئەو شویٚنەی کە نیازی چوونت بۆی هەیە، ئەوکاتـەی کـە خـۆت لـەویٚ بینییــەوە ئــاواش لــەویٚ بمیٚنــەوە. لــە ئــەزموونی

کەسێتی خۆت نموونەیەکم بدەرێ کە هەستی دوولایەنەی تیابێت.

کچ: هاوینی ڕابردوو یەکەم جار بوو سەفەرم بۆ دەرەوە کرد. براکەم سەفەری نەکرد بەڵام هات و منی بەڕێکرد. دڵم خۆش بوو بە سەفەرکردن بەڵام لە هەمان کاتدا لەبەر نەهاتنی براکەم هەستم بە ناخۆشی کرد. بەڵام لە یادم نییە چیم کرد.

من: مەسەلەیەك نییە. ئێستا پێم بڵێ ئەم هەموو شتە چۆن ڕوویدا. لەوکاتەوە دەست پێبکە کە ماڵەوەت جێهێشت. هەرچی وردەکاری هەیە پێم بڵێ و وەسفێکی شۆفێری تەکسی بۆ بکە لەگەڵ هەرچی شتێك نیگەرانی کردیت یان وروژاندویتی. هەوڵ بدە کەشەکە و ڕەنگی ئاسمان و بۆن و هەوای بەندەرەکەو دەنگی حەماڵەکان و دەریاوان و ڕووخساری گەشتیارەکان بەبیربێتەوە هەرچی ڕووداوێکی کە تیایەتی وەسفێکی ڕۆژنامەوانیی تەواوم بدەرێ و خۆیشت هەر بیر بکە و لە جل و بەرگی خۆت و براکەت دەست پێبکە. دەی دەست پێبکە و (دەستی پێدەکات) ئێستا تۆ پرۆڤەت لەسەر تەرکیز کردووە کە حاڵی حازر دەستت پێکردووە و دەتوانیت دەرس بەهەر هەواڵ دەرێك بدات. خۆی دانی بە خۆدا

گرتووەو بەهێزە، وردە شیکەرەوەیە و خولەکێك چییە لە دەستی ناچێ و وشەیەکی زیادیش بەکارناهێنێتو لە ڕاستی بنەڕەتییەکان زیاتر نادات و لە سەرەتاشدا وەك ئامێرێکی تەواو دیارە. کاتێ کە باس لە پۆلیسی هاتوچۆ دەکەین لە کاتی ڕاگرتنی تەکسی یا ڕێنومایی شۆفێرەکە دەکات کچەکەش دەڵێت "تکات لێدەکەم کاکی ئەفسەر دوا دەکەوین" لەو کاتەدا (ئێمە باشترین بوژانەوە بۆ سۆزە ڕاستەقینەکان بەدی دەکەین وا دیارە کە ئێمە دەست بە نواندن دەکەین ئەوەش هێندە ئاسان نییە، چونکە جار هەیە ئەو کچە ڕاستییەکان حەوت جار دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەرە بەرە ئەو ڕاستییە بەهایان نامێنێ. لە کۆتاییشدا ئەوکاتەی کە وەسفی چۆنیەتی بە سەرکەوتنی کەشتییەکە دەکات و چۆن بازی داوەتە سەر ڕووی کەشتییەکە چاوی خۆی دەکاتەوە و بەبێ هەستکردن بازدەدات. لەوێدا براکەی دەبینێت کە لەسەر شۆستە وەستاوە. لەو کاتەدا فرمێسك زیاتر لە چاوانی دێتە خوارەوە و، دەیەوێ بیشارێتەوە، هاوار دەکات "بێ ئومێد مەبە، بێ ئومێد مەبە" لە گەڕانەوەمدا هەموو شتێکت پێدەڵێم. خۆشەویستیم بۆ هەمووان بگەیەنە. ئاە چەند ناخۆشە کە نیویۆرك بەجێ دەهێڵم. حەز دەکەم لەگەڵ ئێوەدا بمێنمەوە، بەڵام بەسەرچوو.

ئینجا تۆ ناتەوێ من ئەمە ئەنجام بدەم. ئاە هەموو شتێك جوان و قەشەنگ دەبێت".

من: بوەستە. ئێستا دەورەکەت ببینە. گەیشتیتە کوێ ونی مەکە. هەروەك ئێستای خۆت، لەگەڵ براکەتا قسە دەکەیت. ئێستا تۆ لەو دۆخەدای کە بۆ ڕۆڵەکەت پێویستە.

کچ: بەلام لەم دەورەدا من لەگەڵ دایکما قسە دەکەم.

من: بە ڕاستی ئەوە دایکتە؟

کچ: نەخێر.

من: کەواتە جیاوازی چییە. شانۆ هەندێك شت نیشان دەدات کە لە ڕاستیدا نییە. کاتێ کە لەسەر شانۆ خۆشەویستی دەکەی —لە ڕاستیدا خۆشەویستی دەکەی؟ ژیرانە ڕەفتار بکە، چونکە تۆ هەوڵ دەدەی شتێکی خولقاوە بخەیتە شوێنی شتێکی حەقیقەت. خەلق کردن دەبێ بە ڕاستی بێت، بەلام تەنها حەقیقەتیش ئەوەیە کە دەبێ هەبێت. ئەزموونی تۆ لە دوولایەنەی هەست کردندا ڕووداوێکی خۆشە. لە ڕێگەی هێزی ئیرادە و زانینی خۆت بە پیشەکە توانیوتە ڕێکی بخەیتەوە و دووبارەش خەڵقی بکەیتەوە. ئێستا ئەو لەژێر دەستی

تۆدایە. ئەگەر بێتو هەستی هونەریانەت پێی گوتی پەیوەندی بە گرفتی تۆوە هەیە و ژیانێکی مومکین خەڵق دەکات بە کاری بهێنە. لاسایی کردنەوە هەڵەیە، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە بخوڵقێنی.

کچ: لە کاتی قسەکردنی تۆدا کردەوە گرنگەکەم ونکرد. کردەوەی دووبارە خەڵقکردنەوە. ئایا پێویست بەوە دەکات سەرلەنوێ چیرۆکەکە دەست پێبکەمەوە، ئایا پێویستە لەسەرم جارێکی تریش بگەڕێمەوە بۆ باری هەستیارانەی دوولایەنە.

من: چۆن فێری ئاوازێك دەبیت لە کاتێکا دەتەوێ بە بیر خۆتی بهێنیتەوە. چۆن چوارچێوەی ئەو ماسولکانە فێر دەبیت کە دەتەوێ وێنەیان بکێشیت؟ چۆن فێری تێکەڵکردنی ئەو ڕەنگانە دەبیت کە دەتەوێ لە نیگارکێشانا بەکاری بهێنیت، لە ڕێگەی بەکارهێنانی دووبارە بوونەوەی بەردەوامی و زیرەکانەوە. ڕەنگە ئەمە بە نیسبەت تۆوە زەحمەت بێت، بەڵام لای یەکێکی دی ئاسانە. لەوانەیە کەسێك دوای ئەوەی یەکجار گوێ بیستی ئاوازێك دەبێت، ئەو ئاوازەی بەبیر بێتەوە، بەڵام کەسێکی دی بۆ گوێ گرتن لەو ئاوازە پێویستی بە چەندین جار هەیە. (تۆسکانینی) لە دوای یەك جار خوێندنەوەی نۆتەی مۆسیقا، یەکسەر لە یادی دەبوو.

ڕاهێنان و مەشقکردن. من نموونەیەکم داوە بە تۆ، بەڵام لە تواناتدایە لە دەوروبەر و ناوەوەی خۆتدا چەندین دەرفەت بدۆزیتەوە. لەو بوارانەدا کاربکە و فێری دووبارە دۆزینەوەی ئەو شتانە ببە کە بە نیسبەت تۆوە ونن. لە سەرەتادا فێربە بزانە چۆن سوودی لێوەردەگری و بە باشی بەکاری بهێنە و لە یەکەم جاردا ئەمە پێویستی بە وەختێکی دوور و درێژ و توانا و هیلاکییەکی زۆرەوە هەیە. بابەتەکە زۆر وردە. لەوانەیە ڕێگاکە جارێك بدۆزیتەوە و چەندین جاریش ونی کەیتەوە. مەهێڵە تووشی نائومێدی ببیت. لە بیرت نەچێ ئەوە کاری بنەڕەتییە بۆ ئەکتەر –ئەگەر بتوانێ ببێتە هەر شتێك کە گەرەکیەتی.

کچ: بەڵام لە حاڵەتی تایبەتی مندا، مەبەستت لەوە چییە، کە ئەو شتەم بێتە ناو کە دۆزیمەوە و ئینجا ونم کردووە.

من: بەر لە هەموو شتێك بە تەنیا خۆت ئیشی لەسەر بکە. مەسەلەیەك نییە کە نموونەیەکت بدەمێ بۆئەوەی ڕێگەت لە پێشدا بکەمەوە، بەڵام کاری ڕاستەقینەی تۆ هەر دەبێ لە خودی خۆتدا بە تەنیا پێشکەش بکەیت، ئێستا هۆیەکەت لە ڕێی

تەرکیزکردنەوە زانی. بیر لە ڕێگەی گەیشتن بەو ساتە یەکلاکەرەوەیە بکە کە هەستی دوولایەنەی تێدایە و دەشزانی کەی پێی دەگەیت. هەست بە گەرمی و پشوودان دەکەیت. هەموو ئەکتەرێکی چاك ئەو کارە بە ڕێگەیەکی نەستی دەکات ئەوکاتەی نواندن بە باشی ئەنجام دەدا و هەست بە بەختەوەری دەکات، بەڵام بەرەبەرە پێویستت بە کاتی کەمتر و کەمتر دەبێت. بە تەواوەتی وەك بیرهاتنەوەی ئاوازێك لە ئاوازەکانی لێدێت. لە کۆتاییشدا تەنها بیرۆکەیەك بەسە بۆئەوەی بە مێشکتدا گوزەر بکات و هەرچی وردەکاری هەیە نەیهێڵێت. هەموو شتێك دیاری دەکەیت بۆئەوەی ئامانجێکی دیاریکراوت هەبێت و بە مەشقکردنیش تەنها ئاماژەیەك بەسە بۆ ئەوەی ببیتە هەر شتێك کە گەرەکتە و لەو کاتەشدا وشەکانی دانەر بەکاربهێنە و ئەگەر بێتو تاقیکردنەوەکەت ڕاست دەرچوو، ئەوا ئەو وشانە بە زیندوویی دەمێننەوە. پێویستت بەوە نابێت ئەو وشانە بنوێنی و پێویستت بە پێکهێنانیشی نابێت و بە شێوەیەکی سروشتیانە بۆت دێت. ئەوەی کە پێویستت زۆر پێیەتی تەکنیکی ئەو جەستەیە کە وات لێدەکات ڕەنگ لە هەر شتێك بدەیتەوە کە ئارەزووی گوزارشت کردنی لێدەکەیت.

کچ: ئەگەر بێتو هەڵبژاردنی هەستی تایبەتیم ڕاست دەرنەچوو، چی بکەم یان چار چییە؟

من: ئایا دەست نووسی پارچەیەکی مۆسیقای فاگنەرت بینیوە؟ ئەگەر خۆت لە بەیروت بینییەوە بچۆ بۆئەوەی سەیری ئەو دەست نوسانە بکەیت. سەیر کە فاگنەر چەندین جار دەیکوژێنێتەوە و ئەو ئاواز و میلۆدیا و هارمۆنیاتانە دەسڕێتەوە تاوەکو لە کۆتاییدا ئەو ئاوازە بدۆزێتەوە کە خۆی مەبەستیەتی، ئەگەر بێتو فاگنەر ئەمە بکات، ئایا تۆش وا ناکەیت؟

کچ: گریمان هەستێکی لە یەك چوو لە ژیانمدا نابینم کەواتە چی بکەم؟

من: ئەوە ناشێت. ئەگەر تۆ مرۆڤێکی هەست ناسك و سروشتی بیت، ژیان هەر هەمووی بۆ تۆ دەرگای لەسەر پشتە و ئاساییە. شاعیر و نووسەرانی دراما ئەوانیش مرۆڤن، بۆ تۆ هەمان شت نادۆزیتەوە، بەڵام دەبێ تۆ خەیاڵت بەکاربهێنیت. تۆ ناتوانی بڵێی ئەو شتانەی بە دوویدا دەگەڕێم لە کوێ دەیدۆزمەوە.

کچ: ئەوە باشە، بەڵام گریمان ناچار کرام دەوری بکوژێك بنوێنم. لە ژیانمدا مرۆڤێکم نەکوشتووە. چۆن بیدۆزمەوە؟

مـن: نـازانم بۆچـی ئەکتـەرەکان لەمـەڕ کوشـتن پرسـیار دەکـەن؟ هەرچـەند تەمـەنیان بچـووکتر بێـت زیاتر حـەزیان لەوەیـە کـە دەورەکـانی کوشتن ببیـنن و گریمان تۆ لـە ژیانتـدا مرۆڤێکت نەکوشتووە، لـە هیچ سەربازگەیەك وا ژیانت بەسەر بردووە؟

کچ: بەڵێ.

مـن: ئایـا تـۆ لـە دوای خۆرئـاوابوون لـە کـەنار دەریاچە دانیشتوویت؟

کچ: بەڵێ؟

من: ئایا مێشوولە لەو شوێنەدا هەبووە؟

کچ: ئەوە لە نیوجرسی بووە.

مـن: مێشـوولەکان بێزاریـان کـردی؟ ئایـا بـە چاوەکانت و گوێیەکانت و ڕق لێهەڵگرتنەوە سۆراغی یـەکێکیانت کـرد تـاوەکو لەسـەر قۆڵـت نیشـتنەوە؟ بە توندی و بەهێزەوە کێشات بە قۆڵی خۆتا بەبێ ئـەوەی بیر لـە ئازاری خـۆت بکەیتـەوە و بـە تـەنها یـەك شـتت لەبیر بوو کە کۆتایی بێت.

کچ: (بە شەرمەوە) مێشوولە بکوژم.

مـن: بـەڵێ. هونـەرمەنـدی هەسـتیار و چـاك لـەوە زیـاتر پێویسـتی نییـە تـاوەکو ڕۆڵـی (ئۆتێللیۆیـان دێزدەمونـە) بنوێنێـت لـە دیمـەنی کۆتاییـدا. بـەڵام ئـەوەی تـر کـاری ڕێکخسـتن و خـەیاڵ و بیروبـاوەڕە.

(گۆردن گریك) نیشانەی كتێبێكی هەبوو زەخرەفەی جوان و نائاسایی و نامۆی لەسەر كرابوو. زەحمەتە بزانین چییە، بەلاَم ئەوە هەستكردنمان بە تەركیز و هیمەت و تێكۆشانی پەیتاپەیتای پێدەدات ئەوە هونەرمەندە كە سەرچاوەش هەموو شتێك دەدۆزێتەوە.

هێشتا سروشت لە سەدا یەكی نەداوە بە تۆ كە هەیەتی، تۆ بڕۆ و بە دوایدا بگەڕێ.

(ئەدوین) سەركەوتووترین ئەكتەرە لەسەر تەختەی شانۆ. تۆ بیرت لەوە كردۆتەوە كە ئەو بیرۆكەكەی چۆن دەست پێكردووە بە دانانی كارتۆنێكی خاوێنكردنەوە لەسەر شووشە یان جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێل لە كاتی خواردنی پرتەقاڵدا. ئایا بیرت لەوە كردۆتەوە كە ئەو چاودێری قوڕ و لیتە و ئاو دەكات لە كاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل و جامی ئۆتۆمبێلەكە دەیپارێزێت، بەلاَم دوور لەو بە دڵنیاییەوە چاودێری دەكات. ئینجا لەوانەیە جارێكی تریش لە كاتی نانخواردنا چاوەكانی پڕ لە شەربەتی پرتەقاڵ دەبن. لە دواییدا نێوان هەردوو بیرۆكە گرێیدا بە یەكەوە و لە ئەنجامیشدا ئەو بەشە پێكەنیناویە دەرچوو.

کچ: من گومانم هەیە لەوەی کە ئەو بەو شێوەیە بیری لێکردبێتەوە.

من: هەڵبەتە نەخێر، بەڵام بە ڕێگەیەکی نەستی بەو ئەزموونەدا گوزەری کردووە. تۆ چۆن چاوەڕوانی فێربوونی پیشەکەت دەکەیت، ئەگەر ئەوەی بە دەستت هێناوە شی نەکەیتەوە. کەوابوو هەموو شتێك لەبیر خۆت بەرەوە و سۆراغی هیچ شتێك مەکە، تەنها ئەوە نەبێت کە خۆت بەدەستت هێناوە.

کچ: کاتێ کە چەند بەشێك لە دەورەکاندا دەدۆزیتەوە ئەوەی کە تۆ باسی دەکەیت، ناتوانی پراکتیزەی بکەیت. چی دەکەیت؟

من: دەبێ بۆ هەموو شوێنێك بیدۆزینەوە، بەڵام زیادەڕۆیی تێدا مەکە. بە دوای ئەوەدا مەگەڕێ کە (دەبێت ببێت) کە دەبێت بە دوای ئەوەدا وێڵ بیت کە (دەبێت بیکەیت). لە هەمان کاتدا ئەوەش لە بیر خۆت نەبەی کاتێ کە دەتەوێ بە هەموو دڵ و گیانت ببیت بە ئەکتەر، کاتێ کە ئەوەت گەرەکە بە مەرجێ تا پلەیەك بێت کە بە تەواوەتی خۆ لەبیر بکەیت و کاتێکیش کە پلەی هونەری تۆ تا پلەیەکی تەواو گەشەی کرد، ئەوکاتە دەتوانی زۆربەی ئەوەی کە نووسراوە بینوێنی. ئەو تەواو وەك (دەن، دەنەی) ئاوازێك. دەبێ شوێنە زەحمەتەکان چاودێری بکەیت.

هەر شانۆگەرییەك بۆ ماوەیەك یان چەند ماوەیەکی "ئالۆزی و گرژی دەنووسرێت. بینەر بلیت بۆ دوو سەعاتی تەواو سەیرکردن نابڕێت، بەڵکو لە پێناو دە چرکەدا، بە ئەو دە چرکەیەی کە وەختی پێکەنینە گەورەکە یان وروژاندنەکەی دەدۆزێتەوە. هەموو هێزو جوانیت دەبێ ئاراستەی ئەو چرکانە بکرێن.

کچ: سوپاس بە ڕاستی ئەوەیان لە ڕۆڵی مندا هەیە. من دەزانم ئێستا هەڵەکان لە کوێدایە، لەوێدا سێ شوێن هەیە لەسەر ڕووی ماوەی شانۆگەرییەکەدا بەرزم نەکردووەتەوە و بۆیە بێزاربووم و ئێستا من لەو شوێنانەدا بە دوای "بچم"دا دەگەڕێم. تۆ دڵنیایت لەوەی سەرکەوتوو دەبیت.

من: دڵنیابە لەوەی کە تۆ لە پێناو گرفتێکی تردا دەگەڕێیتەوە لای من.

کچ: ئۆە، من دەبەنگ بووم، چونکە یەکسەر لەلات ئامادە نەبووم.

من: بە یەکجاریش نا. مرۆڤ بۆ هەڵسەنگاندنی بنەما هونەرییەکانی خۆی بەلای کەمیەوە پێویستی بە ماوەی ساڵێك هەیە. تۆ ئێستا کاتی ئەوەت لەبەردەستە کە ببیت بە ئەکتەر. لەبەرئەوەیە کە تۆ هیچ شتێکت لەدەست نەچووە. ئەوەی کە ئێستا پێت

دەڵـــێم ســـاڵێك لەمەوبـــەر پـــێم بگوتیتایـــە تێـــی نەدەگەیشـــتی. وەك ئێســـتا گەڕایتـــەوە و بـــەڵام تـــۆ گەڕایتەوە و دڵیشم دەڵێت کە سەردانی داهاتووت زۆر نزیـــك دەبێـــت. بـــەڵکو ئـــەوەش دەزانم تـــۆ ئەوکاتـــە دەگەڕێیتـــەوە کـــە دەورێـــك بەدەســـت دەهێنـــی ڕەنگدانـەوەی خـودی خـۆت نییـە -کاتـێ کـە ناچـار دەبیت کەمێك گۆڕان لە خۆتدا بکەیت- ئەو کاتە هەر تـەنها ئـەوە نییـە کـە ببیتـە نموونەیـەکی چاك، بـەڵکو دەبیتە هونەرمەندێکی بوێر و چاونەترسیش.

کچ: دەتوانم بەیانی ئامادەبم؟

مـن: نـەخێر، تـاکو دەورەکـەت دەبینـی ئینجـا ئامادەبـە، تکـا وایـە بـاش بینـوێنی، تکـام وایـە ڕەخنـەگرەکان ستایشـت نەکـەن، چونکە لـە سـتایش کـردن ترسـناکتر نییـە لەسـەر هونەرمەنـد کاتـێ کـە ئـەوەش ڕوودەدات و بـەر لـەوەش کـە بزانـی چـی ڕوودەدات گێـــل و نـــەفام دەبیـــت و دەبێتـــە هـــۆی دواکەوتنیش لە پرۆڤەکاندا.

کچ: ئەوە بە بیرم دەخاتەوە.

مـن: دەزانم بۆئـەوەی گـوتم، گـوتم: ئێسـتاش بـڕۆ پـرۆژە بکـە و هـەروەکو پێشـتر هەمیشـە بەختـەوەر و بەهێز بە ڕاستی تـۆ خـاوەن شـتێکی جوانی کـە کـاری پێدەکـەیت. بـەڵام چیرۆکی خـەیارە بچووکەکەت لـەبیر

نەچێت. تێبینی هەموو شتێك بکە لە دەوروبەری خۆتدا و بە خۆشحاڵییەوە چاودێری خۆت بکە. هەرچی شتێك کە دەوڵەمەندە و کامڵە و نیوەچڵ نییە لە ژیاندا کۆی بکەرەوە و لە ناوەوەی ڕۆحی خۆتدا بیپارێزە. ئەو یادەوەریانە بە جوانی بپارێزە، چونکە نازانی کەی پێویستت پێ دەبێت، لە هەمان کاتیشدا تەنیا هاوڕێ و مامۆستای تۆن لە پیشەکەتدا. ئەوانە فەرش و ڕەنگی تۆن. خەڵات دەکرێیت. ئەوانە بۆ تۆن و موڵکی تۆن و لاسایی کەرەوەش نین و ئەزموون و وردبینی و سەلیقە و هێزت دەدەنێ.

کچ: بەڵێ. سوپاس؟

من: لە جاری داهاتوودا کە هاتی، لەگەڵ خۆتدا بەلانی کەمەوە سەد تۆمار بهێنە بۆ ئەو ساتەی توانیوتە ببیت ئەوەی ویستووتە کاتێك خۆت دەتەوێت.

کچ: ئۆهۆە. نیگەران مەبە.. لە داهاتوودا ئەگەر ئامادە بووم.. دەزانم.. خەیارەکانم چین.. (بە ڕێك و پێکی و جوانی و هێزەوە دەچێتە دەرەوە. من و جگەرەکەشم بە تەنیا دەمێنینەوە. ناوی ئەوەم لەبیر نییە کە گوتویەتی: ئامانج لە فێرکردن ئەوە نییە کە بزانیت، بەڵکو ئەوەیە کە بژیت.

## وانەی سێیەم

## جووڵەی درامایی

(من و کچەکە لەنێو باخەکەدا پیاسەمان دەکرد، ئەو لە حاڵەتێکی تووڕەبوونی تەواودا بوو، چونکە لەو کاتەدا پرۆڤەی لەسەر دەورێکی سینەمایی خۆی دەکرد)

کچ: .. ئینجا ڕاوەستان. سەعات و نیوێک چاوەڕوانیم کرد. جارێکی تر دەستمان بە ئیش کردەوە. دەبوایە من سێ ڕێزی ڕستەی دیمەنی گەورە بڵێمەوە، تەنها سێ ڕێز. پاش ئەوە سەعاتێکی تریش چاوەڕوانیمان کرد. ئەوە مەحاڵە، زۆریش مەحاڵە، ئەوەی گرنگە و زۆر بایەخی پێدەدرێت ئامێر و کارەبا و زوومەکان و مایکرۆفۆن و کەلوپەلەکانە، بەڵام ئەکتەر کێ گرنگی پێدەدات، ئەکتەر لە ئێکسسوارێکی خراپ و بێنرخ دەچێت.

من: بەڵام لەوێ و لە هونەری دراماتیکیدا هەندێ ئەکتەری سینەمایی بە پلەیەکی بەرز دەگەن.

کچ: بەڵێ، ماوە نەماوە و، بۆ ماوەی پێنج چرکە، ئەو چرکە دەگمەنانەی کە وەك مرواری ڕەش وایە.

من: ئەوەندە دەگمەنیش نییە، ئەگەر بێتو بە چاکی بەدوایدا بگەڕێیت، ئۆە خوایە گیان، تۆ چۆن

قسەی وا دەکەیت، ئەدی هەر تۆ نەبوویت هەموو ژیانی خۆت لە پێناو بانگەشەکردن بە گرنگێتی شانۆی زیندوو، شاکاری پێشکەوتوو بەسەر برد یان تەرخان کرد، چۆن بە دوای ماوە دەگمەنەکانی بواری فیلمدا دەگەڕێیت، گریمان ماوەکانیشت دۆزییەوە و هەمووشیان جیا جیا و لێك دوورن، لێکهەڵوەشاوە و پەرش و بڵاو و نایەکسانن. چۆن دەتوانی داکۆکی لەو هەموو ماوە کەمانە بکەیت و لە هەمان کاتیشدا داوای لێ بووردنیان لێ بکەیت؟

من: پێم بڵێ لە قسەکانی پێشووترمدا توانیومە یارمەتیت بدەم؟

کچ: بەڵێ.

من: ئامادەی هەر ئێستا گوێم لێ بگریت، بەبێ پچڕان؟

کچ: بەڵێ ئامادەم.

من: کەواتە سەیری ئەو نافورە مەڕمەڕییە بکە. ئارسەر کۆلنز لە ساڵی (١٩٠٢)دا دروستی کردووە.

کچ: ئەمەت چۆن زانی؟

من: بەروارەکەی لەسەر دیواری بناغەکەی هەڵکۆڵدراوە. بەڵێنت دا نەمپچڕێنی و قسەکانم تەواو بکەم.

کچ: داوای لێبووردن دەکەم.

من: هونەری کۆڵنزی بەڕێزت بە دڵە؟

کچ: خراپ نییە. هونەرێکی سادەیە و شێوەکەشی ڕوونە و گونجاوە لەگەڵ دیمەنەکانی دەوروبەری و مۆرکێکی شازادەییانەی هەیە. لەبەرئەوەی لە ساڵی (١٩٠٢)دا دروست کراوە. بێگومان کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەسەر بیرۆکەی تازە. ئارسەر کۆڵنز چی تریشی کرد؟

من: ئەوە یەکێکە لە کارە نایابەکانی. لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا مرد. پەیکەرتاشێکی باش بوو، دواڕۆژێکی ڕووناك چاوەڕوانی دەکرد. هەرچەندە تەمەنی بچووك بوو، بەڵام توانی شوێن پەنجە و کاریگەری خۆی لەسەر گەلێك لە کاری هونەرمەندە هاوچەرخەکان بەجێ بهێڵێت.

کچ: ئەوە بە ڕاستی دیارە. بە ڕاستی زۆرباشە لە دوای خۆی ئەم شاکارە هونەرییەی بەجێهێشتووە بۆئەوەی سەیری بکەین و چاودێری پێشکەوتنی هونەری داهێنەر بکەین و لە تێڕوانینی هەندێك هاوچەرخمان بگەین.

من: بە ڕاستی جوانە. باشە لەم ساتەوەختەدا حەزدەکەی (سیدونی خانم) ببیستی و ببینی لە کاتی بینینی دەوری (لیدی ماکبێس)دا کە دەڵێت "هەتا

ئێستا ئێره بۆنی خوێنی لێدێ، عەتری عەرەبی ناتوانێت ئەم دەستە بچووکە پاك بكاتەوه یان هەڵمژێت. ئاه. ئاه. ئاه".

تا چەند هەوڵ دەدەیت تاکو بزانی سیدۆنی خانم ئەم وشانە چۆن دەڵێتەوه، ئاه. ئاه. ئاه. دەڵێن هەندێك لە تەماشاكەران لە كاتی گوتنەوەی ئەم وشانەدا دەبوورانەوه. بەڵام ئێمە نازانین، باشە حەز ناكەی گوێ لە "دافیدجاریك" بگریت، كاتێ كە دەوری (ڕیچاردی سێیەم) دەبینێت، بە تایبەتیش ئەو كاتەی كە گاڵتە بە (گاتسبی) دەكا و دەڵێت (ئەی كۆیلە ژیانت لێكردووم بە بارمتەیەكی لەبیركراوی یان گۆشەگیركراوی هەڵگەڕاوه، وه من ئامادەم بەرگەی ئەم گۆشەگیرییە بگرم!! ئۆجفر سۆن و بۆزئالین دەبینی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو كاردانەوەیەم لە یادە كە لەسەر (سالینی) ڕەنگیدایەوه، لەوكاتەی (ئیاگۆ) دەڵێت (ئەی ئەو كەسەی كە جوانترین ناوت لێ زەوت كردووم، بەڵكو شتێكی وا گرنگە كە هەردووكمان سوودی لێ نەبینین، من هەژار بكات و ئەویش دەوڵەمەند نەبێت) جارێكیان ویستم ئەوه وەسف بكەم، بەڵام سوودی نەبوو، كۆتایی هات، ئەو نافوورەیەش باس لە خۆی دەكات، بەڵام لەوێدا كەسێك نییە باس لە (سالینی) بكات.

کـــچ" بـــە ڕاســـتی ئـــەوە شـــتێکی ناخۆشـــە.. (دەوەستێ و لەناو شەپۆلی بیرکردنەوەدا نقوم بووە و پیاسە دەکا و ئینجا بە خەندەیەکەوە دەڵێت) وا دیارە دەروازەیەکم پێدای.

مـن: تـۆ بـە بـەردەوامی ئامـاژەم پێـدەدەیت، مـن داهێنـەری هـیچ شـتێك نـیم. بـە گشـتی مەبەسـتی مـن ئەوەیە کە تێبینی شتەکان بکەم و پێشکەشی بە تۆیان بکـەم و، تـۆش بگەیتـە ئـەو ئەنجامانـەی کـە سـوودیان لێدەبینیت. بنـەما هونەریـەکان ئەوانـەن کـە بە خۆمـان دەیاندۆزینەوە.

کچ: دۆزیمـەوە. بە ڕاسـتی ناخۆشـە، کـە نـاتوانین وێنە و دەنگەکانی ئەکتەرە گەورەکان بۆ مێژوو تۆمـار بکەین. ئێستا گەیشتم بە ئەنجامێکی گرنگ، لەبەر ئەم هۆیەیە کە دەبێ خۆڕاگر بین لە بەرامبەر تەکنیکەکانی فیلمە قسەکەرەکان (الناطقة) و مۆڵەتەکانیان.

من: نەخێر. ئەوەی کە لەسەر تۆیە بیکەیت، دەبێ لە پێشـەوەی ئـەو زەمەنـەدا بیت کـە تیایـدا دەژیـت و، وەك هونەرمەنـدێکیش دەبێ ئـەو ئەرکـە بـە تـەواوەتی جێبەجێ بکەیت.

کچ: ئەوە مەحاڵە.

من: ئەوە کارێکە و بە دەست خۆت نییە دەبێ ئەنجامی بدەیت.

کچ: ئەمە (مۆدەیەکی) درۆزنانەیە.. تەنها خۆ هەڵخەڵەتاندنە.

من: ئەمە بیرکردنەوەیەکی تەسکە.

کچ: لە خودی خۆمدا وەك ئەکتەرێك زۆر ڕقم لەو ئامێرە دڕندەیەیە.

من: کەواتە تۆ ئەکتەر نیت.

کچ: ئایا لەبەرئەوەیە کە دەمەوێ بە ئازادی هەناسە بدەم، هەمیشەش لەبەر سروش و کارە داهێنەرەکەم؟

من: نەخێر. بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە دڵخۆش نابیت بە دۆزینەوەی کەرەستەیەکی گەورە و گرنگ لە درامادا؟ ئەو کەرەستەیەی کە لە سەرەتای بوونی بوونەوەرە لە هونەرەکانی تردا هەیە و، دژ بە کۆنترین و ڕەسەنترین هونەر بووە، کە ئەویش هونەری شانۆیە. ئەوانەیش ئەو کەرەستانەن کە وردبینی و مۆرکی زانستیانەیان داوە بە شانۆ، ئەو دوو تایبەتمەندیەن کە لە هونەرەکانی تری جیادەکاتەوە، ئەویش ئەو کەرەستانەیە کە لە ئەکتەر دەخوازێت لە تێکەڵکردنی ڕەنگەکاندا وردبین بێت، بە وردی شێوە لە هونەری هەڵکۆڵین (نحت) و ژێیەکان لە مۆسیقا و

وەرزش لە هونەری تەلارسازی و، وشەکان لە شیعردا جیابکاتەوە.

کچ: بەڵام سەیری سەدان فیلمی هونەری بکە کە هەفتانە بە دەردەکەویت —نواندنێکی لاواز و جووڵەیەکی بێمانا و ئیقاعێکی هەڵەشەی هەیە.

من: دەتۆش سەیری سەدان ملیۆن تابلۆی هونەری و گۆرانی و ئۆپەرێتەکان و خانوو و ئەو کتێبانە بکە کە مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە، هەر خۆی ونبووە بەبێ ئەوەی خراپەی بۆ کەسێك هەبووبێت، بەڵام چاکەکەی هەرماوە.

کچ: ئایا پێت وا نییە فیلمێکی نایاب سەدان فیلمی لاواز و خراپ بهێنێت؟

من: عادیلانە حوکم بدە. تەنها خودی بیرۆکەکە ئەو فیلمانە دەهێنێت. هونەری شانۆ تۆمارکەری هونەری ئەکتەر و پاراستنیەتی. درامای قسەکەر هەروەك درامای نووسراو وایە. تۆ هەست بەوە دەکەیت کە بە داهێنانی تۆمارکردنی خۆکردەکیانە (التلقائیة) بۆ وێنە و جووڵە و دەنگ، واتە بەو داهێنانەی کە ڕێمان پێدەدات کەسێتی ئەکتەر و ڕۆحەکەی تۆمار بکەین، بەوپێیە بێت ئەو بازنەیە دەدۆزینەوە کە لە نێوان هونەرەکاندا هەیە، شانۆش

شتێکی ڕاگوزەر نابێت، بەڵکو تۆمارێکی درێژخایەن دەبێت، ئایا هەست بەوە دەکەیت کە کاری ئەکتەری داهێنەر و تایبەت مەرج نییە پێشکەش بە بینەر بکرێت. لەوێدا باوی ئەوە نەماوە کە بینەر بۆ سەیرکردنی خۆت ڕابکێشیت، لە کاتێکدا لە کارەکەتدا زۆر ماندوو و هیلاکی، ئەکتەری ئێستا لە ماوەی داهێناندا لە بینەر ڕزگاری بووە، حوکمدانیش تەنها لەسەر ئەنجامەکان دەبێت.

کچ: ئەکتەر لە پێش ئامێرەکاندا سەربەست نییە. بەڵکو دەبێت بە چەند بەشێکەوە و خەریکە هەموو ڕستەیەکی دەورەکەی جیاوازی هەبێت لەوەی پاش و پێشی.

من: وشەکانی شاعیر هەموویان لە یەکتری جیان. کۆکردنەوەی گشتی گرنگە.

کچ: باشە، چۆن دەتوانین دەورەکە بەرجەستە بکەین؟ چۆن دەتوانین هەست بنیات بنێین و بەرزبێتەوە بۆ ترۆپکەکانی نەست بۆ شرۆڤەکردنی ڕاستەقینانەی دەور؟

من: بە هەمان ئەو ڕێگەیەی کە لە شانۆدا بەرجەستەی دەکەیت. ئایا لەبەرئەوە کە ئەو دەورە یان دوو دەوری سەرکەتوو ببینی لەسەر شانۆ، پێت وایە لەوێدا شتێك نەماوە فێری ببیت و، هیچ

شـتێکیش نـەماوە بەختـەوەرت بکـا یـان هونەرەکـەت گەشەپێبدەیت!

کچ: تۆ دەزانی ئەوە ڕاست نییە. من هەمیشە حەز لـە فێربـوون دەکـەم. ئەگـەر وا نەبوایـە مـن ئێسـتا و بـۆ جـاری دووەم نەدەهاتمـەوە و لەگـەڵ تـۆدا لـە دەوروبەری ئەو دەریاچە گەمژەیەدا بسووڕێینەوە.

مـن: ئێمـە بـە ڕێگەیـەکی ئاسـان و سـادە و بەردەوامـدا دەڕۆیـن یـان پیاسـە دەکـەین، بە هێواشـی ڕێدەکـەین کـە تـا گەیشـتن بـە ترۆپـك بـەرە بـەرە یـان هەنگاو بە هەنگاو گەشە دەکات.

کچ: ئەو ترۆپکەش ئەوکاتە دێت کە مانـدوو و بـێ تاقەت دەبم و بەسەر گیاکەدا دەکەوم یان بەردەبمـەوە سەر گیاکە.

من: بە تەواوەتی وایە، ئەو ڕێگەیەیـە کـە لـە کـاتی دەوربینینـا دەیگریتـە بـەر، تـۆ لـە بنیاتنـانی هەستەکاندا پەلە دەکەیت بە ئاواتی گەیشتن بە ترۆپك تـاوەکو بـەر بـەردی ڕەخنـەگر دەکـەویت کـە تیایـدا دەتەوێت خۆتی لێ دوور بخەیتەوە.

کچ: هەست دەکـەم تـۆ دەتـەوێ بگـەیت بـە شـتێك، ئەم شتە چییە؟

من: کاره پڕ زەحمەتە سەرەکییەکان چی بوون لە کاتی نواندن لە فیلمەکاندا ڕووبەڕووی بوویتەوە؟

کچ: نەبوونی خاڵێك بۆ دەستپێکردن، بە ناچاری دەست بکەم بە دیمەنێك لە ناوەڕاستیدا و دوای گوتنەوەی سێ، چوار ڕستە کۆتایی پێ بێنم، دوای سەعاتێکی تر دەستم بە دیمەنێکی دی دەکرد و لە ڕووی ڕێکخستنەوە پێش یەکەم بوو، ئینجا چوار پێنج ڕستەیەکەم دەگوت و جارێکی تر چاوەڕوانم دەکرد. ئەو جۆرە کارە سروشتی نییە، ترساندنە یان تۆقاندنە.

من: ئازیزەکەم لە هونەرێتیدا کەم و کوڕیت هەیە، ئەوە هەموو شتەکەیە.

کچ: کامە هونەرێتی؟

من: هونەرێتی بیناکردنی جووڵە.

کچ: جووڵەی شانۆیی.

من: ئەو جووڵە دراماییەی کە نووسەر لە وشەکانیدا گوزارشتی لێدەکات، کاتێ ئەو وشانە دەکات بە دوا ئامانج، لە نووسینەکەیدا و، کە ئەکتەر دەینوێنێت هەر وەکو ئەوەیە مانای هەمان وشەی ئەکتەر بدات.

کچ: ئەوە هەروەکو ئەوەیە کە دەبێ لە فیلمە ئاساییەکاندا (الناطقة) بیکەین. من دیمەنێکی سەیرو نامۆم دەنواند کە دوو لاپەڕە و نیو بوو، بەڵام نزیکەی یازدە جار وەستاندیانم. لە نوانیدا ڕۆژێکی تەواوم بەسەر برد. بیرۆکەکەشی ئەوە بوو کە ئەو پیاوە منی خۆش دەوێت باوەڕی پێ بهێنم کە منیش ئەوم خۆش دەوێت، بەڵام لەو ڕقە دەترسام کە باوکەکەی بەرامبەر بە من هەستی پێدەکرد.

من: ئەوە لە دوو لاپەڕە و نیودا. ئێستا بە یەك ڕستە و بە ڕێگەیەکی باوەڕپێهێنەرانەش ئەمەت گوت. چیت لە پاشماوەی لاپەڕەکانی تر کرد؟

کچ: ویستم هەمان شت بکەم.

من: لە دوو لاپەڕە و نیودا؟ کارێکی باشیان کردووە کە لە نواندندا پێیان بڕیویت.

کچ: ئەو پێبڕینانە لە گەرمەی جووڵەدا بوون.. لەوە زیاتر من چیم بکردایە؟

من: سەیری ئەو درەختە بکە. بناغەی هەموو هونەرێکە. پێکهاتێکی نموونەییانەی هەیە بۆ جووڵە بۆ لای سەرەوە و لە هەردوو لایشەوە وەك یەك خۆی پاراستووە، ئەوە هاوسەنگی و گەشەکردنە.

کچ" ئەوە ڕاستە.

من: سەیری قەدەکەی بکە، کە چەند ڕاستە و بە جوانی پێوراوە و تەبایە لەگەڵ پارچەکانی تری درەختەکە و کۆڵەکەی هەموو بەشەکانیەتی، ئەوە ئاوازی بنەڕەتییە، لیتمۆنیڤە لە مۆسیقادا و، بیرۆکەی دەرهێنەر سەبارەت بە جووڵە لە شانۆگەریدا، هەروەك ئەو بناغەیەیە کە ئەندازیاری تەلارسازی دایدەنێت، بیرۆکەی شاعیرە لە پارچە هۆنراوەکەیدا.

کچ: دەرهێنەری شانۆیی لە کاتی دەرهێناندا چۆن گوزارشت لەو جووڵەیە دەکات.

من: لە ڕێگەی شیکردنەوەی شانۆ نامەکە و لە ڕێگەی یەکگرتنەوەی نێوان جووڵە بچووك و لاوەکی و ئەو جووڵە تەواوکراوانەی کە شیکردنەوەکە دەیهێنێتە دی.

کچ: باشە نموونەیەکی لەو جۆرەم بدەرێ.

من: بە ئارەزووی خۆت. بۆ نموونە شانۆنامەی "دەستەمۆکردنی مێیینەی پڵنگ" شانۆنامەیەکە و باس لە خۆشەویستی نێوان دوو کەس دەکات کە حەزدەکەن بۆ یەکتری بن سەرەڕای ئەوەی ڕەوشتەکەیان ڕێگرە لە بەردەم ئەم کارەیاندا، بەڵام لە کۆتاییدا هەر سەردەکەون. لەوانەشە شانۆنامە بێت باس لە پیاوێك بکات کە توانیویەتی بەسەر ئافرەتێکدا زاڵ ببێت لەبەرئەوەی بە خراپی مامەڵەی

لەگەڵدا کردووە، ڕەنگە باس لە ئافرەتێکیش کە هەر کەسێك بیەوێت خۆشەویستی لەگەڵدا بکات ژیانەکەی لیێ بکات بە دۆزەخ. ئایا جیاوازییەکەی دەبینی؟

کچ: بەڵێ بە هەموو دڵنیاییەکەوە.

من: لە شیکردنەوەی یەکەمدا جووڵەکە خۆشەویستییە. لە دووەمدا خراپ ڕەفتارکردنە و لە سێیەمیشدا تووڕەبوونی ئافرەتێکی دڕندەیە.

کچ: مەبەستت لە حاڵەتی یەکەم جووڵەی خۆشەویستییە ئەم جووڵەیەش وا لە ئەکتەرەکان دەکات کە هەر هەموویان سیفەتی خۆشەویستی بە درێژایی شانۆگەرییەکە وەربگرن.

من: بەڵکو وایان لێدەکەم ئەو سیفەتەیان بە بیر بێتەوە. وایان لێدەکەم کە ئەم خۆشەویستییەیان هەمیشە لە یاد بێت و، وای لێبکەن کە لە دوای هەموو جنێو و شەڕ و هەموو جیاوازییەکدا هەبێت.

کچ: لە ئەکتەر چاوەڕوانی چی دەکەیت؟

من: ملکەچی یاسای سروشتی جووڵە بێت، ئەو یاسا سێکوچکەییەی کە لە درەختەکەدا بینیت.

یەکەمیان/ قەد، بناغە، بیرۆکە، هۆیە، لێرەدا دەرهێنەر بەرپرسی هەموو شتێکە لەسەر شانۆدا.

دووەمیان/ لەوێدا چەندین لق و ماددەی بیرۆکە و هۆ هەیە، ئەوەشیان ئەکتەر لێی بەرپرسە.

سێیەمیشیان/ لەوێدا هەندێك کاغە ز و، وەرەقە هەیە کە ئەنجامی دوو فاکتەرەکەی پێشترن و، باشترین ڕێگەشە بۆ دەربڕینی بیرۆکە، کە کۆتایی نموونەییە.

کچ: دانەر یان نووسەر کەی لە وێنەدا بەدەردەکەوێت؟

من: ئەوەیان شەربەتە ڕژاوەکەیە و هەموومان لێی دەخۆینەوە

کچ: ئەوە ڕاکردنی ئەکتەرە.

من: ئەگەر ئەکتەر نەیتوانی گوزارشت لەم جوولانە بکات لە پێش..

کچ: ئەوەندە بەسە. من دان بە شکستی خۆمدا دەنێم.

من: لە پێش کامێرا و مایکرۆفۆنیشدا، ئەگەر لە پچڕانەکانیش ترسا.

کچ: (ڕادەوەستێ و بە پێیەکانی لە زەوییەکە دەدات) باشە باشە. (بە کەمێك لە خۆبایی بوونەوە) پێم بڵێ چۆن لەم پچڕاندنانە نەترسم؟

من: دەورێکی نووسراو یان شانۆنامەیەکم دەوێت بۆئەوەی نیشانتی بدەم کە من مەبەستم لە بیناکردنی جووڵە چییە. حاڵی حازر هیچ شتێکی نووسراوم لا نییە.

کچ: هەردووکمان لە ماوەی پیاسەکردنی نیو سەعاتی ڕابردوودا نمایشێکی جوانمان پێشکەش کرد. لە ڕاستیدا پیاسەکردن بە جووتە خۆی لە خۆیدا نواندنە. ئەو ئاخاوتنانەی کە لە میانەی پیاسەکردندا کردمان، تۆ وەك شانۆگەرییەك بەکاری ناهێنیت.

من: با بە دڵی تۆ بێت. من دەرهێنەر و تۆش ئەکتەرێکی گەنجی و لە شانۆگەرییەکی یەك پەردەییدا لە پێش پیرەمێردێك نواندن دەکەیت. منیش دەوری ئەو پیرەمێردە دەبینم.

کچ: لە ژێر فەرمانی تۆدام، ئێستا دەرهێنەر خۆی دەئاخڤێت: دۆستان (مەبەستم خۆم و خۆت)ە، ئەدی شانۆگەرییەکی کورت خۆی لە خۆیدا دۆزینەوەی حەقیقەتی جووڵەی درامایییە، نەك لەسەر شانۆیەکی تاریك، یان لە پەردەیەك، یان لە کتێبەکان، یان لە پێش دەرهێنەرێکی تووڕەدا کە بە لایەوە گرنگ نییە دەرت بکات، بەڵام لە ئامێزی سروشتدا چێژ لە هەوا و

خــۆر و ڕۆیشـــتنی بـــە پەلـــە و حاڵـــەتی حـــۆش وەردەگرین.

کـچ: ئـەوە مانـای بیرکردنـەوەی خێـرا و چـوونە ژوورەوەی بـەهێز و ڕۆحـی ڕۆشـن و بیروبـاوەڕی لـە فیکرەکـان و ئـارەزووبوون لـە تێگەیشـتن و، دەنگـە ئاشکرا و ڕوونـەکان و پێشـبینی خێـرا و ئامـادەبوون بۆ گفتوگۆ  وەرگرتن و پێدان دەگەیەنێت.

مـن: باشـە! باشـە! مـن لـە ئەرکەکـەی خۆمـدا وەك دەرهێنــەر تــەواو بــووم. بــە هاوکــاری تــۆ توانیمــان قەدەکـە، یـان (کۆڵەکـەی بنـەڕەتی- العمـود الفقـري) دابنێین. ئێستا با ڕووبکەینە شەربەتەکە.

کچ: مەبەستت دانەرە؟

من: بەڵی پێت باشە؟

کـچ: (بـە خێرایـی لێـی بـە دوور دەکەوێتـەوە و، دەســتەکانی لەســەر یــەك دادەنــێ و، منــاڵان ئاســا پێدەکەنێ و منیش بەدوایەوەم و دەستەکانی دەگرم).

من: ئەوە یەك بە یەکە.. با ئێستا بەردەوام بین و، وشــەکان لــە وێنــەی جووڵــەدا شــیبکەینەوە. بــا لــە دەورەکــەی تــۆوە دەســت پێبکــەین. لــە ســەرەتای شانۆگەرییەکەدا چیت کرد؟

کچ: شکاتم کرد.

من: بە گەرمی و بە زیادەوەش..

کچ: سەری خۆم بادا و ڕقم لێی بۆوە.

من: حەماسی گەنجانەت هانیدایت.

کچ: دیمەنەکانیشم بنیاتنا.

من: بەهێزەوە و ئەگەرچی کاریگەریشی نەبوو.

کچ: باوەڕم پێنەکردی و، سەرزەنشتیشم کردیت.

من: وەك گەنجێکی لامل (عنیدة)، ئەوەت لە بیر چوو لە کاتی ڕێ ڕۆیشتن لەگەڵ مندا بووی و سەیری نافوورەکەی (مستەر کۆلنز)ت دەکرد و لە هەمان کاتدا دیراسەشت دەکرد و، وەکو جەستەش ماندوو و هیلاك بوویت و هەوڵی دۆزینەوەی چەند وشەیەکیشت دەدا بۆئەوەی دژ بە گفتوگۆکانی من بەکاری بهێنیت. چێژت لە هەندێك ڕیزە نووسینی شکسپیر وەرگرت، بەو جۆرە توانیت قسە لەسەر نۆ بڕگەکە بکەیت.

کچ: (بە ترسێکەوە) لە یەك کاتدا ئەم هەموو کارەم کرد؟

من: نا. نا. چ بوونەوەرێك دەتوانێت ئەمە بکات. بەڵام بە بوونی قەدی سەرەکی، ڕاستتر بڵێین دەزووی جووڵەکە، ئەوەی کە لەو دەزووەدا کردووتە بە یەکەوە گرێدانی جووڵە لاوەکییە تەواوکەرەکانە و هەروەك

دەنکـــە تـــەزبیح یـــەك لـــە دوای یەکـــەوە بـــووە و جاروباریش یەکێکیان پێش ئەوی تر دەکەوێت، بەڵام دیار و ئاشکرایە.

کچ: بەڵام ئەمانە تەنها شەپۆلەکانی دەنگ نین؟

من: ئەمە لە کوێوە موتابەعە دەکرێت ئەگەر بێت و ئەنجامێك بۆ جووڵەکە موتابەعە نەکرێت؟

کچ: ئەوە ڕاستە.

مـن: کاتـێ وەسـفی جووڵەکـەم کـرد، تـەنها فێـری کردارەکـان بوویـت، ئەمـەش لـە خۆیـدا مانـای خـۆی هەیە. کردار خۆی هـەمان جووڵـە یـان کـردار جووڵەکە خۆیـەتی. جـاری یەکـەم شـتێکت پێویسـتە و ئـەوەش وەك هونەرمەندێك ئـارەزووی خۆتـە، ئینجـا لـە وێنـەی کرداردا گوزارشتی لێدەکەیت.

وە ئەوەش هونەرەکەتە وەك هونەرمەندێك و ئینجا بـە ڕاسـتی کـاری پێدەکـەیت و، ئەوەشـیان گوزارشـتی هونەریانەیـە. تـۆ ئـەم کـارە لـە ڕێگـەی قسـەکردنەوە ئەنجام دەدەیت، وشەکان هی کێن؟

کچ: لەو حاڵەتەدا وشەکان هی خۆمن.

مـن: ئـەوە گـرنگ نییـە، ئەگـەر بێتـو وشـەکان هـی دانەرێکی شارەزا و بەتواناتر بێت.

کـچ: (بـە بێـدەنگی سـەری خـۆی ڕادەهـەژێنێت- زەحمەتە گەنجان هێندە بە خێرایی ڕەزامەند بن)

مـن: دانـەر بـۆ تـۆی دەنووسـێت. ئینجـا دەسـت دەکەیتە قەڵەم و مۆسیقای جووڵـەکردن ((لـە ژێـر هـەر وشـەیەك یـان گفتوگۆیەکـدا دەنووسـیت و، هـەروەك ئەوەیە کە مۆسیقا بۆ وشـەکانی گۆرانی بنووسیت و، لەسـەر تەختـەی شـانۆش یـاری بـە (مۆسـیقای ئـەو جووڵەیـە) دەکـەیت. دەبـێ جووڵـەکانت هـەروەکو مۆسیقا لەبەر بکەیت. دەبێ بە تـەواوەتی جیاوازی لـە نێـوان (شـکایەتکردن و گاڵتـەپێکردن)دا بزانیـت، هەرچەندە ئـەم دوو جووڵەیـە لـە دوای یەکـەوە دێـن و موتابەعـەی یـەکتری دەکـەن، دەبـێ تـۆ بـە تـەواوەتی جیاوازی لـە نوانـدنی هەردووکیانـدا بکـەیت، هـەروەك چۆن گۆرانیبێژ لە کاتی دەستپێکردنی بە کلیلـی (دۆ) جیاوازی دەکات. جگە لەمە کاتێ کە جووڵە لەسـەر دڵی خۆت لەبەردەکەیت، هیچ پچڕانێك یان گۆڕانێك لە سیستەمدا کارت تێناکات. کاتێك کە جووڵەکەی خۆت لـە یـەك وشـەدا چـڕدەکەیتەوە و ماهیـەتی ئـەو جووڵەیـەش بـە تـەواوەتی دەزانیـت، تـۆ کـەمتر لـە چرکەیەك هەستی پێدەکـەیت، لەسـەر ئەوە لـە کـاتی پێشکەشکردنا، نابێ نیگەران بێت. ئەو دیمەنە یان دەورەی پێشکەشی دەکەیت لە زنجیرەی ئەو دەنکانە زیـاتر نییـە —دەنکـەکانی ئـەو جووڵەیـەی کـە یـاری

پێدەکـەیت، هـەروەکو یـاری کـردن بـە تەزبێحێکـە- دەتـوانی لـە هـەر دەنکێـك و لـە هەرکاتێکـدا دەسـتی پێبکـەیت و، بـە ئـارەزووی خۆشـت بـەردەوام بیـت، ئەگەر دەنکەکانت بەدەست خۆتەوە گرتبوو.

کچ: بەڵام وا ڕوونادات کە هەمان جووڵـە بۆ چەند لاپەڕەیەك بخایەنێت، یان بەلای کەمییەوە بە درێـژایی هەموو دیمەنەکە بێت؟

مـن: هەڵبەتـە وایـە، ئەگەرچـی زەحمەتـە ئەکتـەر تیایـدا بـەردەوام بێـت بـەبێ سانسـۆر، بـۆ نموونـە پارچەیەك یان بڕگەیـەك ((نـۆ ڕسـتەیە و یـەك جووڵـەی تێدایە)).

کچ: ئەو جووڵەیە چییە؟

مـن: شکسـپیر هـەرگیز سەرکێشـی و هەڵەشـەیی (مغـامرة) بـە ئەکتـەرەکانی نـەکردووە. هـەر لـە سەرەتاوە پێی دەگوتن کە چی لێیان دەوێت. ئەمـەیان زەحمـەتترین یـان ناخۆشـترین بڕگـە بـوو بـۆ نوانـدن، ئەمەشـیان بـە هـۆی مانـا و نـاوەڕۆکی جووڵەکـەی و درێژی دیمەنەکەی بوو. ئـەگینا گوێگرتن لـەم بڕگەیـە زۆر ئاسانە.

کچ: من تێگەیشتم. لەبەرکردن هـەروەك گـەڵاکانی درەختی بێ قەد یان بێ لق و پۆپ وایە.

من: ڕاستە –تەنها یاریکردنە بە شەپۆلەکانی دەنگ و ڕاوەستانە دروست کراوەکان.

شارەزایی و لێهاتوویی کەسێك و ڕاهێنانە دەنگییەکەی گەیشتە هەر ئاستێك نواندنەکەی لە مۆسیقایەکی وشك زیاتر نییە. بگرە لە ڕووی سیفەتی درامایشەوە هیچ نییە.

کچ: جۆری ئەو جووڵەیە چیە کاتێ کە دەستت کرد بە هەژماردنی ناوی ئەکتەرەکان و گفتوگۆکانیان لە دەورەکانیاندا، من پەژارە و غەمگین و پەرێشان بووم. ئەو قەدەت لەبیرچوو کە لەسەری ڕێککەوتین؟ لەسەر پێویستی بوونی بیرکردنەوەی بە پەلە و هێز و ڕۆحی لەخۆبردووانە و شتی تر ڕێککەوتین.

من: نەخێر. لە بیرم نەچووە، بەڵام پێم خۆش بوو تۆ بیڵێی "شتێکە و پەشیمانی بە دواوەیە". بۆئەوەی لە کاتی ئەم قسەیەدا بەزەیی لە دەروونت بوروژێنم و، وات لێبکەم لە هەستی خۆت بگەیت و هاوسۆزبیت لەگەڵیا. ئەوەیە کە وای لە تۆ کرد بیر لە وشەکانی بکەیتەوە، بە خودی خۆت توانیت بگەیتە ئەو ئەنجامەی کە من مەبەستم بوو.

کچ: واتە تۆ لاواندنەوەت بۆ من دروست کرد بۆئەوەی بیری لێ بکەمەوە؟

مـــــن: بـــــەڵێ.. بـــــەهێزەوە و بـــــە ڕۆحێکـــــی لەخۆبردووانـەو بیرکردنەوەیـەکی خێـرا ئـەم دەورەت بینی.

کچ: ئایا دەتـوانی جووڵەیـەکی تـر بە هـەمان ئـەو وشانە بکەیت و بگەیتە هەمان ئەنجام؟

من: بەڵێ. بەڵام تۆ ئەو جووڵەیەت وروژاند.

کچ: من؟

مـن: بـەڵێ. ڕاسـتتر بڵـێین ڕەوشـت و ئاکـاری تـۆ. ڕێگـەی کارکردنـە سـەر تـۆ یـان ئـەو ڕێگەیـەی کـە کاریگـەری لەسـەر تـۆ هەیـە سـۆزەکانە. باوەڕهێنـانی ژیرانە دوورە لە بیرکردنەوەی تۆدا، فیکری تۆ فیکری ئـەو هونەرمەندەیـە کـە بایـەخ بـە خـەیاڵی خـۆی و خەیاڵی خەڵکانی تر دەدات.

ئەگـەر بێتـو لـە جیـاتی تـۆ لەگـەڵ مامۆسـتایەکی ئەزموندیـــدەی مێـــژوودا بووبـــام، هـــەرگیز باســـی لاواندنەوەم نەدەکرد، هـەوڵم دەدا لـە ڕێگـەی وێنەیـەك لـە ڕابـردووەوە فریـوی بـدەم —ئـەوەش خـاڵی لاوازی هـەموو مێـژوو نووسـەکانە— ئـەو قسـەیەی کـە مـن دەمکرد هەر دەبووایە یەکسەر کاری تێبکات.

کچ: بەڵێ مانای ئەوەیە ئەکتەر جووڵەکەی خۆی بـــە پێـــی سروشـــتی ئـــەو دەورە هەڵبـــژێرێت کـــە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

**من: هەمیشە و بە بەردەوامیش. بەڵام هەر تەنها بۆ سروشتی دەورەکەی نا، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ تاکێتی ئەو ئەکتەرەی کە ئەم دەورە دەبینێت.**

**کچ: جووڵەکە چۆن لەبەر بکەم؟**

**من: دوای ئەوەی هەست دەدۆزێتەوە لە ڕێگەی (کارتێکەرەکان یان یادەوەرییەکان) گفتوگۆی ڕابردووت نایەتەوە بیر؟**

**کچ: بەڵێ، بیرم کەوتەوە.**

**من: تۆ ئامادەی بۆ جووڵەکردن. پرۆڤەکان ئەو کارە دەکەن. تۆ چەندین جار جووڵەکە دووبارە دەکەیتەوە و ئینجا لەبەری دەکەیت. جووڵە بە ئاسانی بە بیرت دێتەوە. ئاسانترە لە وشەکان. ئێستا پێم بڵێ، لە میانەی ئەو نۆ دایەلۆگەی شانۆگەریەکەماندا چیت نواند ئەو شانۆگەرییەی کە هەر ئێستا پێشکەشمان کرد.**

**کچ: (بە کامی دڵ و تەواوی هەستەکانیەوە دەست بە هەژماردنی خێرا و بەهێز دەکات) ئازارم دای و گاڵتەم پێکردی و ڕقم بووەوە و گازاندەشم لێت کرد و باوەڕیشم پێنەکردی.**

**جووڵەی تۆ ئێستا چییە، لە کاتێکدا ئەو کردارە دزێوانە بە سەر مندا دەبارێنیت؟**

**من.. من.**

**هێی، جووڵەکەت چییە؟**

**من بۆت دەسەلمێنم کە باوەڕم بەوە هەیە کە تۆ دەیڵێیت.**

**منیش باوەڕت پێدەکەم، چونکە تۆ ئەمەت بە جووڵە سەلماند.**

# وانەی چوارەم

## بنیاتنانی کاراکتەر

لە لای دەروازەی شانۆکەدا، چاوەڕوانی کچەم دەکرد. ئەم کچە لەم تیپەیە کە شانۆگەرییەکی گرنگ پێشکەش دەکات. داوای لێکردم دوای تەواوکردنی پرۆڤە بیگەیەنمەوە ماڵەکەی خۆی. چونکە حەزدەکات لە بارەی دەورەکەیەوە گفتوگۆم لەگەڵدا بکات.

هێندەی نەبرد. دەرگاکە کرایەوە و بە پەلە هاتە دەرەوە. گەلێك هیلاك و شەکەت دیاربوو، چاوەکانی دەبریسکانەوە و، قژی ناڕێك و پەرش و بڵاو بوو، دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو.

کچ: داوای لێبووردن دەکەم لەوەی کە نائومێدت دەکەم و ناتوانم لەگەڵت بێمەوە بۆ ماڵ، ئێستا ناگەڕێمەوە. دەبێ بۆ پرۆڤەی تریش بمێنمەوە.

من: بینیم هەموو ئەکتەرەکان دەرچوون. ئایا تۆ بە تەنیا پرۆڤە دەکەی؟

کچ: (بە خەمبارییەوە سەری خۆی ڕادەهەژێنێت) بەڵێ.

من: ماندووبوونی تر؟

کچ: زۆرە.

من: ئایا دەتوانم بێمە ژوورەوە و تەماشای پرۆڤەکەت بکەم؟

کچ: بە گومان بووم و ترسام لەوەی ئەو داوایەت لێ بکەم.

من: بۆچی؟

کچ: (لەسەر پەنجەکانی هەردوو پێی ڕادەوەستێ و، بە گوێمدا دەچرپێنێ و، لە هەمان کاتدا ترسیش لە چاوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە) من خراپم زۆریش خراپم.

من: بە پێچەوانەوە، پێخۆشحاڵم بەوەی کە پێم بڵێیت (وەرە سەیرم بکە. من زۆر باشم)

کچ: من پێت دەڵێم زۆر خراپم، چونکە هەڵەی تۆیە. لەو دەورە نوێیەدا هەرچی گوتت کردم، ئێستاشی لەگەڵدا بێت باش نیم و زۆر خراپم.

من: باشە مەجالم بدە با سەیرت بکەم. (بەلای پیاوێکی پیردا تێدەپەڕین و کراسێکی قۆپچە بچووکی لەبەردایە و، نەرگیلە دەکێشێت. بە چاوە قووڵەکانی لەژێر هەردوو برۆ گەورەکەیدا سەیری من دەکات و، ڕیشی تاشیوە و نایەڵێت کەس بچێتە ژوورەوە، هەر بوونی لەوێ خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە ڕێگە بە کەس نادات بچێتە ژوورەوە. ئەویش دەوری خۆی

دەبینێت، ئەو تەنها پاسەوانیش نییە. دەستی خۆی لە جووڵەیەکی زۆر جواندا بەرزدەکاتەوە).

کچ: باوکە مەسەلەیەك نییە، ئەو لەگەڵ منە. (پیاوەکە بە بێدەنگی سەری دەهەژاند و، لە چاوەکانیدا مۆڵەت پێدانی چوونەژوورەوە خوێندرایەوە. لەگەڵ خۆمدا قسە دەکەم) ((هەر دەبێ مرۆڤ ببێتە ئەکتەر بۆئەوەی بتوانێت ببێت بە ئەسپێکی بێ مەسرەف. پرسیم ئایا ئەو ئەکتەرە؟ هەر لە ناو شانۆکەدا شەپقەکەم لەسەرم داکەند. ئەوکاتە شانۆ تاریك بوو، تەنها خەرمانەی یان تیشکی گلۆپێك لە ناوەڕاستی تاریکاییدا ڕەنگی دایەوە. کچەکەش دەستی گرتم و بەقادرمەکان هاتینە خوارەوە و لە کورسییەکانی پێشەوە دانیشتین)).

کچ: تکا دەکەم لێرە دابنیشە و قسە مەکە و مەمپچڕێنە و لێم گەڕێ با چەند دیمەنێکت بۆ بنوێنم یان نمایش بکەم، ئینجا هەڵەکانم پێ بڵێ.

(دەگەڕێتەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ، منیش بە تەنیا لە ناوەڕاستی ڕێزە کورسییەکاندا دانیشتووم. سێبەرەکان خەریکە نامۆ و ڕوون و ئاشکرا دەبن. هێمنیش باڵی بەسەر ژیاندا کێشاوە و، لە بەرامبەر ئەو هێمنییەدا کاردانەوەم دەبێت و، دەمارەکانم

خاوبوونەتــەوە و، وەك ئەوەیــە كــە دەزووی یــەك لــە ســـۆزو چــاوەڕوانیدا بنێرێـــت بـــەرەو نهێنـــی ئـــەو تاریكاییــەی لــە پێشــم دایــە، واتــە شــانۆی بــەتاڵ. لــە پڕێكــا ســەلام كردنێكــی نامۆییانــە بەســەرمدا بــاری و ڕاچڵەكیم و، وام هەست كرد جەستەم نیوەی مردووە و ڕۆحــی كەسێكی دی لــە جەستــەمدا بژێنێتــەوە و لــە ناخمــدا مــردووبم و بــۆ جیهــانی دەرەوەش زینــدوو. چاودێری بەشداریش لە جیهانی حەیاڵیدا دەكەم و، بێدار دەبمــەوە و دڵــم پــڕە لــە خەونــەكان. كــە ئەمانــە ژەهری شیرینن بۆ شانۆی بەتاڵ. بۆ تەختــەی شانۆی بەتاڵ و ئەو ئەكتەرەی پرۆڤەی لەسەر دەكات. كچە بە دەردەكـــەوێ و كتێبێكـــی بەدەســـتەوەیە. دەیـــەوێ بیخوێنێتـــەوە بـــەلام وا دیــارە قــژی كراوەتــەوە. لــە ڕاســتیدا ئــەو چــاوەڕوانی یەكێكــە، كەسێك كــە بــە نیسبەت ئەوەوە زۆر گرنگە و لــە هــەمان كاتــدا لێشــی دەترســێت. ســەیری دەوروبــەری دەكــات، هـــەروەك ئـــــەوەی چـــــاوەڕوانی ڕەزامەنـــــدی و ئامۆژگـــــاری برادەرێكی شاراوە و نادیار دەكات. لە پڕا كەسێك لە دوورەوە دەبینێـــــت. جەســـــتەی ڕەق دەبێـــــت و هەناســـەیەكی قـــووڵ هەڵدەكێشـــێت و هـــەر دەبـــێ ترســـابێت هـــەروەكو ئەوەیـــە كـــە لـــە كتێبەكـــەدا بیخوێنێتــەوە. بــەلام ڕوونــە كــە ئەو لەگەڵیــدا وشــەیەك

نابینێت. ورتە لە دەمییەوە نایەتە دەرەوە. بە وردییەوە چاودێری دەکەم و، لەگەڵ خۆمدا دەدوێم.

من: ئەوە زۆرباشە، کچەکەم بە ڕاستی زۆر جوانە، ئێستا ئامادەم گوێ لەم هەموو وشانە بگرم کە تۆ دەیبێژی. (کچەکە گوێ دەگرێت. جەستەی ڕەق دەبێت کتێبەکە زۆر بە ئاسانی هەڵدەگرێت و سەری خۆی کەمێك بە لایەك دەسووڕێنێت کە وا دیارە یارمەتیدەرێکی ناهوشیارانەی ئەو گوێیەیە کە ئەو وشە شاراوانە دەبیستێت کە دەچێتە ڕۆحییەوە. سەری خۆی بۆ ڕادەهەژێنێت).

کچ: باشە لۆردی بەڕێزم. چۆن؟

(دەنگەکەی ڕەنگ لە خۆشەویستییەکی دڵسۆزانەو ڕێزێکی زۆر دەداتەوە. کاتێ کە قسەدەکات هەروەکو ئەوەیە کە لەگەڵ برایەکی گەورەیدا قسە بکات، ئینجا بە ترس و لەرزێکەوە سەیردەکات و هەروەکو ئەوەیە کە چاوەڕوانی وەڵامێك بکات. وەڵام دێت و چاوەکانی بۆ ماوەیەکی کەم دەنووقێنێت)

ئەی لۆردی بەڕێزم
یادگاریم لەسەر تۆ هەیە،
حەزم دەکرد بۆتی بگێڕمەوە

**تکا دەکەم ئێستا قبوڵی بکەیت**

**(چـــی ڕوودەدات ئەگـــەر ئـــەو ڕاســـتی نـــەڵێت. ترسـێکی چـاوەڕوانکراو لــە دەنگیــدا دەوەســتێت، هــەروەکو ئەوەیــە کــە جــارێکی تــریش ســەیری دەوروبــەری خــۆی بکــات و هــەروەکو ئەوەشــە کــە چـاوەڕوانی یارمـەتی برادەرێکـی نادیـار دەکـات و لـە ناکاوێکـــدا دەگەڕێتـــەوە یـــان پاشەکشـــێ دەکـــا و هەروەکو بڵێی وەڵامی پرسیارەکەی وەرگرتبێتەوە، وا دیـارە وەڵامەکـە وەك گـورزێکی کوشـندە لـە دڵـی درا. کتێبەکەی لە دەست دەکەوێت و پەنجە لەرزیوەکانی بە یەکەوە دەگرێ و بەلای پێشەوەدا دەچەمێتەوە).**

**ئـــەی لـــۆردی بـــەڕێز، خـــۆت بـــاش دەزانـــی کـــە ئیشەکەت کردووە و، وشە شیرینەکانت داوە بە من و وات لــە شــتەکان کــردووە دەوڵەمەنــدتر بـن —بـۆن و بەرامی یان تام و چێژی جارانی نەماوە و ڕۆیشتووە. جارێکی تریش بیبەرەوە.**

(دەنگـی دەوەسـتێت، ئینجـا بـە هـەموو هێـزی خۆیەوە و لە پڕێکا و بۆ بەرگریکردن لـە کەرامـەتی بە هەق خوراوی و خۆشەویستییەکەی هەڵدەستێتەوە).

ها بیگرە لۆردی بەڕێزم.

(وا دیـارە بەژنەکـەی درێـژ دەبێتـەوە. ئـەوەش لـە ئـەنجامی ئـەو هەماهەنگییـەوە دێـت کـە لـە نێـوان ماسـوولکەکان و سـۆزەکاندا هەیـە. ئەمەشـیان یەکـەم نیشـانەی ئەکتـەری پرۆڤـە پێکـراوە. هەرچـەندە سـۆزەکان بـەهێز بـن و دەنـگ سەربەسـتر دەبێـت و، ماسوولکەکانیش خاودەبنەوە.

ئەی لۆردی بەڕێزم؟

(لەو لەشە نەرم و نیانەدا خەریکە دەنگی نێرانە – پیاوەتی– ڕەنگ بداتەوە)

لۆردی بەڕێزم مەبەستت چییە؟

(ترسـەکەی ڕەوییـەوە یـان لـە بیر نـەما و ئێسـتا هـەنگاو بـە هـەنگاو قسـەی لەگەڵـدا دەکـات). سـەیری دەوروبەری خۆی ناکات بۆ داواکردنـی هاوکاری یان دڵنیـابوون لـە جووڵەکـەی. وشـەکان بـە هـۆی ڕووبـەرە تاریکەکانەوە دەنێرێت، بەبێ چاوەڕوانکردنی وەڵام.

"ئەی لۆردی بەڕێزم، ئایا جوانی دەتوانێت دەوری خۆی لە دڵسۆزی باشتر ببینێت؟"

ڕووخساری گۆڕانکاری بەسەردا دێت و، ڕەنگ لە چاو و لێوە لەرزیوە بە ئازارەکان و نەرمی و خەمباریو خۆشەویستی دەداتەوە. ئێستا تێگەیشتم کە دوژمن ئەو خۆشەویستەیە کە بە ڕستەیەکی چرپەئامێز قسەدەکات و هەروەکو بای گریاناوی وایە).

"لۆردی بەڕێزم، تۆ وات کرد باوەڕ بەوە بهێنم".

بێدەنگییەکی درێژ. هەروەکو ئەوەیە وشە نابیستراوەکان لە تووڕەیی و شەرم و تۆمەتەکان وەربگرێت، وشەکان فڕێ بداتە سەر زەوی لە پێناو بیرکەوتنەوەی ئەو کەسەی کە لە دڵسۆزیاندا لە بیری کردبوو، بەڵام هەتا ئێستا بە سەریدا زاڵە و کە بە ڕاشکاویش ڕای خۆی پێ گوتووە. ئەو ئێستا بە تەواوەتی هەستی پێدەکات. ئەو هەر تەنها خۆی نییە، بەڵکو کچێکی گوێڕایەڵە و کەرەستە یان ئامێرێکیشە بەدەست باوکییەوە. لە پڕا دەلەرزێت و پرسیاری یەکلاکەرەوە دەبیستێت، پرسیاری ڕاچڵەکێنەر و جارێکی تریش وەڵامێکی درۆزنانەی بۆ دێتەوە، درۆزنانەی ئازاردەر).

لە ماڵەوە لۆردی بەڕێزم.

(ترس دایگرتووە و بێ ئومێدیش وای لێدەکات کە بە سۆز لە دڵەوە بگرێیت، هەروەکو ئەوەی کە بە

هەموو گیانییەوە بگریێت. ئاخ. چیم کرد؟ ئینجا لەو خوایە دەپاڕێتەوە کە ئەو بە تەنیا دەتوانێت یارمەتی بدات).

"ئەی ئاسمانی خۆشەویست. یارمەتی بدە، یارمەتی بدە"

(بەڵام ئاسمان و زەوی بێدەنگن. تەنها دەنگی بروسکەش کە ئەو کچە دەیبیستێت دەنگی ئەو کەسەیە کە خۆشی دەوێت و باوەڕی پێیەتی. وە ئەو وشانەی کە لە دوای ئەو دەنگەوەن هەروەك ئەو دووپشکانەن کە پێوەدەن و هیچ ئاماژەیەك لە تێگەیشتن و نەرمی و ئاوازی بەزەییەوە تێناگەن. ڕقەبەرایەتی و تاوانبار کردنی یەکتری، کۆتایی جیهانە. جیهان بە نیسبەت ئێمەوە ئەو جیهانەیە کە خۆشمان دەوێت. بە نەمانی خۆشەویستی دنیاش لەناودەچێت. کە جیهان نەما، ئێمەش نامێنین. بەوە دەتوانین هێمن و بەتاڵ بین و، هەست بە هیچ شت و کەسێك بکەین لە دەوروبەرمان. ئەو کچە لە یەك خولەکدا دەتوانێت لە قەوارەی خۆیدا گرنگ و بەهێز بێت. دەتوانم ئەوە لە لەشە ئامادە (المشدود) و چاوەکراوەکانیدا بەدی بکەم یان ببینم. بگرە ئەگەر بێتو سوپایەکیش لە باوکان لە دوایەوە بن ئەو هەر بە

تەنها دەبێت. ئەو وشە ئازاردەرانە تەنها بۆ خۆی دەڵێتەوە، کە دوا وشەکانی عەقڵی کەسێکی تێگەیشتووە کە دەیەوێت دڵنیا بێت لەوەی لە چرکەی یەکەمدا چی ڕوویداوە.

پرۆسەیەکی ئازاردەرانەیە. هەروەك ئەو ڕۆحە وایە کە لە جەستە دەردەچێت.

وشەکانیش لە ڕیتمی خێرادا پێشبڕکێ دەکەن. دەنگی خاو و فرمێسکی ورد بەس نییە بۆ دوا ماڵئاوایی، قسەکردنیش هەروەك بەرد وایە دەکەوێتە شوێنێکی یان دەریایەکی بێ بن، یان دەکەوێتە ئەو شوێنەی کە بێ بنە"

"ئاخ بۆ ئەو عەقڵە زیرەکەی لێرە کۆتایی دێت" ئەو هەروەك چاو وایە بۆ سەربازەکان و خوێندکارەکان و پیاوانی دەربار و زمانیان و شمشێرەکانیان.

(لەسەر چۆك دێتە خوارەوە و، ماندوو هیلاکە و بە هۆی ئەو تاریکاییەی کە شانۆی بەتاڵی پڕکردۆتەوە سەیری من دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ شتێك ببینێت. وە شێتێتی یان شێتبوون دوای ئەوە دەبێتە شێتی لۆژیك (منطق) بۆ ئەو عەقڵەی کە لەو جیهانەدا ون بووە). (لەو حاڵەتە تەواو دەبێ و لەسەر زەوی

ڕمبازی دەکات و سەری خۆی دەخورێنێ و پرچە ئاڵتوونییەکەی دەهەژێنێ و، بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و بە دەنگە گەنجێتی و پڕ لە حەماسییەکەی دەڵێت).

کچ: لەوە زیاترم پێناکرێت، هەروەکو "گۆردن گریك" گوتوویەتی (بە ڕاستی ناخۆشە یەکێك توانای لەوە زیاتری نەبێت) (بۆ جاری دووەم پێدەکەنێت و لە پێکەنینەکانی ئەکتەری سەرکەوتوو یان لێهاتوو دەچێت. هێزی کەسێکی وەستاو هەرچۆنێك بێت کە ڕەنگ لە نواندن دەداتەوە" هەستکردن بە ژیان لەودا بەبێ کەمترین ماندووبوون کۆتایی دێت).

من: وەرە ئێرە (لەبەر ڕووناکییەکانی شانۆ ڕادەوەستێت و دێتە لای کورسی تەنیشتەوە و چوار چمکی لەسەری دادەنیشێت). چی بە تۆ دەڵێت؟

کچ: بە من دەڵێت زیادەڕۆیی لە نواندن دەکەم. وە من سۆز پارچە بە پارچە دەکەم. چ کەسێك هەیە باوەڕ بە من نەکات. من دەمەوێ خەواندن (التنويم) بکەم نەك نواندن، وە من تەندروستی خۆمم ناوێت.، ئەو جۆرە نواندنە هیچ شتێك بۆ خەیاڵی بینەر ناهێڵێت، وە ئەو دڵسۆزییە تەواوەش لە نواندندا کە بینەر هەراسان دەکات و بەو کەسەشی دەچوێنن کە لە

ناکاو بە ڕووتی لەناو کۆمەڵەیەکدا بە دەربکەوێت و جلوبەرگی خۆی لەبەربکات ئایا ئەوە بەسە؟

من: نەك هەر بەسە، بەڵکو ڕاستیشە.

کچ: هەتا تۆش برۆتۆس؟ تۆ ناماقووڵی. ئەوەی فێرت کردم هەموویم نواند.

من: دەبێ دان بەوەشدا بنێم کە زۆر بە جوانی نواندت.

کچ: بەڵام من لەوە تێناگەم کە تۆ هێندە دژی خۆتی.

من: نەخێر. نەخێر هەرگیز، ئەوەی کە فێرم کردیت لە نواندنیدا زۆر دڵسۆز بوویت و هەتاکو ئێستا شانازیت پێوە دەکەم، من کە دەڵێم هەتا ئێستا دەبێ هەنگاوێکی تر بنێیت. ئەوانە زیادەڕۆییان نەکردووە کاتێ کە بە تۆ دەڵێن بەو کەسە ڕووتە دەچێت کە لە ناوەڕاستی ئەو جەماوەرە دای کە بە تەواوەتی جلوبەرگیان لەبەرکردووە. ئەوە ڕاستەو نیگەرانیشم ناکات، چونکە ماهیەتی ئەوەیە کە پێی هەڵدەستێت، بەڵام بینەر نیگەران دەبێت، چونکە ئەوان ئەنجامی کۆتاییان دەوێت.

کچ: ئایا مەبەستت ئەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی تر و ڕاهێنانێکی دیکە بکەین.

من: بەڵێ، من ئەوەم گەرەکە.

کچ: من تەسلیم دەبم، بەلاّم بەردەوام دەبم.

من: بە هیچ شێوەیەك نابێ تەسلیم ببیت. ئەوەی بە نیازم ئێستا بە تۆی بڵێم، ئەگەر بێتو بە تۆی نەڵێم دەبێ بە خۆت کاری بۆ بکەیت تا دەیدۆزیتەوە. ڕەنگە دوای چەند ساڵێکی تر پێی بگەیت. بەلاّم گومانی تێدا نییە کە تۆ کار بۆئەوە دەکەیت لە داهاتوودا هەنگاوی باشتر بنێیت. تاکو ئەوە دەکەیت، تۆ لەو ڕادەیە ناوەستیت و گرفتێکی نوێتر سەرهەڵدەدات، لەو کاتەشدا هەوڵ دەدەیت بە سەریدا زاڵ بیت و هەروەها.

کچ: بەبێ کۆتایی؟

من: بەبێ کۆتاییو، بە هەموو توانایەکەوە دەبێ بەردەوام بیت. ئەوەیە تەنها جیاوازی لە نێوان هونەرمەند و دروستکەری پێلاّودا، کاتێ کە دروستکەری پێلاّو لە کارەکەی دەبێتەوە، ئەوکاتە کارەکەی تەواو دەبێ و هەموو شتێك لەبیر دەکات. بەلاّم کاتێ کە هونەرمەند لە کارێکی هونەری دەبێتەوە، بەوە کۆتایی نایەت، بەڵکو تەنها هەنگاوێکی ترە. هەموو هەنگاوەکان لە دوای یەکەوە دێن.

کچ: ئەگەر بێتو تا ئەو پلەیە ژیرانە نەبوایە، هەروەك مامۆستای وەرزش كە دەڵێ (یەك، دوو، سێ، چوار)، ئەوە پێیان نەدەگوت هونەر، بەڵكو شتێكی دوور و جیا بوو، تەنها پیشەسازی بوو. تۆ وەك دروستكەری یان وەستای دۆلابە كۆنەكانی.

من: مەبەستت دروستكەری سۆزەكانە؟ سوپاسی ستایشەكەت دەكەم. ئایا دەتەوێ بگۆڕێم و ببم بە بەرگدروو بۆ داپۆشینی سۆزەكانت؟ من و سەرۆكەكانت لەسەر ئەوە كۆكین كە سۆزەكانت ڕووتن كچە بچكۆلەكەم. ڕووتن بە شێوەیەكی خەماوی.

كچ: (لە دڵەوە پێدەكەنێت) ئەوە نیگەرانم ناكات.

من: بەڵام من نیگەران دەكات. نامەوێ هیچ كەسێك پێم بڵێت تۆ بەدڕەوشتی، چونكە ئەوە سنووربەزاندنە لە ڕەوشتدا، بەڵام نەك بێ ڕەوشتی؟

كچ: (پێكەنینەكەی بەردەوامە) هەرگیز بیرم لەوە نەكردۆتەوە. تكا دەكەم داپمپۆشن، گوێ و لووت و چاو و سۆزەكان و هەموو گیانم ڕووتن.

من: بە یارمەتیت. سۆزەكانت تەنها بە ستایش كردن دادەپۆشم. ئەو هەموو شتانەی كە بۆم كردیت وەرت گرتووە بۆئەوەی دەورەكەتی پێ بنیات بنێیت، تێبینی كۆنترۆڵكردنی لەشی تۆ و تەركیزكردنی هەڵبژاردنی تۆم بۆ سۆزەكان و شیكردنەوەكانیان

کردووە. هەروەها تێبینی توانای تۆم کردووە لەسەر دەرخستنی هەموو سۆزەکان، ئەمانە هەر هەمووی زۆر جوان بوون و بە ڕاستی شانازیت پێوە دەکەم، بەڵام یەك شتت کەم بوو.

کچ: چییە؟

من: بنیاتنانی کاراکتەر.

کچ: ئاه. ئەوە ئاسانە. ئەوە ئەو کاتەیە کە جلەکانی دەورەکەم لەبەر دەکەم و خۆشم ئارایشت دەکەم.

من: ئازیزەکەم هیچ شتێك ڕوونادات.

کچ: چۆن ئەوە دەڵێی. کاتێ لە ئارایشت دەبمەوەو جلوبەرگ لەبەر دەکەم ئەوکاتە هەست دەکەم کە من ئەو کاراکتەرەم کە دەینوێنم. ئەوکاتە هەست بە خۆم ناکەم، بنیاتنانی کاراکتەر نیگەرانم ناکات، ئەمەیان بە خۆی دێت. (دەبێ هۆیەکی بەهێز بەکاربهێنم بۆئەوەی لەو لووت بەرزییەی دابەزێنم. لە گیرفانمدا بە دوای ڕۆژژمێرێکی بچووکدا دەگەڕێم و، لاپەڕەی یەکەم دەکەمەوە).

من: ئەمە بخوێنەوە.

کچ: یەکێك لە یاری و فێڵەکانت؟

من: (دەنکە شقارتە دادەگیرسێنم) بخوێنەوە.

کچ: (دەیخوێنێتەوە) "ئەکتەرێك بە دوای هونەری نواندندا دەگەڕا" لەندەن. ساڵی ١٧٥٠.

من: (لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە) لە بیرت نەچێ ساڵی ١٧٥٠ نزیکەی دووسەد ساڵ لەمەوبەر بووە. ئێستا بیخوێنەوە.

کچ: (پیتە کۆنەکان بە زەحمەت دەخوێنێتەوە) ئەو ئەکتەرەی کە گوزارشت لە هەڵچوون و کاریگەرییەکەی دەکات و، لە هەمان کاتدا ئەگەر ویستی ڕاستگۆ بێت لە دەورەکەی، بۆی نییە تەنها سۆزی هەڵچوونەکە لە مرۆڤایەتی وەربگرێت بەڵام دەبێ شێوەیەکی تایبەتی پێبدات..

من: (قسەکانی پێ دەبڕم) ئێستا لە خوێندنەوەدا دەنگی خۆت بەرزبکەرەوە و لە بیرت نەچێت..

کچ: (ئەوەی پێم وت کردی) "ئەوەی کە لێیەوە دیارە و لەناو ئەو کاراکتەرەدایە ئەوەیە کە ئەکتەر دەیەوێ پێشکەشمانی بکات" (ماوەیەك بێدەنگی. چاوەکانی بۆ لای من بەرزدەکاتەوە و، جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و بە تووڕەییەوە دووکەڵەکەی بە با دەکات. زانیم ئێستا گوێ لە من دەگرێت).

کچ: ئەو نووسەرە بەناوبانگەی کە دوو سەد ساڵ لەمەوبەر ژیاوە مەبەستی چی بووە؟

من: (بە تۆزێك سەركەوتنەوە) بەرلەوەی جلوبەرگ لەبەربكەی و خۆت ئارایشت بكەی، دەبێ بە تەواوەتی شارەزای كاراكتەرە كە بوو بیت.

كـچ: (قۆڵەكـەی خسـتە ژێـر قۆڵمـەوە و بـە نەرمییەكـەوە دەڵـێ) پـێم بڵـێ ئەمـە چـۆن بكـەم؟ (بـە زەحمەتـە مـرۆڤ لێـی تـوورە ببێـت) ئەگـەر جگـەرەت دەوێ دەتدەمێ.

من: (هەروەك ئەوەی چیرۆكێكی خەیاڵی كۆنی بۆ بگێڕمەوە) بچكۆلەكەم ئا بەم شێوەیە. ئەكتەر هەموو جارێك دەورێك لە دەورەكان دروست دەكات، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە ژیانی كاراكتەری مرۆڤێكی تەواو دەخولقێنێت، ئەو گیانی مرۆڤایەتیش دەبێ لە هەموو لایەنەكانی لەش و عەقڵ و سۆزدارییەكاندا ڕەنگ بداتەوە. وێڕای ئەوە ڕۆحەكەش دەبێ ئەو ڕۆحە بێت كە نووسەر یان دانەر بیری لێكردۆتەوە، هەمان ئەو ڕۆحە بێت كە دەرهێنەر بۆی شی كردیتەوە، ئەو ڕۆحەی كە لە ناخی تۆوە هێناویەتیە دەرەوە یان خستوویەتیە ڕوو، لەو ڕۆحە زیاتر شتێكی دی نییە. ئەو كاراكتەرەی كە ئەو ڕۆحەی هەیە لەسەر شانۆ، كاراكتەرێكە و كەم وێنەیە و جیاوازیشی هەیە لەگەڵ كاراكتەرەكانی تردا. هاملێت هەر هاملێتە و كەسێكی

دی نییە —ئۆفیلیاش هەر ئۆفیلیایە و لە ڕاستیشدا هەردوو کیان لە نەوەی ئادەمیزادن، بەڵام وێك چوون لێرەدا کۆتایی دێت. هەموومان ئادەمیزادین و هەمان ژمارەی دەست و پێمان هەیە و لووتمان لە هەمان شوێن دانراوە، بەڵام هەروەکو دوو گەڵای بە ڕوو لە یەك ناچن، هەروەها دوو بوونەوەری هاوشێوەش نییە. لە هەمان کاتدا لە یەکچووش نییە. کاتێ کە ئەکتەر ڕۆحێکی مرۆڤانە لە وێنەی کاراکتەرێکی شانۆیی دەخوڵقێنێت، دەبێ ئەو بنەما هۆشیارییە بگرێتە بەر کە سروشت پەیڕەوی لێدەکات و ئەوڕۆحە دەگمەن و تاك دەکات.

کچ: (بۆ داکۆکیکردن لە خۆی) بە ڕاستی ئەوەم نەکردووە؟

من: بە شێوەیەکی گشتی کردت. توانیت وا لە لەش و عەقڵ و سۆزی خۆت بکەیت کە وێنەیەك بخوڵقێنیت، دەشێ وێنەی هەر کچێکی گەنج بێت. وێنەیەکی دڵسۆزانە و باوەڕ پێکراو و بەهێز، بەڵام ڕووت (مجردة) دەکرێ بڵێین کاراکتەری (لیزا و ماری و ئان)ت کردبێت، بەڵام ئۆفیلیانە بێت. لەشەکە یان جەستەکە جەستەی کچێکی گەنج بوو، بەڵام

لەشی ئۆفیلیا نەبوو. عەقڵەکە عەقڵی گەنجێك بوو، بەڵام عەقڵی ئۆفیلیا نەبوو.

کچ: زۆر هەڵەیە. ئێستا چی بکەم؟

من: نائومێد مەبە. توانیوتە بە سەر زۆربەی ناخۆشییەکاندا زاڵ بیت. ئەو گرفتەش ئاسانە.

کچ: (بە ڕازی بوونەوە) هەرچۆنی دەزانی. ئێستا چ لەشێك هی ئۆفیلیا بوو؟

من: من چۆن بزانم؟ تۆ پێم بڵێ. کامەیان هی ئەو بوو؟

کچ: کچی یەکێك لە ئەندامانی دەرباری پاشا بوو.

من: ئەوە مانای؟

کچ: ئەو کە پەروەردەیەکی باش کراوە، زاڵە بەسەر خۆیدا، خواردنیشی باشە.

من: دوا سیفەت گرنگ نییە، بەڵام توخمی مێژوویی لە بیر مەکە. ئەوە لەشی بوونەوەرێکی پاکەو، هێز و ڕێزی خۆیان هەیە و کەسێك بە دیار دەخەن بۆئەوە لە دایك بووە کە ناونیشانی جۆرەکەی بێت. ئێستا بە دوور و درێژی جووڵەی سەری خۆت شی بکەرەوە، بڕۆ بۆ مۆزەخانەکانی ڕەسم یان بگەڕێوە بۆ کتێبەکان. سەیری تابلۆکانی ڤان دایك و ڕینۆلدز بکە. هەردوو دەست و قۆڵەکانت سروشتی و

دڵسۆز یان بە ئەمەك بوون بەڵام دەمتوانی یەکسەر پێت بڵێم کە ئەو دوو دەستە یاری تێنس دەکەن و، ماشێن لێدەخوڕن و ئەگەر پێویستی زیاتر بوو گۆشتی خۆش و بەتام ئامادە دەکەن یان لێیدەنێن- دیراسەی ئەو دەستانە بکە کە لە تابلۆکانی (بۆتشیلی و لیۆناردۆ و ڕافائیل)دا هەن یان بەدەردەکەون. جگە لەمە تۆ هەروەکو پیاوان بەڕێدا دەڕۆیت.

کچ: وێنەکان ناڕۆن بەڕێدا.

من: ئەگەر ویستت هەموو شتێك ببینیت، لە (عید الفصح- ڕێورەسمی جەژنی ئاشکراکردندا) بڕۆ بۆ کەنیسە و چاودێری کەژاوەی ڕاهیبە ژنەکان بکە.

کچ: ئەوە دەزانم، بەڵام چۆن دەتوانم چاودێری ئەو هەموو شتە بکەم و بیخەمە دەورەوە؟

من: ئەوە زۆر ئاسانە. ئەوە لە ڕێگەی دیراسەکردنی و تایبەت کردنی بە خۆتەوە دێت. لە ڕێگەی چوونە ناو ڕۆحی دەورەوە دێت. دەستە جیاوازەکان دیراسە بکە. لایەنە لاواز و نەرمییەکەی تێبگە کە لە نەرمی گوڵ دەچێت، بچووکی ئەو دەستانە و نەرم و نیانییان. دەتوانی بەسەر ماسولکەکانت زاڵ بیت. دەستت ئاوا بقوچێنە. دەبینی لە پێشتر چۆن بچووکتر دەبێتەوە. ئەگەر بۆ

ماوەی دوو ڕۆژ مەشقت لەسەر ئەوە کرد، بیر لەو پرۆسەیە ناکەیتەوە. ئەوکاتە دەبینی دەستت بچووك دەبێتەوە و هەرکاتێکیش ویستت دەتوانی ئەنجامی بدەیت. وە کاتێ بەو دەستە دڵی خۆت دەگری" ئەو جووڵەیەی کە دەیکەی جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە کردووتە. ئەوکاتە دەستی ئۆفیلیایە لەسەر دڵی خۆیەتی، نەك دەستی کچێکی گەنج لەسەر دڵی بێت.

کچ: ئایا دەتوانم تەنها وێنەیەك دیراسە بکەم تێبگەم، یان زۆر وێنەی جیاواز؟

من: نەك هەر وێنەی جیاواز، بەڵکو کاراکتەری هاوچەرخیش دەتوانی بە تەواوەتی یان بە چەند بەشێکی دیراسە بکەی. دەتوانی دەستەکانی بۆتشیللی و، وەستانی ڤان دایك و قۆڵەکانی خوشکەکەت و، مەچەکی (ئەنجا ئەنترز) وەربگریت (نەك لەبەرئەوەی سەمازانە، بەڵکو لەبەر کەسێتی خۆی) ئەو هەورەی با دەیهێنێ و دەیبات دەتوانێ سروش لە ڕۆیشتنی تۆ بکات. ئەمانە هەموو وات لێدەکەن کە تۆ ببیتە بوونەوەرێك لە توخمی جیاواز پێکهاتبی، هەروەکو ئەوەی کە (تابلۆید) دەبێتە

وێنەیەکی ئاڵۆز بۆ کەسێك یان ڕووداوێك لە نێوان دەیان وێنەدا.

کچ: ئەوە کە پێویستە لە سەرمان بیکەین؟

من: ئەوی ڕاستی بێت وا باوە، لە دوو ڕۆژ یان لە سێ ڕۆژی کۆتایی پرۆڤەکەدا بیکەین هەروەکو ئەوەی کە تۆ ئێستا لەسەر شانۆی. ئەمە مەکە هەتا بە تەواوەتی لە دەورەکە و بنیاتنانەکەی نەزانیت یان تێ نەگەیت. بەڵام ئەو بنەمایە شتی ناوازە (شاذ) یان خواروخێچی تێدایە. هەندێ لە ئەکتەرەکان پێیان باشە لە بیناکردنی کاراکتەرەوە دەست پێبکەن. ئەوەی کە لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەو ڕێگەیەیە لە وانی تر بە زەحمەتترە و ئەنجامیش وەکو خۆی نایەتەوە، هەروەها هەڵبژاردنی توخمەکانیش عاقڵانە نییە و هەروەکو ئەوەش بێت کە تۆ دەزووی ناوەوەی دەورەکەت گرتبێت. ئەوە هەروەکو کڕینی جلوبەرگە و فرۆشیار پێوانەکانی بۆ نەکردووی.

ئەو هەموو شتانە چۆن لەگەڵ سروشتی خۆت ڕادەهێنی؟ چۆن لەگەڵ خۆتدا دەری دەکەیت؟ چی دەکەی بۆئەوەی وای لێ بکەیت کەسێکی ڕاستەقینە بنوێنی و باوەڕی پێ بکرێت؟

من: لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی پرسیارەوە وەڵامت دەدەمەوە. چۆن فێری ئەو ڕەفتارە باشە بوویت؟ چۆن فێری بەکارهێنانی دڕك و چەقۆ، یەکسەر دانیشتن بوویت بەبێ جوڵاندنی هەردوو دەستەکانت؟ چۆن توانیت خۆت ڕابهێنی بۆ لەبەرکردنی جلوبەرگی کورت لە زستانی ڕابردوودا و، جلوبەرگی درێژیش لەم زستانەدا؟ چۆن فێری ڕۆیشتن بوویت لە یاریگەی گۆلف بە ڕێگەیەکی وا کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەو ڕۆیشتنەی کە لە بازنەی (حلبة) سەمادا هەیە؟ چۆن فێربووی دەنگێکی دیاریکراو لەناوماڵدا بەکاربهێنی بە جیاوازی ئەو دەنگەی کە لە ماشێنی کرێدا بەکارت هێنا؟ ئەم شتانە و سەدان گۆڕانکاری تر بە نیسبەت کاراکتەرە جەستەییەکەتەوە وای لە تۆ کردووە بگەیتە ئەم ڕۆژە یان ئێرە. وە لەو هەموو شتانەدا نموونەی زیندوو بەدی دەکەیت لەو ژیانەی کە لە دەوروبەرتدا هەیە، ئەوەی کە بۆ تۆ پێشنیاری دەکەم هەمان شتەو، تەنها شارەزایانە (محترفة) پێشکەشی دەکەیت. ئەوەش مانای وایە بە ڕێکوپێکی لێی دەکۆڵینەوە لە ڕێگەی ڕاهێنانێکی زۆر یان قووڵ بۆ سەرجەم ئەو توخمانەی کە لە دەورەکەتدا وات لێدەکات ببیت بە کاراکتەرێکی جیاواز و کەم وێنە.

کچ: لەبەرئەوەیە لە سەرەتای گفتوگۆکاندا پێت گوتم کە دەبێ توانای کۆنترۆڵکردنی هەموو ماسوولکەکانی لەشی خۆمم هەبێت، هەتا زوو فێرببم و زووش ئەو هەموو شتانەم بیربکەوێتەوە.

من: زۆر ڕاستە. زوو فێربە و بە بیرت بێتەوە، چونکە تۆ بە تەواوەتی پێویستت بە ژیان هەیە بۆ ئەوەی فێری ڕەفتاری چاك ببیت؟ لە کاتێکدا چەند ڕۆژێکت لە پێشدا ماوە بۆ ئەوەی دەورەکەت بە جەستە بە ڕێکوپێکی یان بە جوانی پێشکەش بکەیت؟

کچ: لە ڕووی عەقڵییەوەش؟

من: پێکهاتنی کاراکتەر لە ڕووی عەقڵییەوە لەسەر شانۆ مەسەلەکەی ئیقاعە. ئیقاعی فیکر، ئەگەر بۆم هەبێ ئەم قسەیە بکەم. ئەوەندە گرنگ نییە بۆ کاراکتەرەکەت، ئەوەندەی گرنگە بۆ دانەری ئەو کاراکتەرە، واتە دانەری خودی شانۆنامەکە.

کچ: دەتەوێ بڵێی نابێ ئۆفیلیا بیربکاتەوە؟

من: ناتوانم ئەوە بڵێم، بەڵام دەڵێم شکسپیر لە جیاتی ئەو بیری لێ کردۆتەوە، تۆ کاتێ کە دەوری ئۆفیلیا یان هەر کاراکتەرێکی تری شکسپیر دەبینی یان دەنوێنی، لە کاتی کارکردندا دەبێ عەقڵی

شکسـپیر بنـوێنی. ئـەوەش لەسـەر هـەموو دانـەرێك جێبەجێ دەبێت کە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆی هەیە.

کچ: لە ڕاستیدا من هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە. مـن هەمیشـە لـە هـەوڵی ئـەوەدا بـووم بـەو ڕێگەیـە بیربکەمەوە کە خەیاڵم بۆی چووە و دەبێ کاراکتـەری شانۆنامەکە بیری لێ بکاتەوە.

مـن: ئـەوە هەڵەیـە و خەریکـە هـەموو ئەکتـەرەکان تێـی دەکـەون. جگـە لـە بلیمەتـەکان. بـەهێزترین چـەك لای دانـەر عەقڵیـەتی، نرخـی ئـەو عەقڵـە و خێرایـی و زیرەکـی و قـووڵی و شـارەزاییەکەی ئەوانـە هـەر هـەمووی گـرنگن بـەبێ چاوپۆشـین لـەوەی کـە ئـەوە نووسراوە بۆ دەوری کالیبان یان ژاندارك یان ئۆزوالد. لێبـووکی دانـەر گاڵتـەجاڕتر نییـە لـە عـەقڵی دروستکەرەکەی، پەیامبەر عاقڵ تـر نییـە لـەو کەسـەی کـە بیری لێکردۆتـەوە. ڕۆمیـۆ و ژۆلیێتت لـەبیرە؟ لادی کابۆ لە بارەی ژۆلیێتەوە دەڵێت (ئەو هێشتا نـەبووە بـە چـواردە سـاڵ ئینجـا دەبیـنین ژۆلیـێت پـاش چـەند لاپەڕەیەکی کەم دەڵێـت (کەرامـەتی مـن وەك دەریا بێ سنوورە و خۆشەویستی من ئەوەندە قووڵە و هـەروەك دەریا وایە، هەرچەند زیاد بکات نە دەیـدەم بـەو و نـە دەبمە خاوەنی. هیچیان کۆتاییان نییـە، کۆنفۆشیوس

یان بودا یان سانت فارنسیس دەتوانن ئەوە بڵێن.
ئەگەر ویستت دەوری ژۆلێت ببینی بە عەقڵیەتی کچێکی چواردە ساڵی، خۆت ون دەکەی. ئەگەر بێتو هەوڵتدا کاراتەرەکە لەوەی شکسپیر گەورەتر بکەیت، بەوە تۆ بیرۆکەی شانۆیی ناهێڵیت، کە بیرۆکەی بلیمەتێکە، وە ئەگەر هەوڵت دا لە ڕێگەی بە پەلە پێگەیشتنی کچ لە ئیتالیا و، لە ڕێگەی عەقڵی ڕێنیسانسی ئیتالییەوە شی بکەیتەوە، ئەوا خۆت وابەستە دەکەیت بە مێژوو، و زانستی شوێنەوار، کە ئەمەش وات لێدەکات سروش (الوحي) ون بکەیت.
لەسەر تۆ پێویستە بیناکردنی کاراکتەر بناسیت و چاودێریشی بکەیت یان بە پێی ویستی عەقڵی شکسپیر بنیاتی بنێیت.

کچ: ئەو عەقڵە چۆن وەسف دەکەیت؟

من: ئەوە عەقڵێکی خێرایە و بروسکە ئاسایە.
زۆری تەرکیز، کە خاوەنی دەسەڵاتێکە و بگرە لە ماوە گومانکراوەکانیش، عەقڵێکی خۆکردەکییە و ئەو بیرۆکەیەی لەسەری دەکەوێت دواهەمینیەتی و عەقڵی ڕاستەوخۆ و بێ پێچ و پەنایە یان ڕاست و دروستە.
بە هەڵە لێم تێنەگەیت من لێرەدا نامەوێ عەقڵی شکسپیرت بۆ وەسف بکەم یان شی بکەمەوە هیچ

شتێك یان وشەیەك نییە لەوێدا بتوانێت وەسفی ئەو عەقڵە بکات. ئەوەی کە دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە ئەو کاراکتەرانەی شکسپیر پێیان هەڵدەستێت هەرچەندە لە یەکتر جیاوازبن، عەقڵەکەی (نەك عەقڵی تۆ، بەڵکو عەقڵی کاراکتەرەکان) دەبێ گوزارشت لەو سیفەتانە بکات. پێویست ناکات وەك شکسپیر بیربکەیتەوە، بەڵام سیفاتە دەرەکییەکانی بیرکردنەوەی دەبێ سیفاتەکانی ئەو بێت. ئەو هەروەك گوزارشت کردن لە (ئەراگۆن) وایە، مەرج نییە بتوانیت لەسەر سەر بوەستیت، بەڵام جووڵەکانی لەشت دەبێ بیرۆکە بدات ئەگەر داوای جووڵەی پاڵەوانیانەت لێکرا دەتوانی بیکەیت.

کچ: بۆ نموونە ئەوە لەسەر شانۆگەرییەکانی (بەرناردشۆ) جێبەجێ دەبێت؟

من: بە تەواوەتی. بەڵکو لەسەر (شۆ) زیاتر جێبەجێ دەبێت لەوانی تر. جووتیاری و کتێب و گەنجەکانی وەك زانا و پیرۆزییەکانی و شا و قەشە و دڕندەکانیەتی. وێناندنی تۆ بۆ کاراکتەرەکانی (شۆ) بەناتەواوی لە دایك دەبن، ئەگەر بێتو عەقڵی ئەو کاراکتەرانە لە هێرشبردن و بەرگریکردن و گفتوگۆی

بەردەوامدا نەبن، جا چ لەسەر هەق بێت یان هەڵە بێت.

کچ: عەقڵی ئایرلەندی.

من: بەڵی بە تەواوەتی، لە من باشتر شیت کردەوە.

کچ: بە کردەوە ئەوە چۆن پراکتیزە دەکرێت.

من: پێشتر پێم گوتی ئەوە ڕیتمی نواندنی تۆیە بۆ وشەکانی دانەر —لە دوای لێکۆڵینەوە لەو دەورانە و پرۆڤەکردن لە سەریان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەبێ زانیارییەکت هەبێت لە بارەی جووڵەکردنی بیرۆکەکانی دانەرەوە و، دەبێ ئیدعای ئەوەش بکەیت کە ئەو بیرۆکانە کار لە تۆ دەکەن و پێشت خۆش بێت. ڕیتمی ئەو بیرۆکانە پەتایەکەی بگا بە تۆش، هەوڵ بدە لە دانەر بگەیت، پرۆڤە و سروشتەکەشت بەوی تر دەکەیت.

کچ: ئایا دەتوانی بنەماکانی هەمان کاراکتەر بۆ سۆزەکانی ئەو کاراکتەرە پراکتیزە بکەیت؟

من: نەخێر. وا نییە. سۆزەکانی کاراکتەری شانۆیی تەنیا سنوورە کە دانەر تیایدا دەبێ ڕەچاوی پێداویستییەکانی ئەکتەر بکات و نووسینەکەی ڕاست بکاتەوە و لەگەڵ شیکردنەوەی ئەکتەردا بگونجێت. ئەگینا ئەکتەر بە خۆی چارەسەرێك بۆ

خۆی دەدۆزێتەوە کە لەگەڵ نووسینی دانەردا بگونجێت بۆئەوەی لە شیکردنەوە تایبەتییەکەی خۆیدا بۆ دەورەکە بگات بە باشترین ئەنجام.

کچ: ئەمە نەڵێی، ئەگینا هەموو دانەرەکان دەتکوژن.

من: ژیرەکانیان ئەم کارە ناکەن. دانەر هەناسەی خواوەندە لە دەوردا. لە ڕێگەی سۆزەکانەوە کاراکتەر بە زیندوویەتی دەمێنێتەوە. دانەری ژیر ئەو کەسەیە کە هەرچی لە توانایدایە بیکات بۆئەوەی وا لەو بەشە ئەفراندنەی سەر شانۆ بکات کە بە پێی توانا گونجاو بێت بەبێ ئەوەی بیرۆکەی شانۆگەرییەکە و مەبەستەکەی تێك بدات. (گێلبرت ئەمری) پێی گوتم ئەو ناچار بووە واز لە دوو لاپەڕە و نیوی شانۆگەرییەکە بهێنێت، لە دیمەنێکی درێژی نێوان (ئان هاردنگ و تۆم بۆرن)دا. ئەمەی بۆ ئەوە کرد کاتێ کە بینی (ئان هاردنگ) دەتوانێ خۆی و بینەرەکەی بگرێنێت ئەگەر بێتو بە بێدەنگی گوێی لە ئاخافتنەکانی (بورن) شل کرد لە جیاتی وەڵامدانەوەی بە ئاخافتنێکی دی کە هیچی لەو کەمتر نەبێت. (گیلبرت ئەمری) ئەو هەڵبژاردنەی لە جێی خۆیدا بوو کە کردی لە نێوان سۆزەکانی ئەکتەر و

نووسـینەکەیدا. (لـی کلیمـنس دان) پێـی گـوتم کـە هـەموو وشـەیەکی زیـادی لـە شـانۆگەری (گرانایـت) لابـردووە بۆئـەوەی لەسـەر شـانۆ پێشکەشـی بکـات. نەخێر دانەرەکان نامکوژن، ئەوان من و تۆ و ئەوانـەی وەکـو ئێمـەن دەناسـن و بگـرە لـە پێناویشـیاندا کاردەکەن لە شانۆدا.

کچ: بـەڵام سـۆزەکان دەبـێ بە هـەمان ئـەو ڕوون و ئاشـکراییە دەستنیشـان بکـەن کـە لـەش و عـەقڵی پـێ دەستنیشان کراوە، باشترین ڕێگە بۆ ئەوە چییە؟

مـن: کاتـێ کـە بـە تـەواوەتی بەسـەر سـۆزە گشتییەکانی مرۆڤایەتی دەوردا زاڵ دەبیت، هەر وەکو کە لـە دەوری (ئۆفیلیا)دا کردت، کاتێ کە دەزانی لە کوێیە و کەی دەپاڕێیتـەوە و کـەی غـەمگین و نیگـەران و دڵخـۆش و پـەژارە دەبیـت، کاتـێ کـە ئـەو هـەموو شتانە لە پێشتدا ڕوون بووەوە، تەنها ئەو کاتە دەست بە گەڕان بکە بە دوای سیفەتێکی بنەڕەتی، کە ئازادی بوونـە لـە گوزارشـت کـردن لـە سـۆزەکانت. سەربەسـتییەکی ڕەهـا و ئاسـایی. ئـەو سەربەسـتییە دەستنیشـان کردنـی تۆیـە بـۆ سـۆزە خواسـتراوەکان کاتێ کە دەورەکە بۆ تۆ تـەواو ئامادە و بنیات نراوە. وە کاتـێ کـە زاڵ دەبیـت بەسـەر ڕواڵـەتی دەرەکیـدا و، کاتـێ کـە گوزارشـت کـردن لـە بیرۆکـەکانی

کاراکتەرەکەتـدا گونجـانێکی تـەواوی دەبێـت لەگـەڵ بۆچـوونی دانــەر لــە بیرکردنــەوەدا. لــە پرۆڤەکانــدا چاودێری ئەوە بکە و بزانە کەی و لە کوێ سۆزەکانت بەرز دەبنەوە و بە زەحمەت دەوروژێن. بە دوای هۆدا بگـەڕێ لەوانەیـە لەوێـدا هۆیـەکان زۆربـن. بنـەماکانت زۆر بـەهێز بـن و لـە جووڵـەش نەگـەیت. ڕەنگـە وەك لـەش‌و لار دڵخـۆش بیـت و، لەوانەیـە جـۆری یـان ژمـارەی وشـەکان نیگـەرانت بکـەن –ڕەنگـە جووڵـە خۆشـییەکت پێبـدات و تـۆش هۆیـەکانی گوزارشـت کردنت کەم بێت یان پێویستت بە هۆیەکانی دەربڕین هـەبێت. خـۆت هـەوڵی دۆزینـەوەی هۆیەکە بدە و لـە کۆتاییدا سەرکەوتوو بیت بە سەریدا. ڕێگەم بدە با نموونەیەکت پێ بڵێم. لە دەوری ئۆفیلیادا چ دیمەنێك هەیە کە هەست بە ناخۆشی بکەیت؟

کچ: بەشی سێیەم دیمەنی شانۆگەرییەکە.

من: باشە، ئەو جووڵەیە چییە تیایدا؟

کچ: جنێو بدەم.

من: هەڵەیە. جووڵەکە ئەوەیە کە سەربەرزی خۆت بپـارێزی. ئۆفیلیـا کچـی یـەکێك لــە دەربارەکانــە. شازادەیەك لە خانەوادەی پادشایی بە ئاشکرا چەند قسـەیەکی پێـدەڵێت کـە لـەو ناوەشـێتەوە چـونکە

گــەورەی ژیــانێتی و هۆیەکەشــی ئەوەیــە خۆشــی دەوێـت. هەرچـی مەبەستیشـییەتی دەتوانـێ بیکـات. هـەتا بـۆی هەیـە بیشـیکوژێت، ئـەوەی لـە شـوێنی ئـەو بێـت بـە سـەربەرزییەوە دەمرێـت. جووڵـەی سـەرەکی ئەوەیـــە کـــە نەبورێیتـــەوەە —یـــان خـــۆت لاواز دەرنەخـەیت، یـان بـە ئاشـکرا سـۆزە کەسـێتییەکانی خۆت نمایش بکەیت— لەبیرت نەچێت کە دەربارەکان بـە گشـتی چـاودێری ئۆفیلیـا دەکـەن. ئـەم هـەموو تێبینیانەی پێم گوتی لە جووڵەکەی خۆتدا بیکە. ئایا بە ئاسانی لە ناخی خۆتدا بەدییان دەکەیت؟

کچ: بەڵێ.

مــن: ئــەوەی مــاوە لەگــەڵ تۆیــە؟ ئایــا لــە مەبەســتەکەتدا هەســت بــە خۆشــی دەکــەیت؟ ئایــا وشەکان بە ئاسانی دێنە هزرت؟ ئایا توانای ئەوەت هەیە کە بیر لە بوێری شکسپیر بکەیتەوە؟

کچ: بـەڵێ، بـەڵێ تێگەیشـتم، بـوارم بـدە بـا بـۆت بنوێنم. (لە هێکرا لە دواوە گوێمان لە دەنگێك دەبێت. دەنگی پیرەمێردێکی لەرزیو، بەڵام لە بـواری هونەریـدا ڕاهێنـــدراوە و لـــە چـــاوەڕوانی شـــتێکی گـــەورە و یەکلاکـەرەوەدا هـەموو گیـانی دەلـەرزێت، خەریکـە لـە دەنگـی ئـەو بـزر دەبێـت، خانمەکـەم. ڕێـم پـێ دەدەی

لەسەر بەردەکەی تۆ بخەوم؟ (ئاوڕ دەدەمە دواوە، دەبینم دەرگاوانی شانۆکە لە دوامان وەستاوە).

کچ: (هەروەك دەریای چەق بەستوو، هێمن و دەترسێت لە کەرامەتی خۆی)

نەخێر لۆردی بەڕێزم.

دەرگاوان: (بەردەوامە بە دەنگی پڕ لە چاوەڕوانی، بەڵام من دەتوانم کاریگەرییەکی خەم و بەزەییانە لە بەرامبەر خۆشەویستەکەیدا بەدی بکەم) مەبەستم ئەوەیە، سەرم لەسەر بەردەکەی تۆ بێت).

کچ: (بەڕێزم، تۆ مافی خۆت پەیڕەو دەکەیت)

بەڵی لۆردی بەڕێزم.

دەرگاوان: (دەنگەکەی ئازاری پێوە دیارە. دەبێ بەردەوام بێت لە خۆ شێتکردن. دەیەوێ یەکێك بیریندار بکات و خۆیشی بریندار نەبێت —بۆئەوەی قەناعەت بەوانی دی بهێنێت).

واتزانی من مەبەستم کاروباری دەوڵەتە؟

کچ: نموونەی سەربەزرییە بۆ من، ئەگەر بێتو بمرم، من بیر لە هیچ شتێك ناکەمەوە. من بیر لە هیچ شتێك ناکەمەوە ئەی لۆردی بەڕێزم (قسەی تر دەکا و، دیمەنەکە بە شێوەیەکی جوان کۆتایی دێت. کچەکە

لەسەر كورسییەكە بازدەدات و بەناو پانتایی شانۆدا دەسووڕێتەوە).

زانیم، ئێستا زانیم زۆر ئاسانە، هەستم بە ئاسانییەكی نامۆ كرد. هەرگیز شتێك نییە.

دەرگاوان: (چاوە خەماوییە پیرەكانی و برژانگەكانی لە بەرامبەریدا دەلەرزن) شتێك نییە خاتوونەكەم، كاتێ دەیزانی.

كچ: ئاه. باوكە تۆ زۆر باش بوویت. تۆ چۆن ئەمەت زانی؟

دەرگاوان: لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ گەورەترین ئەكتەر دەورم بینیوە. هەموو دەورێكم بینیوە لە شانۆگەرییە گەورەكاندا. دیراسەی هەموویانم كردووە و لە هەمان كاتیشدا ئیشم زۆر كردووە. بەڵام كاتی ئەوەم نییە كە بیر لەوە بكەمەوە ئەو بەڕێزە چی پێگوتی. ئێستاش كاتی ئەوەم بە دەستەوەیە بۆ بیركردنەوە و بۆ گەڕانەوە بۆ سالانی ڕابردوو، چونكە هەموو هەڵەكانی خۆم هۆیەكان و ڕێگەی كاركردنیان دەزانم و لە بیرمە. بەڵام لە وێڕا شتێك نییە ئەو زانیاریەی لەسەر پراكتیزە بكەم، هەوڵ دەدەم دەرگاكەم بە پێی توانای خۆم دابخەم، وە كاتێ كە ئەكتەرە بچووكەكان دەبینم لەگەڵ دەورەكانیان زۆرانبازی دەكەن، بیرۆكەیەك دامدەگرێ،

ئاه ئەگەر گەنجەکان وەکو پیرەکان بیریان دەکردەوە ئێستا دنیا زۆر جوان و قەشەنگ دەهاتە بەرچاو. بەڕێزم چێژم لە ئاخافتنەکانت وەرگرت. هەرچی گوتت زۆر ڕاست بوو.

من: پێخۆشحاڵم گەورەم.

دەرگاوان: گەورەم ئێستا داوای لێبوردنت لێدەکەم، ئێستا دەچیتە دەرەوە، چونکە کاتی پرۆڤە هاتووە. (قسەکەی بە زەردەخەنەیەکی خراپ و خەون بینراو کۆتایی پێدەهێنێت کە دەموچاوە چرچ و لۆچاوییەکەی دادەپۆشێت).

ئەکتەرەکان ئامادەن لۆردی بەڕێزم

باشترین ئەکتەر لە جیهاندا.

# وانەی پێنجەم

## تێبینی

(مـن و پـووری کچـەکە چـامان دەخـواردەوە و لـە هــەمان کاتیشــدا چــاوەڕوانی ئامــادەبوونی ئــەومان دەکـرد کـە لـە هـەر سـاتێکدا خـۆی بکـات بـە ژووردا. چایەکی نایاب)

پوور: کارێکی باش دەکەیت کە بایەخێکی تەوا بە کچی ئەو خوشکە بدەیت. ئەو منداڵە زۆر چاك تێکەڵ بـە شـانۆ بـووە، بـە تایبـەتیش لـەم ڕۆژانـەدا و، دوای ئەوەش کە سەرکەوتنی تیادا بەدەست هێنا. دەزانی ئێسـتا مووچـەیەکی بـاش وەردەگرێـت. پـێم وا نـەبوو ئەوە لە شانۆدا مومکین بێت.

من: ئەوە تەنها یاسای خواستن و خستنەڕووە.

پوور: ڕاستیت دەوێ من نازانم ئەو ئێستا چی لە تــۆ دەوێــت. ئــەو ناوبــانگی دەرکــردووە و ڕەخنــەی باشیشی لێگیراوە. دەوری گرنگ دەبینـێ. پاش ئـەوە چـی گـەرەکـە؟ ئـەوەش مانـای ئـەوە نییـە کـە مـن لـە دانیشـتنەکانمدا لەگـەڵ بەڕێزتـدا چێژی لێوەرنـەگرم. وە دڵنیام ئەوە هەستی ئەویشە هـەردووکمان شانۆ و خەڵکەکـــەی یـــان جەماوەرەکـــەی دەپەرســـتین. خوالێخۆشبوو (مستەر بالاسکۆ- پیاوێکی بـاش بـوو)

جارێکیات پێی گوتم کاتێ بیرم کردەوە لە بینینی دەورێك لە یەکێك لەو شانۆگەریانەی کە خۆی دەریهێنابوو "خانمەکەم. شوێنی تۆ کردنەوەی ئاهەنگەکانە. تەنها ئامادەبوونت و دانیشتنت لە کورسی پێشەوەی هۆڵی شانۆدا هیچی کەمتر نییە بۆ سەرکەوتنی شانۆگەرییەك کە ئەکتەرەکان تیایدا جوانترین و باشترین دەور دەبینن" بە ڕاستی ئەوە لەمدا شتێکی جوان بوو. بلیمەت بوو. باوەڕدەکەی ئامادەی شەوی کردنەوەی هەموو شانۆگەرییەکی سەرکەوتوو دەبم و لە دەستم ناچێت.

من: ئەوە چاکی خۆتە خانمەکەم.

پوور: نەخێر. من لە هەوڵی ئەوەدام کە هونەری جوانی شانۆ (خەریکە ڕستەکە بە گۆرانی بچڕێت- چایەکی زۆر گەرمە) گەشەپێبدەم. شکسپیرە نۆبلێ کوارد. نابینی ئەلکسەندەر ولوکۆت بوو بە نایابترین ئەکتەر؟

من: خانمەکەم ئەم ئەکتەرە دیراسەیەکی قووڵی کردووە و پێوەی شەکەت بووە.

پوور: بێگومان و لە ڕێگای ڕاستیدا چەندین ساڵ چاودێری و سەیری ئەکتەرەکانی دەکرد و فێڵەکانی لەبەر دەکردن. دوای ئەوە دەورێکی وەرگرت و

دەستی بە نواندن کرد. ئێستاش ئەگەر بێتو هەموو ڕۆژێك لە نواندندا بەردەوام بێت ئەوا باشتریش دەبێت. (چاکەی ڕشت، کە گەرمییەکەی لە زیادبووندا بوو، نەمزانی هۆیەکەی چی بوو. خۆم ئامادە دەکەم بۆ ئەوەی لە کاتی هاتنە ژوورەوەی کچەکەدا داوای کوپێکی تری چا بکەم. لە ناوەڕاستی ژووردا دەوەستێت، بە گومانەوە سەیرمان دەکات).

کچ: بۆم هەیە پرسیارتان لێبکەم سەبارەت بەو بابەتەی کە قسەتان لەسەر دەکرد؟

پوور: شانۆ ئازیزەکەم (جارێکی تر وشەکە بە گۆرانی دەڵێتەوە و لە گەڵیشیدا چاوی بەملاوئەولادا دەگێڕێت، شانۆی جوان.

کچ: (بە مەوالێکی توندئامێز) کەواتە هیوادارم لە نێوانتاندا ڕێکەوتنێکی تەواو هەبێت.

من: لە کاتی هاتنە ژوورەوەی تۆدا ئامادە نەبووین. هەر ئێستا لە کاتی هاتنەژوورەوەتدا، پوورت دەیگوت (بۆئەوەی ببێتە ئەکتەر هەموو داوایەکم ئەوەیە کە لە نواندندا بەردەوام بێت. ئایا ئەوە ڕاستە؟).

پوور: وابزانم من لەسەر هەقم یان ڕاستم گوتووە. من باوەڕم بەوانە تیۆریەکان و شیکردنەوەی دەرونی و ئەو ڕاهێنانە زەینییە نییە هەروەکو ئەوەی کچە

خوشکەکەم پێی گوتم، داوای لێبوردنیش دەکەم، من ئافرەتێکی ڕاستم و شانۆ دەپەرستم. بەڵام تیۆری من بۆ بوون بە ئەکتەر هەر ئەوەیە بەردەوام نواندن بکەیت. لە نواندنیشدا بەردەوام بیت پارەیەکی باشی تیایە، ئەگەر پارەی تیا نەبوو حەز دەکەم وازبهێنێت. ئەگەر بێتو مرۆڤ بەهرەمەندیش بێت هەروەکو ئەو کچە بچکۆلە وایە.

کچ: پووریێ.

پوور: ئازیزەکەم شەرم مەکە. بەهرەمەندی وەك هەر کاڵایەکی تر پێویستی بە ڕێکلامە. ئەگەر بێتو مرۆڤ بەهرەمەند بێت پارە وەرگرتنیش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام دەبێت.

من: خانمەکەم خۆشحاڵم کە وەك من بە بایەخەوە هەوڵی بەهرەمەندی بدەیت. بەڵام، بۆم هەیە پرسیارێکت ئاراستە بکەم، تۆ دەبینی کە بەهرەمەندی پێویستی بە چاندنە و، تەنیا لە ڕێگەی چاندنەوە دەتوانین بوونی ئەو بەهرەمەندییە بدۆزینەوە؟

کچ: (زانی من بیر لە چی دەکەمەوە) پووریێ گیان، ئەمە هەروەکو سێوی کێوی و سێوی چێندراو وایە. هەردووکیان سێون، بەڵام یەکێکیان سەوزە و وشکە و

تاڵـە و ئـەوی تریشـیان سـوورە و تـەڕە و شـیرینە و بەلەزەتە و بۆنێکی خۆشیشی هەیە.

پوور: ئەوە ڕاست نییە ئازیزەکەم کە تۆ بەراوردی شیعریانە بەکاربهێنی، سێو شتێکە و..

مـن: (بـە پەلـە بـۆی تـەواو دەکـات) بەهرەمەنـدی شـتێکی دیکەیـە. ئـەوە زۆر ڕاسـتە، نابـێ بـەراورد بکرێـت. وازمـان لـێ بێنـە بـا تـام لـە چـایەکەمان وەربگرین. ئایا بۆم هەیە داوای کوپێکی دیکەی چا بکـەم؟ سـوپاس. (کـوپێکی پـڕ لـە چـای بـۆ هێنـام و شـەکر و شیرینیشی تێکرد و، ئینجا بـەردەوام بـووم) خانمەکـەم بـۆم هەیـە پرسـیارت لـێ بکـەم، سـەبارەت بەوەی کە تۆ ئەو یارییە تازە و جوانـە دەزانیت کـە لـە قوتابخانەکان منالانی ئەڵمانیا لە (ئاخنجسبیل) یاری پێدەکەن؟

پوور: نەخێر، ئەو یاریە ناوی چییە؟

مـــن: یارییـــەکی ئاســـانە. مامۆســـتا داوا لـــە قوتابیـەکانی دەکـات کـە لـە پێشـیدا هەنـدێك لـەو چالاکیانەیان بۆ دووبارە بکاتەوە کە ئەمڕۆ و دوێنێ و چـەند ڕۆژێـك لەمەوبـەر کردوویانـە. مەبەسـتیش لـەو یاریـــە گەشـــەپێدانی یـــادەوەری و ڕاقـــەکردنی هەڵسـوکەوتی و باشـکردنی تێبینـی ئـەو منداڵەیـە. جاری وا هەیە دەرفەتی هەڵبژاردن دەدرێت بە منـداڵ،

ئەوکاتە قوتابخانە دەتوانێت بگاتە بەرەنجامی ئەو ئاراستەیەی کە جێی بایەخی منداڵە یان منداڵ بە بایەخەوە وەری دەگرێت، ئەو ئاراستەیە گەشەدەکات یان باوکان و دایکان و مامۆستایانی دیکەی لێ ئاگادار دەکرێنەوە. بۆ نموونە ئەگەر بێتو منداڵ ئەوەی هەڵبژارد کە بە بیر خۆی بێنێتەوە یان باس لەوە بکات کە چۆن هێلانەی باڵندەکەی تێکداوە سزا نادرێت، بەڵام بایەخەکەی ئەو منداڵە بۆ شتی تر دەبەن یان وای لێدەکەن بایەخ بە شتی تر بدات.

پوور: (وەك تابلۆی بەفر) ئەوە زۆر سەیر و پێکەنیناوییە.

من: ئەوە سەیر نییە، بەڵکو هەروەکو ئەوەیە کە لەسەر گەورەکان جێبەجێمان کرد. سەیرییەکەی لەوەدایە کە بۆمان دەردەخات کە چۆن گەورەکان ئەو بەهرە سروشتییە سەیروسەمەرەیەی خۆیان کەم بەکارهێناوە، کە ئەویش بەهرەی چاودێرییە. باوەڕ دەکەی کەم کەس هەیە لە ئێمە بتوانێت ئەوە بێنێتەوە بیری خۆی کە لە ماوەی بیست و چوار سەعاتی ڕابردوودا چی کردووە.

پوور: ئەوە مەعقول نییە. من دەتوانم بە تەواوەتی پێت بڵێم کە لە ماوەی بیست و چوار سەعاتی ڕابردوودا چیم کردووە.

من: بێگومان بەڕێزت دەتوانی پێم بڵێی کە چیت کردووە. بەڵام یاری کردن تەنها گوتن نییە، بەڵکو دووبارە نواندنی ئەو کارەیە کە تۆ کردووتە. بێدەنگی یارمەتی تەرکیزکردنت دەدات و پەردە لەسەر ڕووی ئەوەش هەڵدەداتەوە کە لە سۆزە شاردراوەکاندا هەیە.

پوور: لە توانامدایە —ئەگەر ویستت ئەوە بە بێدەنگی بیکەم، ئەگەرچیش پێم وا نییە پێویستم پێی دەبێت. من مرۆڤێکی ڕاستم، تۆ ئەو شتە دەڵێیت کە لە فیکری ئەودایە.

من: بۆ هەوڵ نادەیت؟ لە یاری مندالاَن زیاتر نییە. ئایا تۆ ئامادەیت؟

پوور: ئامادەم هەموو شتێك تاقی بکەمەوە.

من: زۆرباشە. هەموومان هەوڵ دەدەین. بابەتێکی ئاسان دەستپێبکەین.. بۆ نموونە.. بۆ نموونە تۆ دەتوانی نواندنی کردەی پێشکەشکردنی ئەو کوپە چایەم بۆ دووبارە بکەیتەوە کە دەقیقەیەك بەر لە ئێستا لێم وەرگرتی.

پـــوور: پێکـــەنینم بەمـــە دێـــت (بـــە کـــامی دڵ پێدەکـەنێت) بیرۆکەیـەکی جوانـە. دەتـەوێت بـە فیعلـی بگەڕێمەوە ڕۆژانی باخچەی ساوایان یان منداڵان.

مـــن: نـــەخێر ئازیزەکـــەم. تـــەنها یاریەکـــە. تاقیکردنـەوەی تـر بـۆ منـە یـان بۆ کچـە بەهرەمەنـدی خوشکەکەتە.

کـچ: تکـا دەکـەم پـووریێ. مـن حـەزم لـە بینینـە (الاستطلاع).

پوور: بە ئارەزووی خۆت. بەهـەرحاڵ کـەش دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ ناخۆشە. ئێستا چاودێریم بکـەن. (لـە کاهین یان لە یەکێك لە ساحیرەکانی ماکبێس دەچێت، چایەکە خەریکە بە سەر دوگمەکانیدا بڕژێت) کوپەکە وەرگرە.

مـن: (دەیبچـڕێنم) تکایـە بـە بێـدەنگی هـیچ قسـە مەکە، تەنها جووڵە بکە.

پـــوور: ئـــۆە، لـــەبیرم چـــوو. نهێنـــی بێـــدەنگی (بەختـــەوەرە و بـــە گاڵتـــەوە بـــەڵام بەردەوامـــە لەســـەر کارەکـەی تـاوەکو بۆمـان ئاشـکرا بکـات. دەسـت بـە کارەکەی دەکات. نێوچەوانی چرچ و لۆچە. بیرۆکەکان کاردەکـەن. کـوپی چـا بـە دەسـتی ڕاسـت دەگـرێ و دەسـتی چەپیشـی بـۆ قـۆری چـای درێـژ دەکـات.

دەزانێت کە هەڵەی کردووە، وە بە ڕاستی دەڵێ (ئای خوایە گیان) کوپی چاکە دەخاتەوە شوێنی خۆی و قۆریەکە بە دەستی ڕاستی دەیگرێ و بەرزی دەکاتەوەو لە کاتی خواردنەوەی چادا چرپەیەك دەکەم)

من: تکایە دەست لە هیچ شتێك مەدە. جووڵەکان دووبارە بکەرەوە.

پوور: ئەوەیە کە من بە تەواوەتی بۆتی دەکەم.

من: تکات لێدەکەم قۆریەکە دابنێ.

پوور: ئۆە. بەڵی هەڵبەتە (قۆریەکە دادەنێ و دەستیشی هەر لە سەر مێزەکەیە) ئینجا یەکسەر و بە پەلە دەست بە جووڵەکان دەکاتەوە، بۆئەوەی کوپەکە ببات و پاك و خاوێنی بکاتەوە. بەبێئەوەی قۆریەکە بگەڕێنێتەوە سەرمێزەکە ماست و لیمۆش زیاد دەکات و کوپێك چایشم پێدەدات (بە ئیجازەی ئەو) بەڵام بەبێ ئەوەی کوپەکە بخاتە سەر سینییەکە یان شەکری تێبکات. کچەکە دەداتە قاقای پێکەنینێکی بەرز و بە خۆشییەوە پووری لە باوەش دەگرێ و ماچی دەکات. لە کوپی چا بوومەوە.

پوور: ئەمە شتێکی بێمانایە و هیچی تر.

من: نەخێر خانمەکەم. وا دیارە بەهرەی تێبینی لای تۆ هێشتا بە تەواوەتی پێنەگەیشتووە. ئایا بە

کچە خوشکەکەت دەڵێی کە جوڵەکانی نواندنەکەی بۆ دووبارە بکەیتەوە؟ هەروەکو دەبینی ئەو نازانێ کە من بە تایبەتی ئەو جووڵەیە هەڵدەبژێرم. لەبەرئەوەیە کە دەبینی وەکو تۆ مەشقی نەکردووە.

کچ: ئایا دەتوانم بڵێم؟ دەزانن زۆر کارم تێکراوە لەوەی کە تۆ و پوورم بوون بە برادەری و، ناتوانم بێدەنگ بمێنمەوە.

من: بەڵێ! دەتوانی بیڵێیت چونکە جووڵەی کەسێکی دیکەیە ئەگەر بێتو جووڵەی تۆش بووایە، بەڵام من سوور بووم لەسەر ئەوەی بە بێدەنگی بیکەیت. دەبێ بەهرەی چاودێری لە هەموو بەشەکانی لەشتدا گەشە پێبدەیت، نەك لە سەیرکردندا، بەڵکو لە یادەوەریشدا.

کچ: پووری! کاتێ کە ئەو بەڕێزە داوای کوپێ چای لێکردی بە زەردەخەنە وەڵامت دایەوە و، ئینجا سەیری قۆریەکەت کرد هەروەکو ئەوەی کە دڵنیابیت لەوەی کە چای تیادا ماوە، ئینجا سەیری منت کرد و زەردەخەنەیەك دایگرتی و هەروەکو بڵێی (بە ڕاستی چایەکی خۆشە).

پوور: (بە دەنگێکی بەرز) من ئەوەم نەکردووە.

من: خانمەکەم بەڵکو ئەمەت کرد، من باشم لە بیرە، ئەوە تاکە هاندەر بوو کە لە تۆم وەرگرت.

کچ: تۆ جارێکی تر سەیری ئەو بەڕێزەت کرد. هەروەکو بڵێی چاوەڕوانی گەڕاندنەوەی کوپەکە بکەیت، بەڵام ئەم ئەو کارەی نەکرد.

من: من بە ڕاستی شەرم دەکەم.

کچ: ئینجا قۆڵی فراوانی ڕاستت بە دەستی چەپ بەرزکردەوە و دەستت درێژ کرد بۆ سینییەکە بۆ هێنانی کوپی پاك و خاوێن. سینییەکەت هێنا و لە بەردەمی خۆتت دانا. ئینجا دەستت دایە قۆریەکە و قۆڵیشت هەر بەرز بوو. قۆریەکە قورس بوو، داتنایەوەو لە جاران بەهێزتر بە دەستتەوە گرت و شتەکانی ترت جێهێشت و بە دوای چاپاڵێودا گەڕایت و لەسەر کوپەکەت دانا. ئینجا سەری قۆریەکەت گرت بە دەستەوە، وە کاتێ زانیت سەری قۆریەکە گەرمە، پەنجەکانت یەك لە دوای یەك گۆڕی و، کاتێ سێ لەسەر چواری کوپەکەت پڕکرد، قۆریەکەت لە نزیك خۆت دانایەوە و جارێکی تریش زەردەخەنەیەك دایگرتی و ئەمجارەیان بۆ کەسێکی دیاری نەکراو بوو، ئینجا بە دەستی ڕاستت شیرت تێکرد و بە دەست گرەکەش یان کەوچکەکەش

(ملقـاط) دوو پارچـە شـەکرت تێکـرد و لەگـەڵ لیمـۆ لەسەر ئەو سینییەت دانا کە ئێستا لێرەیە.

پـوور: (تۆزێـك تـووڕە بـوو) تـۆ کـە لـە شـانۆ دای، پێت وایە تۆ بە باشی فێرت کردووم.

من: نا. نا. تووڕە مەبە خانمەکەم. دڵنیات دەکـەم. کـە پێشـتر مـن بـیرم لـەم بابەتـە نەکردۆتـەوە (بـۆ لای کچەکە دەسووڕێمەوە) لەبیرت چوو بە پوورت بڵێی کە تــۆ ئێســتا ماســتت نەدۆزییــەوە و لەســەر مێزەکــە کەمێکیش بەدوایدا گەڕایت.

کـچ: بـەڵێ، تـۆش بەدرێـژایی کاتەکـە یاریـت بـە چەفیە یان شاڵەکەی خۆت دەکرد.

پوور: (لە دڵەوە پێدەکەنێت. خاوەن ڕۆحیەتێکی باشە) ئەها. تۆش لە خوێندن ڕات نەکردووە.

مــن: هــەوڵی ڕاکــردنم نــەداوە خانمەکــەم. مــن چاودێری کچی خوشکی تۆم دەکرد لە کاتی مەشق کردن لەسەر چاودێری.

پــوور: تــۆ ئــەم یاریــە منداڵانەیــەت بۆئــەوە فێرکردووە کە چاودێری جووڵەکانی بکەیت.

من: خانمەکەم، من فێـری هـیچ شتێکم نـەکردووە. هــەردووکمان بــە یەکــەوە لــە شــانۆدا کاردەکــەین، شـانۆش یەکێکـە لـەو شـوێنانەی داوای فێربوون یـان

ڕێنماییەکەت لێ ناکات، مەشق کردن هەموو شتێکە، تەنها مەشق کردن.

پوور: ئەوە مەبەستی منیشە. نواندن، نواندنی بەردەوام! ئینجا دەبیت بە ئەکتەر.

من: خانمەکەم نواندن ئەنجامی کۆتایی کردەوەیەکی دوور و درێژە. بەر لە نواندن مەشق لەسەر هەموو شتێك بکە دەگەیتە ئەو ئەنجامە، لە کاتی دەستکردن بە نواندن کاتەکە دوادەکەوێت.

پوور: هەر وا بە ئاسانی، ئەگەر بێتو پرسیارێکت لێ بکەم، ببوورە پەیوەندی چیە لە نێوان نواندن و چاودێری کردندا؟

من: خانمەکەم پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە. یارمەتی شانۆکار دەدات کە لە ژیانی ڕۆژانەدا چاودێری هەموو شتێکی ناسروشتی بکات، ئەو یادەوەرییەکەی بنیات دەنێت کە لە یادەوەریدا کۆبووەتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی شتە دیارەکان دەبێت بۆ ڕۆحی مرۆڤایەتی. کە وای لێدەکات هەستیارێکی باش بێت بۆ دڵسۆزی و بۆ جیهانی خەیاڵ. هەروەها یادەوەرییە هەستی و ماسولکەییەکەشی گەشە پێدەدات و ئاسانکاریشی بۆ دەکات بۆ پێشوازی کردن لەهەر کارێك لەو دەورانەی دەیدرێتێ: بە تەواوەتی چاوی دەکاتەوە بۆ زانین و ڕێزگرتن لە

کەسایەتی و ئەو بەها جیاوازانەی کە لە تاکەکان و لە کارە هونەرییەکاندا هەیە، لە کۆتاییشدا خانمەکەم، ژیانی ناوەوە دەوڵەمەند دەکات لە ڕێگەی باوەشکردنەوەی بە فراوان وەرگرتنی هەموو شتێك لە ژیانی دەرەوەدا. هەمان ئەو کاریگەرییەی هەیە کە هەندێك مۆز و برنج ئەو هیندییە بە دەستی دەهێنێت کە قەرزاری یۆگایە. ئەگەر بێتو هیندییەکە ئەو خواردنەی بە پێی پێویست خوارد یان هەروەکو هەیە خوارد. لەم وەجبە خواردنە ناخۆشەدا زیاتر لە ڤیتامینێك وەردەگرێت و ئەو خواردنە هێزی لە ڕادەبەدەری پێدەدات. لە هەمان کاتدا هێزێکی ڕۆحی و زیندووانەشی پێدەدات. ئێمە لەگەڵ خواردنی نیوەڕۆدا پارچەیەك گۆشت دەخۆین کە تا دەگەین بە نانی ئێوارە وا خەیاڵ دەکەین کە برسیمان دەبێت. لە ژیانماندا هەمان ڕێگە دەگرینە بەر، پێمان وایە هەموو شتێك دەبینین، لە کاتێکدا هیچ شتێکیش وەرناگرین، بەڵام لە شانۆدا ژیان دووبارە خەڵق دەکەینەوە. ناتوانین ئەمە بکەین. ئەو ماددەیەی کە ئیشی پێدەکەین ناچارین تێبینی بکەین.

پوور: لەبەرئەوەیە کە تۆ داوا لە کچە خوشکەکەم دەکەیت کە چاودێری پووری خۆی بکات کە چۆن

کوپێـــك چـــای تێـــدەکات، ئینجـــا پێـــی پێبکـــەنن (چـاوداگرتنێك لـە چـاوەکانیدا تێبینـی دەکـەم، بـە ڕاستی نەرم و نیانە).

کـچ: پـووریّ خۆشەویسـتم. ئـەوە هـەرگیز ڕاسـت نییە. ئەو گاڵتە دەکات.

پوور: کە دەیبینم دەزانم گاڵتەچییە. ئەو جدییـە لەوەی دەیڵێت. وە من منیش جدیم.

من: نەخێر. تۆ جدی نیت. ئەگینا لـە چاوی تـۆدا داوای بەردەوامبوونم بـەدی نـەدەکرد. تـۆ کات بەسـەر دەبـەیت و منـیش ئـەوەم پـیّ باشـە. مـن نـاتوانم فێـرت بکـەم، بـەڵام هـەوڵ دەدەم دڵشـادت بکـەم و هێـزی تێبینی تۆش لە پاشماوەکەیدا کاردەکات.

پـوور: (بـە گەورەییـەوە یـان بـە فیزێکـەوە) ئەگـەر ویستت چایەکی تر بخۆیتەوە. خۆت تێی بکە.

من: سوپاس (لە کاتی تێکردنی چایەکەدا هەروەك باز تێبینم دەکات. دوای ئەوەی لێدەبمەوە)

خانمەکەم من بەوە دەزانم کە ئەوە جاری یەکەمە تۆ هەموو بایـەخی خـۆت بـە مـن دەدەیـت. سوودیشـی لێـوەردەگرم. تـۆ شـانۆ دەپەرسـتی. مـن و کچـە خوشکەکەت لە شانۆدا بۆ شانۆ کاردەکەین. لە کـاتی شـەوی کردنـەوەدا، تـۆ بـۆ ئـەوە دەردەچـیت کـە جوانترین پۆشاك بکڕیت. وە ئێمەش کە دەردەچین بۆ

کڕینی هەموو ڕۆژێکە لە ژیانماندا و باشترین شت هەڵدەبژێرین بۆ هەموو شەوێکی کە لە سەر شانۆ بەسەری دەبەین. بە نیسبەت ئێمەوە هەمووی شەوانی کردنەوەیە. داوامان لێدەکات کە لە باشترین حاڵەتدا بین. وە ئەو ئەکتەرەی کە ڕۆحی تێبینی تیادا نامێنێ یان وشك دەبێت وا دیارە لە شەوی کردنەوەدا لە جلوبەرگێکی دڕاودایە. من بەردەوام پێم وایە. کە سروش کردن (الایحاء) ئەنجامی کارێکی پڕ لە زەحمەت و ناخۆشییە. بەڵام تەنها شت کە سرووش دەوروژێنێت ئەو تێبینیە بەردەوامە وردەیە کە لە هەموو ڕۆژەکانی ژیانیدا هەیە یان دەیبێت.

پوور: ئایا لەوەدا مەبەستت ئەوەیە کە گەورە ئەکتەرەکان لە ژیاندا دێن و دەچن و جاسووسی بەسەر هەموو خزم و کەسوکار و ناسیاوەکانیان و هاتوچۆکەراندا دەکەن؟

من: لە واقعدا ئەوان وا دەکەن خانمەکەم، وێڕای ئەوە جاسووسی بەسەر خۆشیانەوە دەکەن.

کچ: ئەگینا چۆن دەزانن ئێمە دەتوانین چی بکەین و چی نەکەین.

پوور: کچەکەم ئێمە باسی ئەکتەرە گەورەکان دەکەین.

کچ: ئۆه.. بە ڕاستی من فەقیرم (بە نەرمییەوە) پووریّ ئەوە زەبرێکی کوشندەیە لە منت دا. لە ڕیکلام کردندا لەسەر من تەواو بوویت؟

پوور: تۆ منداڵێکی بەنازی.

من: ئەوە کچێکی جوانە بوارم پیّ بدە با کەمێك پڕوپاگەندەی بۆ بکەم. بەڵێنت پێدەدەم کە لە پڕوپاگەندە بۆ کردن زیاتر شتی تری بۆ ناکەم. باسی پێشکەوتنی هەردووکمانت بۆ دەکەم و، کە چۆن هەڵساین بە کۆکردنەوەی تێبینی گرنگ لەسەر پیشەکەمان، من و کچە خوشکەکەت دەوری منداڵە کوێرەکەمان بینی کە لە چیرۆکی (سیسرکی سەر زۆپاکە)دایە. زۆر بە جوانی پرۆڤەی لەسەر کرد، بەڵام کەس باوەڕی نەکرد ئەوە کوێرە. هاتە لام و بۆ دۆزینەوەی پیاوێکی کوێر بە یەکەوە دەرچووین. کوێرێکمان لە بۆڕییەکدا دۆزییەوە لە گۆشەیەك دانیشتبوو. بەبێ ئەوەی جووڵەیەك بکات لە شوێنی خۆیدا بۆ ماوەی چوار سەعات مایەوە. لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووین کە هەڵسێت، چونکە ویستمان لە کاتی ڕۆیشتندا ببینین. ویستمان ببینین کە چۆن ڕێگاکەی خۆی دەدۆزێتەوە. ئەوەی باش بوو داوامان لیّ نەکرد جووڵە بکات. چونکە ئەوکاتە شەرم دەکات. لە پێناوی هونەردا خۆمان دووچاری برسێتی و

سـەرما و سـۆڵە (ئاووهەواکـە زۆر سـارد بـوو) و بـە ونبوونی کات کرد.

لـە کۆتاییـدا سـواڵکەرەکە هەڵسـا و بـەرەو ماڵـەوە چوو. بە دوایدا چووین و ئەمـەش سەعاتێکی خایانـد و لەوێـدا دۆلارێکمـان دایـە لـە بەرامبـەر ئـەو خزمەتـە ناڕاسـتەوخۆیەی بـۆ ئێمـەی کـرد، وازمـان لێهێنـا و ئەزموونـەکانی خۆمانمـان بـە ئـەزموونێکی تـازە دەوڵەمەند کرد. بەڵام نرخی ئەو ئەزموونە بە جیا لـەو دۆلارە، نرخێکـی زۆر گـەورە بـوو. لـە شـانۆدا مـرۆڤ مـاوەی چـوار سـەعات چـاوەڕوانی دەرۆزەکـەرەکان ناکات. چونکە دەبێ مرۆڤ ئەزموونـەکان بۆئـەو جۆرە حاڵەتـە نائاسـاییانە لـە هـەر کاتێکـدا کۆبکاتـەوە (یختزن). دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێبکەین.

کـچ: پـووری گیـان بڕیـارم دا پلانێکـی دیـاریکراو بکەم و (ب)یش ڕازیە.

مـن: زۆر ڕاسـتە پێـی بڵـێ بڕیـارت لـە چـی داوە. ئەوە بەشی تۆیە.

کـچ: بڕیـارم دا بـۆ مـاوەی سـێ مـانگ و هـەموو ڕۆژێـك و لەهـەر کوێیـەك بم لـە سـەعات دوازدەوە تێبینـی هـەموو شـتێك و تاکێك بکـەم لـە دەوروبـەری خـۆم. وە لـە سـەعات یەکـەوە تـاوەکو دوو، لـە کـاتی

نانخواردندا ئەو تێبینییە بێنمەوە بیری خۆم کە ڕۆژی پێشووتر هەبوو. ئەگەر بە تەنیا بووم، هەروەك منداڵە ئەڵمانیـــەکان دەســـت بـــە دووبـــارە نواندنـــەوەی جووڵەکانی پێشووترم دەکەمەوە.

مـن ئێسـتا ئـەوە ناکـەم، مەگـەر لـە کاتێکـەوە بـۆ کاتێکی دی بیکـەم، بـەڵام لـە ماوەی سێ مانگدا، بـەو ئەزموونانـە دەوڵەمەنـد بـووم و، لـە سـەرەتادا ویسـتم بیاننووسمــەوە، بــەڵام ئێســتا پێویســتم پێــی نییــە. هەموو شتێك ئۆتۆماتیکیانە لە شوێنێکی یادەوەریمدا تۆمار دەبێت و لە ڕێگەی ئەزموونەوە تێبینییەکان و دووبارە نواندنەوەیان بە بیر دێنێتەوە. من ئێستا زۆر هۆشیارترم لە جاران. وە ژیان گەلێك پڕ لـە داهێنـانتر بووە لـەوەی کـە پێشتر هـەبوو. تـۆ هەسـتی پێناکـەیت چەند دەوڵەمەند و جوانە.

پوور: دەبێ واز لەم کارەی خۆت بهێنی و ببیت بە خەبەرداری (مخبرة) پۆلیس.

مـن: خـانمەکـەم، تـۆ نـابینی هـەموو شـانۆگەرییەك کـە دەردەهێنـرێ و هـەموو دەورێکـیش کـە دەنـوێنرێ تەنها بۆ دۆزینەوەی بەها شاردراوە و خەزێنـە (کنـوز) شاردراوەکانە. لادانی پەردەیە لەسەر شتە باشـەکان و خراپــەکان وە زاڵبــوون بەســەر ســۆزەکاندا، ئــەو لــە

شوێنی ڕماندنی دیواری چوارەمە لە ژووردا، بریتییە لە مەیدانی جەنگی ئاشکرا.

پوور: جوانە. جوانە (هێشتا بە تەواوەتی باوەڕی پێ نییە)، بەڵام ئەوە بە نیسبەت منەوە واقعیانە نییەو تیۆرێکی ڕووتە و لە کتێب وەرگیراوە. بە ڕای من هەموو ڕێگایەکی شانۆ و هەموو هونەرەکان دەبێ سروشتیانە بن. ئێمە لە ژیاندا ئەو شتانە ناکەین.

من: بمبوورە خانمەکەم، ئەگەر داواکاریت ئەوەیە واز لەو بابەتە بهێنین، کچە خوشکەکەت پێی گوتم کە خوشکەکەت لە دەرەوە گەڕاوەتەوە و لە پشوودا تۆ نایبینیت، کاتێ کە لە بەندەرەکە بینیم تەندروستی زۆرباش بوو.

پوور: بەڵێ، سوپاست دەکەم ئەو لە ئیسراحەتێکی تەواودا بوو، بەڵام دیمەنەکەی؟ ئەو ئافرەتە من دەکوژێت. لەو ئافرەتە خراپتر بوو کە لە نیۆیۆرك جلوبەرگ لەبەردەکات. خەیاڵ دەکەی چی لەبەر کردبێت، شەپقەیەکی جۆری (بێج)ی گەورەی لەسەر کردبوو، پەڕەمووچەی وەنەوشەیی و شریتێکی باریکی سووری ساتانی پێوە بوو لەگەڵ ئەوەدا دوو دەنبووسی مارکازیتی هەبوو. (تایۆر)ێکی لە قەدیفە دروستکراوی لەبەرکردبوو کە خەتی

قاوەیی و ڕەساسی و خەتێکیش لەسەر بەری تایۆرە کە هەبوولە ڕەنگی ماست دەچوو یان بەڵەك و خەتدار بوو.

من: (بە توندییەوە دەیپچڕێنم) خانمەکەم، ئەوەی کە ئێستا تۆ دەیڵێیت، توانای تۆمان بۆ دەردەخات لەسەر ئەو تێبینییەی کە گەشەت پێداوە و بە شێوەیەکی ئاسایی لە ژیانی واقعیدا بەکارت هێناوە. لە شانۆدا هەمان ئەو تێبینییەی بەڕێزت دەکەین، بەڵام مەودای تێبینیەکانمان لە سنوورێکی مومکینی فراوانتر بەکاردەهێنین. ئێمە هەموو شتێك و هەموو کەسێك و هەموو لەشێك بەکاردێنین. تەنها جیاوازی ئەوەیە کە ئێمە بە قسە لەو تێبینیانە نادوێین، بەڵکو دەینوێنین.

پوور: (ئاخ هەڵدەکێشێ و بابەتی گفتوگۆکە دەگۆڕێت بۆ پێشانگەی ئەسپەکان و بە سەلامەتی و ڕێککەوتنی نێوان یەکتری کۆتایی بە چایەکە دەهێنێت. کچەش بە بێدەنگی بیردەکاتەوە).

# وانەی شەشەم

## ئیقاع

## "ڕاستەوخۆ و بێ پێچ و پەنا قسەم لەگەڵ کچەکەدا کرد"

کچ: تۆ مادام جوانیت ئەوەندەم خۆش دەوێیت، دەبێ لەگەڵم بێیت و سەیری بکەیت.

من: تەنها کاتێك کە بە دەستمەوە بێت جوانیم خۆش بوێت لە نێوان سەعات حەوت و هەشتی بەیانیدایە.

کچ: (بە ڕاستگۆیانەتر) بەیانی سەعات حەوت و چارەك لەبەر دەرگای خۆت چاوەڕوانت دەبم.

*    *    *

لە کاتژمێر (٧,٤٠) بەیانی من و کچەکە لەسەر لوتکەی باڵەخانەی ئیمپراتۆریەتدا وەستابووین و ئەو دەستانەمان دەبینی کە لە بەردە ژمارە لە بن نەهاتووەکان دروست کرابوون و درێژ ببوونەوە بەرەو ئاسمان. لە دوورەوە هەمان ئاسمانمان بینی دابەزیوە بەسەر کێڵگە سەوزەکان و دەریا مرواریەکەدا، بەڵام کێڵگەکان و دەریاکە نایانەوێ بگەن بەم. هەردووکمان

لەحاڵـەتی بێـدەنگی و ڕێزداریـداین و پـاش ماوەیـەك دادەنیشین.

من: بە ڕاستی من قەرزاری چاکەی تۆم.

کچ: من دڵنیابووم کە خۆشت دەوێت (لە ناکاو، و بە زیرەکییەوە) من دڵنیا بووم لەوەی کە تۆ بۆم شی دەکەیتـەوە. یەکـەم جـار پێویسـتە بـۆ خـۆت شـی بکەیتـەوە. ئـەوەش ئەگـەر بێتـو توانیـت ئـەم هـەموو شتانە لە ڕووی سۆزەوە هـەروەك ڕێگـەی مـن تۆمـاری بکەیت.

من: گریمـان مـن نـاتوانم ئـەو شـیکردنەوەیە بکـەم؟ گریمان ئەو تۆمارە سۆزدارییەی من جیاوازی لەگەڵ هی تۆدا هەیە.

کچ: تکام وایە وابێت.

من: ئایا بۆم هەیە بڵێم بۆچی؟

کـچ: بـەڵێ. یەکـەم کاتـێ توانـای شـیکردنەوەی شـتێکت نابێـت، بـە بـەردەوامی دێـی بـۆ لای مـن بـۆ پشتگیری کردن و ڕێ نیشاندان و شیکردنەوە. من بە نیسبەت تۆوە (پاڵپشتی ژمـارە (١) یـەکم. ئەوەش وام لێـدەکات کـە هەسـت بـە بایـەخ و بـە عـەقڵ بکـەم. هەستێکی زۆرباشە و هـەروەك ئەوەیە کە تۆ گوتاری یـەك لـە موعجیبـەکانت وەردەگریـت. پـێم وایـە ئـەم جارەشیان هـەروەکو جاران دەتـوانم یارمـەتیت بـدەم.

(لە سەیرکردنەکەیدا شانازی و پێزانین تێبینی دەکەم، ئەگەرچیش دەیتوانی لە پەنای گەنجێتییەکەیدا بە چاکی بیشارێتەوە).

دووەمیان ئەگەر هەستت بە شتێکی جیاواز کرد، ئێمە دەکەوینە مشتومڕێکی قووڵەوە پێم وایە تۆ سوود لەو مشتومڕە دەبینیت. لە ڕاستیدا بەبێ موناقەشەکانی من.

نازانم تۆ چیت دەکرد (بێگومان بەختەوەرە. ئەمڕۆ لە حاڵەتی بەگژداچوونەوەدایە).

من: بێگومان من ئەو مشتومڕ و گفتوگۆیانەم دادەهێنا.

کچ: ئەوە کارێکی پڕ زەحمەت و مەترسیدارە. تۆ توانای داهێنانی ئەو گفتوگۆیانەت نییە، ئەگەر بێتو توانییشت، بەڵام ناتوانی واقیعییەتێکی باوەڕپێکراو نەبینیتەوە یان دروست بکەیت. سروشتییە تۆ داکۆکی لە گفتوگۆکانی خۆت بکەیت.

من: سروشتییە لایەنگیری لەو گفتوگۆیانەش بکەیت کە لە دژمان بەکاردێت.

کچ: بەڵێ، بەڵام ئەم جۆرە لایەنگیرییە بە هاندەرێك دادەنرێت بۆ باوەڕپێهێنانمان. وا نییە؟

من: ئەوە لە ژیاندا ڕاستە. لە هونەرەکانیشدا دەبینین وەڵامی بە کردەوەی ناپێچا و پێچ ڕاستە، بە تایبەتیش لە شانۆدا.

کچ: ئایا لەبەرئەوەیە چونکە دەبینین لەسەر شانۆدا بەرەنگاربوونەوە و ناکۆکی جووڵەکان توخمی سەرەکین بۆ ژیانیان؟

من: بە تەواوەتی وایە. بیر لەوە بکەوە (تصوری) کە ئەگەر بێتو لە پەردەی یەکەمی شانۆنامەی بازرگانی ڤینیسیادا (انطونیو) لە وادەی خۆیدا قەرزەکەی بدایەتەوە و ئاینەکەی بگۆڕیایە و داوای هاوسەرێتی لە (جەسیکا) بکردایە. پێمەکەنە بەڵکو جدییە. ئەم نموونەیە زیادەڕۆیی تێدایە. با نموونەیەکی سروشتیت بۆ بێنمەوە "هەموو بارودۆخێك دژ بە ئێمەیە و ڕۆحی تۆڵە سەندنەوە دەوروژێنێت. لە واقعدا دەبێ مرۆڤ لەوە گەورەتر بێت و ناشبێ بەبێ مشتومڕێکی گەورە بوروژێت، بەڵکو شەڕ بە پووشێك دەفرۆشێت کاتێ کە شەرەف نامێنێت" هاملێت ئەم دایەلۆگە لە دیمەنی چوارەمی پەردەی چوارەمدا دەڵێت، بۆ هێنانەوەی نموونە لە شانۆنامەکانی شکسپیردا تۆ هەموو ئەو نیشانە ڕوون و ئاشکرایانە بەدی دەکەیت ئەمانە بە

زیرەکییـەوە لـە نـاو خـودی شـیعری شـانۆنامەکەدا شـاردراونەتەوە و، لـە شـێوەی کۆمـەڵێك ئاراسـتەی شـانۆییدا نمـایش نـاکرێن. لـەو بەیتـە کورتانـەدا باشترین ئامۆژگاری بەدی دەکەیت: هیچ جووڵەیەك بێ ناکۆکی نابێت.

کچ: وە ئایا ئەو هاندانە بۆ جووڵە تەنها نهێنییە بۆ سەرکەوتنی شانۆگەری یان نواندن؟

من: نا. نا. ئەوە سەرەتایەکی تیۆرییە و هیچی تر. ئەوانە بەڵگەنەویستن لە شانۆدا. ئەوە ئەو "بۆچی"یەیە کە بە بێ "چۆن" بێ بەهایە؟ شتەکان لە شانۆدا دوای دەرکەوتنی (چۆن) دەست بە دەرکەوتن دەکەن. ناکۆکی جووڵەکان دەکرێ لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێ و بە وەستاوی بمێننەوە و لە چاوەڕوانی وەڵامی (بابەتی شانۆگەرییەکە چییە)دا بێت. لەو حاڵەتەدا ئەوە نابێتە شانۆ. بەڵام هەمان ناکۆکی ڕەنگە خۆکردەکیانە و بەبێ پێشبینی کردن بە هۆیەك کە لە توانا بەدەر بێت بخوڵقێت" لەو کاتەوە لەناو بینەراندا حاڵەتێك لە بەلاداکەوتنی لایەك بەسەر لایەکەیدا دەوروژێت. هانیان دەدات ژیانی خۆیان بێلایەن بکەن و وەڵامی وروژێنەریش بدۆزنەوە. ئەوە شانۆیە نەك ئەو نهێنییەی کە لە پرسیاری بابەتی

شانۆگەرییەکەدا چییەدا هەیە؟ بەڵکو لەو گوتنەدایە کە دەڵێت "ئەوە ڕێگەی بە بەردەوامی پێشکەشکردنی بابەتەکەیە یان بە هۆی ئەم هەموو ناخۆشییەوە بەردەوام نابێت.

کچ: وا زەن دەکەم کاتێ کە تۆ باس لە خۆکردەکی پێشبینی نەکراو و مۆتیڤی هاندەری لە ڕادەبەدەر دەکەیت، مەبەستت ئەوەیە کە لە خودی نمایشەکەدا ڕوودەدات. تۆ لێرەدا مەبەستت کاتی خۆئامادەکردن نییە بۆ شانۆگەری یان کارکردن لە پرۆڤەکاندا یان پرۆڤەکردن. تۆ هەمیشە پێت دەگوتم خۆکردەکی و سروش ئەنجامی ڕێز و مەشق کردنە.

من: هەتا ئێستاش ئەوە ڕای منە. من باس لە نمایشەکە خۆی دەکەم.

لەو حاڵەتەدا دەمەوێ گوێم لە شیکردنەوەی تۆ بێت. بۆ دەوەستیت، نازانم چەند لە کاتەکە تێپەڕیوەو ئێمەش هەر لەسەر لوتکەی باڵەخانەی ئیمپراتۆرییەت بە بێدەنگی و سوجدەبردن و سورمانو خۆشییەوە وەستاوین، دیمەنەکە لێرەوە جوانە. بەڵام بەبێ پێشبینی کردن نییە. من دەمناسی بەرلەوەی لە سەدان وێنە و ڕۆژنامەی سینەماییدا بیبینم. بە فرۆکەیەك بەسەر (مانهاتن)دا فڕیوم! وێڕای ئەوە من لە شوقەی نهۆمی بیست و سێیەمدا دەژیم.

بەر لە ئێستا دیومە و، هەستیشم بەو کاریگەرییە گەورەیە نەکردووە؟

چونکە ئەو (چۆن)ە دەستی لە بابەتەکەدا هەیە.

کچ: وا دیارە تۆ زۆر بە حەماسەتی بۆ ئەو (چۆن)ە، من هەست بە ئیرەیی (الغيرة) دەکەم.

من: بە ئارەزووی خۆت، بەڵام با بۆت باسی ڕێگەکانی ئەو "چۆن"ە بکەم و جیاوازییەکەی لەگەڵ ڕێگەی (بۆچی)ت بۆ شی بکەمەوە؟ (بۆچی) لە ئاستی شەقامی ئەو شارە گەرمە تاقەت پڕووکێنە و پڕ لە ژاوەژاوەی شاری نیویۆرکدا دەتبات بۆ ئەو پەنجەرەیەی لە نهۆمی یەکەمی باڵەخانەی ئیمپراتۆریەتدایە. پەنجەرەت بۆ دەکاتەوە و پێت دەڵێت "یەکەم نهۆمی یەکێکە لە سەد نهۆمی ئەو باڵەخانەیە. وە هەروەکو دەبینی، جیاوازی لە نێوان ئەوەی کە ناسراوە بە ئاستی شەقام و نهۆمی یەکەم. جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە شایانی باسکردن بێت. تۆ هەمان ژاوەژاو دەبیستی و، دیمەنەکە گۆڕانی بەسەردا نایەت تۆ هەست بە جیاوازییەکی گەورە ناکەیت لە دروستبوونی ئەم هەموو ژاوەژاوەدا. با سەربکەوینە نهۆمی دووەم.

کچ: (بە ترسەوە) چی؟

من: (بۆ نهۆمی دووەم کچی خۆم) ئەوە وەڵامی (بۆچی)ە، تۆ ئێستا لە نهۆمی دووەمدای، ئەگەر کەمێك گۆڕانکاری لە شیکردنەوەی بەرزیدا هەبێت ئەوا گۆڕانکاری دیمەنیشی بە دوادا دێت. وە کاتێ کە "بۆچی" دوای شیکردنەوەیەکی دەتبات بۆ نهۆمی سێیەم و چوارەم تاوەکو دەگەیت بە نهۆمی سەد و دوو.

کچ: من زۆر داوای لێبوردنت لێ دەکەم. بۆچی لە نهۆمی چوارەم بەرە و سەرەوەترم نابات.

من: دڵنیات دەکەمەوە کە "بۆچی" زۆر بەهێزە.

کچ: ئەوە گرنگ نییە. لە نهۆمی سێیەمدا یەخەی بۆچی دەگرم و لە پەنجەرەوە فڕێی دەدەمە سەر شەقامەکە و پەردەکە دادەدرێتەوە.

من: بەڵام گریمان تۆ لەگەڵیدا سەرکەوتی بەسەر ئەم هەموو نهۆمەدا تا دەگاتە سەد و دوو؟ ئایا دەتوانی ئەوکاتە خەیاڵ بە هەستی خۆت بکەیت لە ڕووی ئەم گەورەیی و بەهێزیەدا؟

کچ: پێم وا نییە، هیچ هەستێك هەبێت.

من: بۆچی؟ جیاوازی چییە؟ با ئەم دوو جیاوازییە بدۆزینەوە. تۆ ژیرانە و عاقڵانە بەسەر هەموو پەیژەیەکدا سەردەکەویت و زانیاری تەواویش لە

بارەی ئەو باڵەخانە قەشەنگە وەردەگریت. بۆ پێت وا نییە هیچ هەستێك هەبێت؟

کچ: لە واقعدا من نازانم، بەڵام تەنها بیرۆکەکە ڕقم لێیەتی.

من: کەواتە داوا لە (چۆن) بکەم سەرمان بخات؟

کچ: تکادەکەم بیکە.

من: لە شەقامەکەوە دەمانبات. شارەکە بە پەلەیە بۆ کارکردن، بەڵکو لەوەش زیاتر بەرەو پەناگاکانی ژیانمان دەبات کە شوێنەکانی کارمانە. ئەو کارەی کە بۆ هەر تاکێك لە شاردا بە ڕۆژ نان و هیوا دەدات و لە شەویشدا خەوی خۆش. ئەو شتانە لای ئەوان زۆر گرانبەهان، وەك مرواری ڕەش وایە بۆ مەلەوان یان دەریاوان (الغطاس). هەر تاکێك دووجار دەترسێت یەکەمیان دواکەوتنی لەکاردا، دووەمیان لەدەستدانی کارەکەی. ئاڵۆزی یان بارگرژی لە هەنگاو و جووڵە و ڕووخسار و، وشەکان ڕەنگ دەداتەوە. لەوێدا بە چەند خولەکێك چەندین میل دەبڕین. مرۆڤ ناتوانێت چرکەیەك بوەستێت بۆئەوەی بەراوردێك لە نێوان خێراییە دەبەنگییەکەی و خێرایی خۆر و باو دەریای بێدەنگی ئارام بکات. پێویستە مرۆڤ هاوار بکا و بانگ بدا و پێبکەنێت بۆ پێدانی ئازایەتییەك بە خۆی.

هەروەکو ئەوەیە ئەو دیاردانە لە کۆتایی نەیەن و دەبینی مرۆڤیش لەگەڵ هەموو هۆیەکانی دەرهێنان بەریەك دەکەوێت. کلاکس، زەنگەکان و فیکەلێدان و، هەموو فیکەکانیش لەوە دەچن لە ڕیتمێکی بەردەوامدا هاوار بکەن. "هەر ئێستا بڕۆ بۆ کار– هەر ئێستا بڕۆ بۆ کار" ئەوە وەك ئاوازێکی مۆسیقی وایە بە بەردەوامی لەگەڵ زیادبوونی هەمیشەیی لە هێزەکەیدا عەزف دەکرێت. ئێمە بەشێکین لەم ڕیتمەدا. ڕۆیشتنمان بە خێرایی لە زیادبووندایە و هەناسەشمان هەروا، هەر وشەیەکیش کە دەیڵێیت و دەردەچێت هەروەکو ئامازەکانی ڕادیۆیە و، بە هەمان خێرایی وەڵامت دەدەنەوە. لە کۆتاییدا دەگەین بە دەرگای باڵەخانەی ئیمپراتۆریەت و خۆمان دەبینینەوە کە ناکۆکین لەگەڵ یەکتردا، زەحمەتە لە تەزووی دەستەکان و قاچەکان و ڕووخسارەکان بە دووربکەوینەوە و بچینە ژوورەوە و دوای هەوڵ و ڕەنجێکی زۆر دەچینە ژوورەوە. لە یەك چرکەدا خۆمان لەناو پەیژە (مصعد)دا هەروەك صندوق دەبینینەوە –هەروەك ئەوەیە کە بە چەقۆیەك لەو جیهانەی وازمان لێهێناوە پچڕاین، من دەتوانم ئەو هەستە (الاحساس) بە جووڵەی (فۆرت فۆرتسیمۆ) لە ئۆرکێسترادا بەراورد بکەم، کە دەستی مایسترۆ

چـنیویەتی (اقتطفتها) بۆئـەوەی بیـدات بـە کۆمـەڵێك کەمانچە. ماوەی مانەوەی ئەو هەستە نازانین. ئێمە بە تـــەنیایی و بـــە خێرایـــی دەچـــینە بۆشـــایی و، پەیـژەکانیش دەگـۆڕین و جـارێکی تـریش بـە خێرایـی سەری دەکەوینەوە.

ساتی سەرکەوتن بۆ نهۆمی دووەمی دوای سەد لە چـاو ترووکـان دەچـێت. خەریکـە دوو چـرکە لــە بێـدەنگیو پشـوودانداا تێدەپـەڕێت و، ئینجـا دەرگـا دەکرێتــەوە. وە خۆمـان لێـرەدا بـە هەڵواسـراوی لــە بۆشـاییدا دەبینینـەوە کـە لـە ڕێگـەی توانـای مرۆڤـەوە بووە و، بە هۆی هەوڵ و ڕەنجی مرۆڤەیشەوە لە زەوی جیابووینەتەوە. هەرچەندە سـەیری ئاسمان دەکـەین، خۆشـە بـۆ فیکـر و چـاو. بـە ناچـاری هـیچ کارێـك یـان سـنوورێك قبـوڵ ناکـەین و، یەکسـەر خۆمـان لەسـەر بــەرماڵێکی ئەفســوناوی دەبینینــەوە بۆئــەوەی لــە هەواداو لەسەر ئیقاعی بایەك مەلە بکەین، کە ئـەویش لـەوە دەچـێت بـە یـەك وشـە گـۆرانی بڵێـت لـە مـاوە یەکسانەکاندا کە ئەویش وشەی "بۆشایی"یە. هەست دەکەین گیانمان بروسکەئاسا بەرزبۆتەوە بۆ سـەرەوە. لە ئازارەوە بۆ پشوو.

کچ: وە "چۆن" بەرپرسیارە لەو بروسکەیە؟ بۆ سەرەوە لە چاوتروکانێکی ئەو بروسکەیەی کەوا دیارە ئەو ئەنجامە بە پێزە بەرهەم دەهێنێت.

من: تۆ دان بە جوانیدا نانێیت؟ گرنگییەتی (چۆن) نابینیت؟

کچ: بەڵێ (بە هێواشی بیردەکاتەوە) گرنگێتی بە نیسبەت بۆچی؟

من: بە نیسبەت پیشەکەمانەوە.

کچ: بە جددیتە؟

من: ئەوەندە جددیم هەروەکو ئەوەیە کە نوکتەیەکت بۆ دەگێڕمەوە.

کچ: چۆن بزانم. ئەوە تەنها نوکتەیە. بە ڕاستی پێکەنینم بە بیرۆکەی "چۆن" دێت.

من: تۆ دەربڕینێکی زانستیانەی بەربڵاوت دەوێت بۆ وشەی (چۆن) کە خراپ بەکارهێندراوە؟

کچ: خۆشحاڵم بە زانینی ئەو دەربڕینە.

من: ئیقاع.

کچ: "گەڕایەوە سەر جوانییە سروشتییەکەی خۆی" ئەو ناوەم بەر لە ئێستا بیستووە، بەڵام دیدارەکە دڵخۆشی نەکردم.

من: منیش (جاکس دالکرۆز) زۆر قسەی لەگەڵدا کردووم سەبارەت بە ئیقاع لە مۆسیقا و لە سەمادا،

ئەم دوو هونەرە بە تەواوەتی پشت بە ئیقاع دەبەستن. کتێبێکم بینی لەسەر ئیقاع لە تەلارسازی، بەڵام وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. لەم دوو سەرچاوەیە زیاتر سەرچاوەی ترم بەرچاو نەکەوتووە لە بارەی ئەم توخمە گرنگە لە هونەرەکاندا. ڕەخنەگرەکان جاروبار باس لە ئیقاع دەکەن لە نیگارو هونەری هەڵکۆڵیندا، بەڵام کەسێك لەوانە ماهییەتەکەی شی نەکردۆتەوە. لە شانۆشدا وشەی (کات دانانەوە)ی میکانیکی شوێنی ئیقاع دەگرێتەوە بەڵام هەرگیز پەیوەندی بە ئیقاعەوە نییە. ئەگەر بێتو شکسپیر ئەو دوو توخمەی بنووسیایە دەگوترا

ئیقاع- شای هونەرەکانە

کاتیش- برا کوشتەیەتی

کچ: ئەوە زۆر جوانە. ئێستا دەمەوێ هەموو شتێك لە بارەی ئەم دوو توخمە بزانم.

من: تۆ باوەڕناکەی من چەند سەعات بە دوای پێناسەیەکی باش گەڕام بۆ ئیقاع تاکو پراکتیزە بکرێت لەسەر هونەرەکان.

کچ: ئایا سەرکەوتیت؟

من: هێشتا سەرنەکەوتووم. نزیکترین پێناسە کە پێی گەیشتبم ئەوەیە کە دەڵێت "ئیقاع ئەو

گۆڕانکارییە ڕێك و پێکانەیە (المنظمة) کە دەشێ بپێورێت لە سەرجەم ئەو توخمانەی کە کاری هونەری بە خۆوەی گرتووە. بە مەرجێك ئەو گۆڕانکارییانە ببنە هۆی وروژاندنێکی پلە بە پلە بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەر و بەدیهێنانی مەبەستی کۆتایی بۆ هونەرمەند.

کچ: دیارە ئەمە تەنزیم کراوە.

من: چونکە سەرەتای بیرۆکەیە. من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە ئەمە دوا پێناسەیە. تکا دەکەم بیری لێ بکەیتەوە و هەوڵی دۆزینەوەی پێناسەیەکی باشتر بدەیت. پرسیار لە برادەرەکانت بکە و سوپاسیشت دەکەم. هەموومان سوپاست دەکەین. بەڵام لە هەمان کاتدا دەمەوێ پەلاماری ئەو پێناسەیەش بدەیت، ئەوەش وام لێدەکات کە داکۆکی لێ بکەم.

کچ: بە ئارەزووی خۆت. تۆ یەکەم جار دەڵێیت "ئەو ڕێکییەی کە دەکرێ بپێوین" بەڵام گریمان من هەوڵ دەدەم جۆرێك لە ئاژاوە دروست بکەم یان بنێمەوە "ئەوە چۆن تەنزیم دەبێ و دەپێورێت؟

من: تۆ وشەی گۆڕانکاریت لەبیر دەچێت. کارە هونەرییەکەت (ئاژاوە) دەبێ لە کۆمەڵێك جووڵەی ناکۆك بە یەکتر پێکبێت. جووڵەکانیش لەوانەیە بە

پێی ئەو پلەیە بێت کە تۆ لە ڕێکنەخستنی داوای دەکەیت، بەڵام گۆڕانکاری لە جووڵەیەکەوە بۆ ئەوی تر دەبێ ڕێك و پێك بێت. ئەوەش تەنها کەسانی بلیمەت پێیان دەکرێت. ئەگەر بێتو فریسکۆی (مایکل ئینجیلۆ)ت هێنایەوە بیری خۆت لە بنمیچی (سقف) کڵێسەی سباستیاندا، ئەگەر بێتو لەسەر زەوییەوە سەیرت کرد بۆ سەرەوە، بە بیرت دێتەوە کە بیرۆکەیەکی کامڵت پێدەدات سەبارەت بەو ئاژاوەیەی کە هێمایە بۆ ئەفراندن. ئەگەر بێتو وێنەیەکی ئەو فریسکۆیەت گرت و لەسەر مێزەکەی پێش خۆتت دانا، تەنها سەیرکردنێك بۆی بەس بوو بۆئەوەی باوەڕت پێ بهێنێت کە ئاژاوە سیستەماتیکیانەتر گۆڕانی بەسەردا دێ و شیاوی پێوانەشە.

کچ: من بە فیعلی ئەمەم بیرکەوتەوە تۆ ڕاست دەکەیت. بەڵام بە وریاییەوە پێت دەڵێم مەبەستت لە گۆڕانکاری مەبەستت جیاوازییەکانە؟

من: نا. نا. مەبەستم جیاوازییەکان نییە بەڵکو گۆڕانکارییەکانە. بە هێنانەوەی یان بەکارهێنانی نموونەیەکی تر ڕەنگە بتوانم باشتر بۆت شی بکەمەوە. تابلۆی دوا نانخواردنی ئێوارەی لیۆناردۆت بە بیر دێتەوە؟

کچ: زۆرباشم به بیر دێتەوە. دیراسەی جووڵەی دەستەکانم لەو تابلۆیەدا کردووە و لە دڵەوە دەیزانم و دەشتوانم سەربەستانە و بە شێوەیەکی سروشتی بەکاری بهێنم.

من: ئەوە زۆر باشە. هۆکار لێرەدا دەستە. شوێنی خۆی بیست و شەش جار دەگۆڕێت. بیست و سێی دیارە و سێیشی ونە. ئەگەر بێتو تۆ ئەم شوێنانە لە دڵی خۆت بزانیت و دەتوانیت بە ئاسانی بیانگۆڕیت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی و لەگەڵ هەموو گۆڕانێکیشدا واتاکەت نیشاندا تۆ ئیقاعێکی باش دەهێنیتە دی بۆ ئەو تابلۆیە جوان و قەشەنگە.

کچ: باشە ئەوە دەقاودەق لەوە ناچێت کە (ئیرادۆرا دەنکان) دەیکرد و ئێستاش (ئەنجتائەنترز) دەیکات؟

من: بەڵی. دەقاودەق وایە.

کچ: ئاوا. پرسیارێکی دی. لە تابلۆی نانخواردنی ئێوارەدا دەستەکان دەگۆڕێن بەڵام لە هەمان کاتدا جێگیرن. گوزارشتی ئیقاع لەسەری پراکتیزە دەکرێت؟ ئیقاع لەسەر جووڵە پراکتیزە ناکرێت.

من: ئیقاع سنووری بۆ نییە. چیای بەفرین هەموو سەدەیەك بە تێکڕایی دوو ئینج دەجووڵێت. چۆلەکەش لە خولەکێکدا دوو میل دەفڕێت،

هەردووکیشـــیان ئیقاعیـــان هەیـــە. وە ئەگـــەر بێتـــو بیرۆکەکـەت فـراوانتر کـرد لـە چـیای بەفرینـەوە بـۆ جێگیربوونێکی تـەواو و لـە چۆلەکەوە بۆ خێراییـەکی بروسـك ئاسـا، ئـەوا ئیقـاع دەیانگرێتـە خـۆی. بـوون خۆی پێویستی بە ئیقاعە.

کچ: ڕات چییە لەسەر توخمەکانی.

من: ئەوە ئاسانە، ئەو توخمانە خۆیان حووڵەن و، ئاواز و شێوە و وشە و جووڵە و ڕەنگ و هـەر شتێکی تری کە کاری هونەرییان لێ دروست دەکرێت.

کـچ: وە ئـەو گۆڕانکاریـە سیسـتەماتیکیانەی کـە شــیاوی پێــوانن چــۆن پراکتیــزە دەکرێــت لەســەر ڕەنگەکان لە تابلۆکاندا؟

مـن: بـۆ نموونـە تـابلۆی جـانز بـۆرە (کـوڕی شـین) وەربگـرە، ڕەنگـی زاڵ شـینە، بـۆ چـەندین جـاری لـە ژمـارە نـەهاتوو دەگۆڕێـت. هـەموو جـارێکیش گـۆڕان ڕوون و ئاشکرا دەبێت و لەوانەیە بەرچاویش نـەبێت. ئـەو گـۆڕانێکی ڕێکوپێکـە، سـەدان لاسـایی کـەرەوە ویستوویانە ئەو شینییە بپێون کە هەموو جارێك زیاد دەبێت یان لە زیادبووندایە. بەڵام هەمیشە فەشەلیان هێنـاوە، ئەگەرچـی ئـەوەش مانـای ئـەوە نییـە کـە ناپێورێن، چونکە هەر دەکرێ جارێکیان بپێورێن.

کچ: به هەمان نموونه بەردەوام به. چۆن دەکرێ بۆ گۆڕانکارییەکان لە ڕەنگی شین "پلە بە پلە بایەخپێدانی بینەر بوروژێنێت؟".

من: بە سادەیی ئەوەی کە تۆ خۆشەویستی سەیرکردن لەودا بوروژێنێ بۆئەوەی سەیری ڕەنگە ناشینەکە بکات.

کچ: مەبەستت.

من: ڕەنگی سووری زەرداوی "گۆشتی"یە کە لە دەم و چاوی یان ڕووخساری کوڕە شینەکە بەکاری دەهێنێت.

کچ: ئەوە ڕاستە، لە هەمان کاتدا ئاماژەبە (مەبەستی کۆتایی دەکات بۆ هونەرمەند) کە ڕووخساری هەمان کوڕە.

من: ئایا لە بەرەنجامدا هەر دەبێ تۆ بە پێش من بکەویت؟

کچ: ئافرەت نەدەبووم ئەگەر بێتو حەزم لە وشەی کۆتایی نەبووایە کە بۆ من بێت.

من: کەمترین شت کە دەتوانم بیکەم ئەوەیە کە وات لێ بکەم باوەڕ بە وشەی خۆت بهێنی کە کۆتاییە.

کچ: مەبەستت چییە کە وام لێبکەی باوەڕەت پێ بکەم؟

من: من هێشتا قسەکانی خۆمم لە بارەی ئیقاعەوە تەواو نەکردووە.

کچ: ئاە. ئەوە ڕاستە. ئەوە مانای ئەوەیە کە من وشەی کۆتایی تر دەڵێم.

من: تکا دەکەم، ئەوە بکەیت.

کچ: من دڵنیام لەوە. بۆئەوەی بۆت بسەلمێنم هەندێك وشەی سەرەتاییشت بۆ دەڵێم، فەرموو ئەوە یەکەمیان. کاتێ من لە شانۆدا ئیشم دەکرد، بە یارمەتیت شانۆی ڕاستەقینە، ئەو (تەمبۆ)یە کۆنە بە سوودەم لەوێ دۆزییەوە. ماوەیەکی کەم دەبێت کە ئەم (تەمبۆ)یەم توڕهەڵداوە. بەڵام لە واقعدا ئەو زۆر جار توانیویەتی ڕزگارم بکات کاتێ کە نەمزانیوە چی بکەم.

من: (بە ڕاستی دڵخۆش بووم) بەڵی بە تەواوەتی وایە، کاتێ کە نەتزانیوە چی بکەیت، شانۆگەری وام دیوە، ئەو ئەکتەرانەی کە دەوریان تیادا بینیوە نەیانزانیوە بە یەکجاری چی بکەن، چونکە تاکە توخمی کە لەو سێ پەردەیەدا دۆزیومەتەوە (تەمبۆ) و ڕزگارکەری دیکەیە کە ئەویش ئاوازە یان لەرینەوەیە (تنغیم). (دەستم لەسەر شانی دادا) دۆستی زێدە

ئازیزم، بۆ خۆت واباشترە وشە کۆتاییەکانت بەس بێت.

کچ: تۆ ترسناکی. لە شانۆی بازرگانیدا ئەکتەری بەستەزمان دەرفەتێك نادۆزێتەوە بۆئەوەی بە ئارەزووی خۆی کاربکات.

من: نەخێر. دەبێ پەنا بباتە بەر درۆکردن بۆ دیاریکردنی هەڵوێستێکی سادە و تیاشیدا خێرابێت لە ڕاستگۆییدا، لەوکاتەدا دەتوانێت لە سروش (وحي) ئەوە بدۆزێتەوە کە پێویستە لەسەری بیکات. ئەو شتانە بە کردەوە لە ژیاندا ڕوودەدەن. تۆ بە دیداری کەسێك دەگەیت نازانیت خەڵکی شارە، کەسێکە و ناتەوێ دیدرای لەگەڵدا بکەیت، یەکسەر و خۆکردەکیانە یان لە خۆتەوە خۆت دەبینی نواندن دەکەیت. تۆ ئامارژە وەردەگریت. ئەوە کە دانەر لە تۆی دەوێت وەڵامە خۆکردەکییەکانە لەسەر ئامارژەکانی ئەو.

کچ: بەڵام مرۆڤ لە کوێ ئەو خۆکردەکییە بەدەست بهێنێت.

من: لە هەستی گەشەکردووی ئیقاعدا بە دەستی دەهێنێت، نەك لەو تەمبۆیەی کە مانای جووڵەی لەسەرەخۆ یان خاوو ناوەندی و خێرایە، ئەوە

سنووردارە. لە کاتێکا و لە لایەکی ترەوە دەبینین بۆ ئیقاع ئاوازێکی بەردەوام و بێ کۆتایی هەیە. هەموو شتە خوڵقێندراوەکان بە ئاواز و بە گواستنەوەی شتێك بۆ شتێکی لەخۆی گەورەتر دەژیت. بۆ نموونە سەیری ئەم بڕگەیە بکە:

بە ڕاستتە.. تۆ درۆ دەکەیت! تۆ ناوت (کات)ە، کاتی ڕۆشنکەرەوە، جاروبار کاتی مەلعون، بەڵام کات، جوانترین کات لە جیهاندا لە کات هۆل دایە، کاتی بچووك و نەرم و نیان و هەرچی بچووکەکانی پێدەڵێن، لەبەرئەوە ئەی کات لێم گەڕێ با پێت بڵێم ئەی کات سەلوای. لە بارەی لوتفی تۆوە بییستوومە لە هەموو شوێنێك باسی دەکەن و باس لە سیفاتە جوانەکانیشت دەکەن و گۆرانییان بەسەر جوانیەکەشتدا هەڵگوتووە، بەڵام حەقیان نەداوەتە جوانییەکەت و منیش کاری ئەوەم تێکڕا بگرە بتکەم بە هاوسەری خۆشم.

ئەو بڕگەیە هەروەکو دەزانیت لە دیمەنی یەکەمی پەردەی دووەمی شانۆنامەی (دەستەمۆ کردنی مێینەی پڵنگ)دایە. لەوانەیە ئەو بڕگەیە بێزراترین بەشەکانی ئەم شانۆنامەیە بێت، ئەگەر بێتو ئەکتەرێك نواندی کە هەستی ئیقاعی نەبوو. لەگەڵ زیادبوونی

خێراییەکەی بێزارییەکەشی زیاد دەبێت. بەڵام بیستم لەو ماوەیەدا ئەکتەرێك دەینواند و دەیزانی بەهای گۆڕانکارییەکان چۆنە لە وشەی ئاساییەوە بۆ وشەی ڕۆشنکەرەوە و لەوێشەوە بۆ وشەی مەلعون. هەروەها. دووپاتی دەکەمەوە وا هاتە بەرچاوم کە ئەم کورتترین شت بێت لە ژیانمدا بیستبێتم. لێشاوی گۆڕانکارییەکان بوو! قومێك لە سەرسوڕمان (الاعجاب) بوو –کورتترین کاتە کە بۆ پێوانەکردن لە شانۆدا هەبێت. باشترین هۆی پێوانەکردنیش بۆ جیاوازیکردن لە نێوان (تەمبۆ و ئیقاع)دا ئەو بڕگە (مەنەلۆژەیە) کە کلاودیۆس لە هاملێتدا دەیڵێت:

ئاە، تاوانی من شوێنی خۆمە و دەگاتە ئاسمان و کۆنترین لەعنەتیشی لەسەرە. کوشتنی برا! دەتوانم ئەوە نەکەم ئەگەر چیش ئارەزووەکە کەمتر نییە لە ئیرادەکە، بەهێزترین تاوانم زاڵ دەبێت بەسەر نییەتی بەهێزمدا، هەروەکو پیاوی دوو ئیشە سەرگەردان (حائرا) دەوەستم و دەڵێم لە کوێوە دەست پێبکەم و هەردوو کارەکە واز لێ بهێنم..

بە پێی مەجال دیراسەی ئەو بڕگەیە بکە. ئایا ئێستا ڕوونە؟

کچ: یەك شت ڕوونە. مەشقی زۆرتر لە دواڕۆژدا.

من: با وشەی دوایی بۆ تۆ بێت، چییە؟

کچ: هەر شتێك کە یارمەتیم دەدات "بەرەبەرە بایەخی بینەری خۆم بوروژێنم".

من: براڤۆ! تۆ نێچیرێکی ڕازی. لەو حاڵەتەدا کارەکە ئاسانتر دەبێت. بۆئەوەی ئەکتەر لە خودی خۆیدا هەستی ئیقاع گەشەپێبدات هەر دەبێ بە ئاسانی و بە هەموو جەستەیەوە خۆی تەسلیم بەو ئیقاعە بکات کە لە ژیاندا ڕووبەڕووی دەبێتەوە یان بە ڕەنگاری دەبێتەوە. بە مانایەکی تر نابێ ڕێگر لەبەردەم ئیقاعی دەوروبەر هەبێت.

کچ: بەڵام بۆئەوەی ئەوە ڕووبدات، دەبێ مرۆڤ شارەزاییەکی باشی لە ئیقاعدا هەبێت و لێی بزانێت. گریمان من کەڕم و گوێم لە ئیقاع نییە و هەستیشی پێناکەم. چی بکەم؟

من: خێرا بڕۆ بۆ کڵێسە و بەماڵئاواییەوە.

کچ: ئاه. تکات لێدەکەم. بە ڕاستی پێم وایە من هەستی ئیقاعم کەمە یان هەر نیمە.

من: تۆ هەڵەی. بەردێك بێ هەستی ئیقاع نییە. لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر کەمی ئەکتەر ئەو هەستەیان نەبێت. بەڵام ژمارەیەکی زۆر سادە. هەموو تاکێکی ئاسایی ئەو هەستەی هەیە. لەوانەیە جاروبار

گەشەنەکردوو یان خاو بێت، ئەوە ڕاستییە! بەڵام کەمی مەشقکردن بەدەریدەخات.

کچ: ئێستا ئازارم مەدە، پێم بڵێ چۆن؟

من: پەلەم لێ مەکە، ئەوە بابەتێکە و لە هەموو ئەو بابەتانە ناخۆشترە کە شیاوی شیکردنەوەن، چونکە ئاسان و گشتییە. منداڵ بەو دیاردەیە لە دایک دەبێت. هەناسە دەدات و، ئەوەش سەرەتایەکی عادیلانەیە سروشت بۆ ئێمەی موتابەعە دەکات. یەکەم گەشەکردنیش لە دوای ئەوە لە ڕۆیشتندا دەبێت و دووەمیش لە قسە و گفتوگۆ و سێیەمیش لە سۆزەکاندا دەبێت. هەنگاوی یەکەم، ئینجا وشەی یەکەم و سۆزی یەکەم، دەگۆڕی بۆ هی تر ئینجا سێیەم، هەموویان بە هەمان پشتگیری (الولاء) و، هەر هەموویان یەك مەبەستی کۆتاییان هەیە. ئەوە ئاستی یەکەمی ئیقاعە کە هەستە. ئاستی دووەم لەو کاتەوە دەستپێدەکات کەهێزە دەرەکییەکان دەست بە سەپاندنی ئیقاعی خۆیان دەکەن بەسەر ئێمەدا. کاتێ جووڵە دەکەیت یان دەڕۆیت یان ئاماژە لەگەڵ من یان لەگەڵ ئەوانی دیدا دەکەیت. کاتێ لە ناو کۆمەڵێکدا (طابور)دا دەڕۆیت یان برادەرێکت دەبینی، کاتێ سەلام لە دوژمنەکەت دەکەیت. کاتێ وشەکانی تر

وەڵامــی وشــەکانت دەدەنــەوە و لەگــەڵ خــۆت هــەڵت دەگریّ یان ناچارت دەکات بوەستی. ئەوکاتە دەبێت کــە ســۆزەکانی تــۆ وەڵامــی ڕاســتەوخۆ و ئــەنجامی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ هەستی کەسێکی دیکە.

کچ: ئاستی سێیەم چییە؟

من: ئەوکاتە کامڵ دەبێت کە ئەفراندن دەکەیت و زاڵ دەبیت بەسەر ئیقاعی خۆت و ئیقاعی کەسانی تردا. پەلە مەکە لە بەدیهێنانی ئەو ئەنجامی کۆتاییە. خوێندکار نابێ لە سەرەتاوە هەموو شتێك بکات، بەڵکو لە ئاستی دووەمەوە دەستپێبکات. ئەوەی پێویستە لەسەری تێبینیکردنی ئەو دیاردانەیە لە ژیانی گشتیدا و کۆکردنەوەیەتی لە عەقڵی خۆیدا. دەبێ گرنگییەکی تایبەت بدات بۆ ئەنجامەکانی ئیقاعە جۆراوجۆرەکان. باشترە لە مۆسیقا وە دەست پێبکات چونکە ئیقاعەکەی ڕووون و دیارە. بڕۆ بۆ ئاهەنگە مۆسیقییەکان یان لە شەقام گوێ لە پیانۆ بگرە، ئەوەندەت بەسە. بەڵام بە هەموو بەشەکانی جەستەکەتەوە گوێی بۆ شل بکە و تەواو خاو و ئامادەش بە بۆئەوەی ئاوازی مۆسیقییە جێگیرەکان بۆ لای خۆیان ڕای بکێشن. خۆت تەسلیم بەو سۆزانە بکە کە ئەو ئاوازانە ئەگرنەخۆ، وازی لێ بهێنە، بە

گــۆرانی مۆســیقاکه خۆشــیان دەگــۆڕێن. نــەرمی و گوێگرتن گرنگترین شتە. ئینجا موتابەعەی مۆسیقاکە بکە بە هونەرەکانی ترەوە. ئەوەش ڕۆژانە ڕوودەدات.

کــچ: (لــە خۆشــییەکی بەردەوامدایــە و هــەروەکو ئەوەیە کە (٢+٢=٤)ی ئاشکرا کردبێت).

من ئێستا دەزانم. ئەوەیە کە لێرە و لەم بەرزاییە بۆ من ڕوویدا. بە تەواوەتی وازم لە خۆم هێنابوو یان شل ببووم بۆ ئەو گۆڕانە گەورەیە لە ئیقاعدا، کە بە پەلە و بە لێزانینەوە.

مــن: بــە کاریگەرییــەکی بــەهێزیش بــوو. وەك ئــەو گۆڕانکارییــە کــار لەســەر هــەموو بوونــەوەرێك دەکــات بگــرە ئەگــەر بێتــو فیلــیش بێــت. بۆیــە تــۆ شــتێکی زیرەكو عاقڵانەت نەکردووە.

کــچ: ســوپاس بــۆ ئــەو پیاهەڵگوتنــە (الاطــراء) بــە ڕێزو ئازیزم، بەڵام ئەوە نابێ دوا وشەت بێت. گریمان من توانیم هەست بە مۆسیقا بکەم، دوای ئەوە بەرەو کوێ بچم؟ بۆچ شتێك دەبێ هەستیاریش بێت دوای ئەوە؟

من: تۆ ئێستا بە فیعلی هەست بە بازدانی هەزاران پێ دەکەیت لە ئاسماندا.

کچ: تکات لێدەکەم.

من: تۆ هەست بە ئیقاعی شەقامەکانی نیویۆرك دەکەیت. خەریکە پێش منیش دەکەویت.

کچ: بەڵام هەست بە گاڵتەکەت ناکەم! بەڵکو هەراسانم دەکات.

من: ببورە کە جارێکی تریش نائومێدت دەکەم (بێگومان ئێستا جددییە) بەڵکو هەست بە گاڵتەکەی من دەکەیت چونکە دەنگی خۆت و خێرایی وشەکان و ماوەی پاڕانەوەت لە پرسیارەکەتدا گۆڕی. ئیقاعی خۆت گۆڕی.

کچ: ڕۆژێك لە ڕۆژانیش فێردەبم کە چۆن گفتوگۆت لەگەڵدا بکەم. تکا دەکەم پێم بڵێیت. دوای ئەوەی توانیم بە ئاسانی و سەربەستییەوە گونجانێك لەگەڵ مۆسیقادا بکەم، دوای ئەوە بایەخ بە چی بدەم؟

من: (بە سۆزەوە داوا دەکات و بە پێی وەسفەکە دەبێت و دەسوورێتەوە و ئیقاعی خۆم دەگۆڕم. دەستی دەگرم و دەیسووڕێنمەوە بەلای دیوارەکەدا) ئێستا سەیرم مەکە، برادەرە ئازیزەکەم، بە گوێی ناوەوەت یان بە نەستەوە سەیری بۆشایی بکە. مۆسیقا و هونەرەکانی تر کە بە ڕێگەیەکی سروشتیانە موتابەعە دەکەن ڕێگەیەکی کراوەیە بۆ گشت جیهان و، هیچ شتێکت لە دەست دەرناچێت.

گوێ لە شەپۆلی دەریا بگرە! گۆرانە زەمنیەکانی بە لەش و عەقڵ و ڕۆحی خۆت هەڵمژە. لەگەڵ ئەو شەپۆلەدا قسە بکە هەروەکو ئەوەی (دۆمۆسترۆ) دەیکرد و لە دوای هەوڵی یەکەم لاواز مەبە. وا لە مانای وشە و ئیقاعەکەی خۆت بکە کە تەواوکەری دەنگە ئەبەدییەکەی (سرمدي) شەپۆلەکە بێت. ڕۆحی چاك بکەرەوە و هەست بە هەستەکەی بکە ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت. ئەوە دەبێتە هاندەرێکی باش بۆئەوەی لە دواڕۆژدا بتوانیت گوزارشت لە دەورە ئەزەلییەکانی ئەدەبی جیهانی بکەیت. ئەزموونەکە لەگەڵ دارستانەکان و کێڵگەکان و ڕووبارەکان و ئەو ئاسمانە دووبارە بکەوە کە سێبەرت بۆ دەکات —ئینجا بڕۆ بۆ شار و بهێڵە ڕۆحەکەت تێکەڵ بە دەنگەکەی بێت یان لە دەنگەکەیدا قووڵ ببێتەوە هەروەکو چۆن لە ژاوەژاوەکانیدا قووڵ بوویتەوە. شاری بچووکی ئارامی خەون ئامێزت لەبیر نەچێت. لە دواییشدا مرۆڤت لەبیر نەچێت. هەست بە هەموو گۆڕانێك بکە لە دیاردەی بوونیاندا. ئەو گۆڕانکارییە هەمیشە بە ئاستی نوێی ئیقاعەکەت بەرەنگاری ببۆوە. ئەوە نهێنی بوونە، نهێنی هێز و چالاکییە. ئەوە جیهانی ڕاستەقینەیە! لە بەردەوە بۆ ڕۆحی مرۆڤ. شانۆ و

ئەکتـــەر تـــەنها وەك بەشـــێك خۆیـــان دەئاخنـــە ئـــەو وێنەیـەوە. بـەڵام ئەکتـەر ئەگـەر نـەبێت بـە بەشـێك لـەو ناتوانێت هەمووی بنوێنێت.

کچ: (بە خەمەوە بیردەکاتەوە) من غەمبارم.

من: بۆچی؟

کـچ: چـونکە بـۆ مـاوەی چـەند مـانگێکی تـریش خەریك دەبم.

من: بـەڵێ، بـەڵام تـۆ بـە بـەردەوامی دەزانیـت دوای ئـەوە چـی دەکـەیت، ئایـا لـەوەدا هەنـدێك پرسـە بـەدی ناکەیت؟

**کچ: بێگومان. سڵاوم هەیە بـۆ "چـۆن" ئایـا ئێسـتا دێتە خوارەوە. "ئەو پەیژەیـە دەبـەین کـە بـە خێرایـی دادەبـــەزێتو، شـــەقاممان قـــووت دا و، ئیقاعمـــان دەگۆڕین".**